
گوڵان
www.gulan-media.com
پەیامی ئەمڕۆ و سبەی


# کوردستان بەماوەیەکی کەمتر لەئەڵمانیا و ژاپۆن خۆی بونیاد دەنێتەوە







بەسەرهاتی پیاوێک ژنهێنان وەک بازرگانیکردن تەماشا دەکات



د.نازەنین فائق: هێشتا هۆکاری ١٠-٢٠٪ی هۆکاری نەزۆکیی ئافرەتان نەزانراوە



وەرزش لە بەندیخانەی مەحەتە بـۆتە هۆکارێک بۆچاکسازی کردن



پیاوێک بووە دایکی دوو منداڵ



ڤیڤیان عازار:
له پێشکەشکردنی هونەردا
هەموو کەس ئازادە

■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فوئاد سـدیق**
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
**شوان تاڤینگ**
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ و دیزاین
**لوقمان ڕەشیدی**

■ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان
**سالح عومەر قادر**
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
د. عادل حوسێن: تەندروستی
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

گوڵان
ژمارە (٧٣٨)
٢٠٠٩/٦/٢٢

■ ناوونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)

# گیروگرفتەكانی حوكمڕانی عێراق..

# (بیروباوەڕی) پارتە سیاسییەكان و (گرێ)ی زۆرینە



**فەیسەڵ دەباغ**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

كاتێ نوری مالیكی سەرۆك وەزیران سەبارەت بەحوكمی زۆرینە و كۆتاییهێنان بە قۆناخی (تەوافوقی سیاسی)، بیروبۆچوونی خۆی خستەڕوو، وا پیشانی خەڵكی دا، كەئەمە لە ئەنجامی ئەزموون و شارەزایی سێ ساڵەی خۆیەتی لە حوكمڕانی عێراق، ئەو سێ ساڵەی كە كۆتكرابوو بەتەوافوقێكی زۆرە ملێ لە ناوەندێكی حكومی هەڵوەشاوەوە، لەكاتێكدا دەورپشتی مالیكی بۆ وەسفكردنی حكومەتەكەی دەستەواژەی حكومەتی یەكێتی نیشتمانییان بەكاردەهێنا، بەڵام لەگەڵ كۆتایی هاتنی ئەم قۆناخەی حوكم و خۆئامادەكردن بۆ كایەكی نوێی هەڵبژاردن ئاستی دروشمەكانیان بەرز كردۆتەوە، بەتایبەتی لە ژینگەیەكی هەڵبژاردن كە ئەستەم رابینینی ئەنجامەكەی بكرێ.

ئەم دروشمەی مالیكی و دەورووبەرەكەی، هەر زوو لەلایەن پیاوی ئایینی و سەركردە لە ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی سەدرەدین قوبەنچییەوە قۆزرایەوەو ئەویش بەرۆڵی خۆی دروشمی (مافی شیعە وەك زۆرینە لەحوكمڕانی عێرق) بەكارهێنا، جیاوازی نێوان ئەو دوو دروشمە لەوەدایە كە مالیكی دەیەوێ دەست بە هەڵمەتێكی پێشوەختەی هەڵبژاردن بكات و واپیشانی لایەنە سیاسییەكانی دیكە بدات كە گەلی عێراق لەگەڵ سیستەمی سەرۆكایەتی و دەسەڵاتێكی بەهێزدایە، كەچی قوبەنچی دەیەوێ تیۆری حوكم لە سوچی پتەوكردنی رۆڵی پیاوانی ئایینی بخاتەڕوو كە پێی وایە بەبێ ریشەداركردنی حوكمی تایفە ئەوانە ناتوانن دەست بەسەر سیاسەتدا بگرن.

بەمەبەست بێ یان نا، ئەو دوو زاتە یەك بیرۆكە كۆیان دەكاتەوە، ئەو بیرۆكەیەی كە لە گەوهەری خۆیدا تەنگژەی حوكمڕانی لە عێراق و گیروگرفتەكانی دەخاتەڕوو، تا رادەیەكی زۆریش توانیویەتی ناوەندی سیاسی عێراق دابەش بكات، بەتایبەتی لە نێوان ئەوانەی لاگیری حوكمی زۆرینە دەكەن و ئەوانەی كە بە دیموكراتییەتی تەوافوقی پابەندن، لەراستیدا هەردوو ئاراستەكە چەند پاڵپێوەنەرێك دەیانبزوێنێ كە زۆر دوورن لە گەوهەری بیرۆكەی حوكم و دووریشن لەنموونە تازەكەی عێراق و هەردووكیشیان شەرعیەتێكی دیموكراتی دەدەنە ئاراستەكانیان.

كێ حوكمی عێراق دەكات؟ ئەم پرسیارە ماوەی سەدەیەكە دەخرێتەڕوو، كە لەوانەیە لە ڕووی دەلالەتی مێژوویی و گروگرفتە فەلسەفییەكانی بۆ سەردەمێكی كۆنتر بگەڕێتەوە.

مەكری بەریتانیا لەسەرەتای سەدەی رابردوو، واتە ئەو كاتەی كە دەوڵەتی نوێی عێراق دامەزرا، بوونی خۆی هەبووە، كاتێ ئەو دەوڵەتە توانی لە دەرەوەی پێكهاتە ئاڵۆزەكانی مەلیكێكی عەرەب بسەپێنێ، بەڵام خانەوادەی ئەو مەلیكە تا كۆتاییە خوێناوییەكەی لە رۆژی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بەدەستی عەسكەر نەیانتوانی وەڵامی ئەو پرسیارە هەڵواسراوە بدەنەوە.

هەتا عەسكەرەكانیش كە پێیان وابوو شەرعییەتی حوكم لەگەڵیاندایە، بە ئیعتیباری ئەوەی عەسكەر لە سەرووی ئینتیمای حزبی و هەر ئایدیۆلۆژیەكدایە و مافی ئەوەی هەیە بزوتنەوەی سیاسی و حزبی و كۆمەڵایەتییەكان بپارێزێ، جارێك بە پیادەكردنی نموونە توركییەكە و جارێكی دیكە نموونە ناسرییەكە، بەڵام ئەم عەسكەرانەش لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە ئەوانیش فەشەلیان هێناو و كۆتاییشیان زۆر جیاوازنەبوو لەگەڵ كۆتاییەكەی شەرعییەتی هاشمیدا، كاتێ كە عەسكەرەكان لە ئینتیمای نیشتمانی خۆیان لایاندا و زیاتر بایەخیان بە ئینتیمای نەتەوەیی دا، وەك شەرعییەتێكی ئەلتەرناتیڤ لە ناوەڕاستی شەستەكاندا، هەر زوو ئەوانیش كەوتنە داوی سیاسەت و ئیستیقتابی حزبی، بەمەیش دابەشبوونە سەر چەند گرووپێك، كە ئەمەیش وایكرد ئەوانیش بەدەست بەعسییەكانەوە بگەنە هەمان ئەنجام، ئەو بەعسییانەی كە توانیان دامەزراوە عەسكەرییەكە بۆ لێدانی حوكمی عەسكەر و دامەزراندنی شەرعیەتێكی نوێ بەكاربهێنن و لەمەشیاندا پشتیان بە بیرۆكەی بوون بە بەعسی و، حزبی سەكردە بەست.

كۆتایی هاتنی قۆناخی (حزبی سەركردە) و دەسپێكردنی قۆناخی (پیاوی سەركردە)، ئەویش چەند گۆڕانكارییەكەی دراماتیكی تیاكەوت هەر لە سەپاندنی دەسەڵاتی عەشیرەت، تا دەگاتە شەڕە دەرەكییەكان كە بە رزگاركردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ ئەو قۆناخەش كۆتایی پێ هات.

ئەمەریكییەكان وەكو بەریتانییەكان زۆر زیرەك نەبوون، بۆیە هەرزوو ئەوانیش كەوتنە داوی پرسیارەكە و عێراقیشیان خستە ناو ئەزموونی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە كە ناكرێ لە سایەی تێكچوونی چەمكەكانی ئینتیما و هاو نیشتمانی و رۆڵی حزبی سیاسی وپێگەی مەرجەعییەتی تایفە و نەتەوە وەڵامێكی ئەوتۆی بۆ بدۆزرێتەوە.

لە هەنگاوێكی كتوپڕدا، سەرۆك وەزیران، زنجیرە هێرشێكی بردە سەر پڕەنسیپی تەوافوقی سیاسی لە حوكمڕانیدا و رایگەیاند كە ئەو لاگیری حوكمی زۆرینەی هەڵبژێردرا و دەكات و دەستەواژەی دیموكراتییەتی تەوافوقیش شتێكی نامۆیە و پەیوەندی بە دیموكراتییەتی راستەقینە

نییە و بەڵکو دژیشێتی و بەرپرسیاریشە لە ئەنجامدانی کاری گەندەڵی.

مالیکی لەو هەنگاوەیدا، لەبیری نەچوو ئاماژە بە هاوبەشەکانی خۆی بکات. لە حوکمڕانیدا، لە سوننە و کورد و، هەروەها هاوبەشە شیعییەکەی (ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی) کاتێ گوتی: ئێمە لە پرۆسەی سیاسیدا پێویستمان بە چەند هاوبەشێك هەیە کە شەفاف و روونتربن، چونکە مەسەلەکە بەرگەی ئەوە ناگرێ کە تۆ هاوبەش بیت لە پرۆسەی سیاسیدا و لە هەمان کاتدا لە دژی بیت، پێیەکت لێرە بێ و پێیەکەی تریشت لەوێ، ئەمە تێکدان و رووخاندنی وڵاتە.

لە بەرامبەردا سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرگرییان لە پرەنسیپی تەوافوقی سیاسی کرد و پێداگیرییان لەسەر بایەخی هێنانەدی ئاشتەواییەکی راستەقینەی نێوان قەوارە سیاسییەکان کرد و تەئکیدیشیان لەوە کردەوە کە وڵات پێویستی بە پرەنسیپی تەوافوق هەیە، چونکە عێراق لە چەند تایفەو نەتەوە پێکهاتووەو ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش ئەوەیان سەلماند کە عێراق پێویستی بە تەوافوقی نیشتمانی هەیە لە نێوان پێکهاتە جیاجیاکانیدا، لەواقیعدا هەردوو تیۆرەکە چەند بنچینەیەکی بابەتیانەی تێدایە و لە هەمان کاتیشدا چەند بنچینەیەکی دیکەی بابەتەکیان پشتگوێ خستووە کە بەرای چاودێرانی سیاسییەوە، ئەمانەش بایەخی خۆیان هەیە.

قسەکردن لەسەر حوکمی زۆرینە، قسەکردنە لەسەر حوکمی تایفە، ئەمە لە دیدی نەبوونی چەمکی حزبی نیشتمانی و باڵادەستی چەمکی حزبی تایفی.

هەتا ئەزموونی پێکهێنانی حزب و ئاراستەی سیاسی کە پشت بە دروشمی ئایینی دەبەست و بەشداریان لە هەڵبژاردنەکانی پێشووکرد، ئەوانیش لە چەمکی حزبی نیشتمانی، بەڵام لەچوار چێوەی تایفی دەرنەچوون.

خستنەرووی چەمکی (لیستی نیشتمانی) بەهاوپەیمانی چەند حزبێکی تایفی و نەتەوەیی و ویڤیاترە لە شتی تر، چونکە لیستی پێشنیارکراو لە چوارچێوەی نارِاستاندنی فەلسەفەی حزبی کە بە پێی زۆرینەی پارتەکان لەسەری دامەزراون، تەنیا هەوڵێك بوو بۆ دارشتنەوەی چەمکی تەوافوقی تایفی،کەواتە عیللەتەکە لە پێکهێنانی حزبی سیاسییە لە عێراق، نەك لە پرەنسیپی حوکم، بێجگە لەو حزبانەی کە ئاراستەی لیبرالی و علمانییان هەیە لە عێراق، حزبە سەرەکییەکانی دیکە لەسەر چوارچێوەی تیۆری مەرجەعییەتی تایفە و نەتەوە دروستکران(سوننە و شیعە و کورد) کەواتە قسەکردن دەربارەی زۆرینە هەروەکو ئەوە وایە کە تۆ وڵاتەکەت بەرەو خۆ کوشتن ببەیت.

لەلایەکی دیکەوە، تەوافوقی زۆرە ملێ کە تا ئەمرِۆ چوارچێوەیەکی بۆ پرۆسەی سیاسی عێراق داناوە، بەشێوەیەکی رێژەیی دڵنیاییەکی بە تایفەو نەتەوەکان داوە کە رۆڵی سیاسی خۆیان بگێرن، هەتا ئەگەر بەشێوەیەکی جوزئیش بێ، بەڵام ئەوەشی لە پاشەرۆژدا مەترسی خۆی هەیە، وەك داکوتانی رەگی بەشکاری لە ناو پرۆسەی سیاسیدا کە لەرووی عەمەلییەوە پەرت و بڵاوە و دەشکرێ رابینینی ئەوەش بکرێ کە ئەو ململانێ سیاسییە رۆژێك لە رۆژان دەبێ بە ململانێییەکی کۆمەڵایەتی، میکانیزمی وەرگرتن، بریاری سیاسی ئەویش کۆتکراوە لە سایەی تەوافوقی زۆر ملێوە سیستەمەکانی چاودێریکردنی پەرلەمان و نەهێشتنی گەندەڵی و کۆنترۆڵکردنی براوتی ئابووری و بوونیادنانەوە پەکخراون.

جیاوازی نێوان ئەو تەوافوقە سیاسییەی کە لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا پەیرەو دەکرێ و پرەنسیپی دیموکراتییەتی تەوافوق کە لەو کۆمەڵگایانەدا پەیرەو دەکرێ کە لەرووی ئەتنی و ئایینییەوە دابەشکراون، خۆی لە سیستەمی حوکمرانیدا دەبینێتەوە، تەوافوق لە بنچینە هاوبەشەکان و ئامانجە باڵاکان دەبێ نەك لە وردەکاری وەك ئەوەی کە ئەمرۆ بەدی دەکرێن.

عێراق ئێستا تووشی ناکۆکی بووە لەسەر بنچینەکان، کە ئەمەیش وا دەکات ناکۆکی لەسەر وردەکارەکانیش هەبێ، کە ئەمەیش دەمانگەیێنێتە بارێك کە لابردنی بەرپرسێکی شارەوانییەکی گەندەڵ و بەرتیل خۆر لە تایفەیەك ئاڵۆزتر بێ لەلابردنی وەزیرێك لە تایفەیەکی دیکەدا.

مەترسی لە گێرانەوەی دیکتاتۆرییەت لەسەر دەستی مالیکی و رێکخستنەوەی حزبی سەرکردە لەسەر دەستی حزبی دەعوە ئەوانیش چەند بیرۆکەیەکن کە جێی رەخنەن و وا پێشبینیش دەکرێ کە ئەو بیرۆکانە لە قۆناخی داهاتوودا زیاتر هەست بە بوونیان بکرێ.

دەکرێ بڵێین هیچ قەوارەیەکی سیاسی ناتوانێ ئەمرۆ تەنازولات بکات، نەك هەر بۆ بەرژەوەندی تەوافوقی سیاسی، یان بە پێچەوانە و گیروگرفتەکانیش لە چەند مانگی داهاتوودا گەورەتر دەکرێن و بەزەقیش لە هەڵمەتی هەڵبژاردندا بە دیار دەکەون.

لێدوانەکەی قوبەنچی دەربارەی زۆرینەی شیعە و مافی حوکم گەوهەری وتووێژی زۆرینەی هەڵبژاردەی سیاسییە لە عێراقدا کە ئامادەن دروشمەکانی (یەکێتی نیشتمانی) و (باوەر بە دیموکراتییەت) قوت بدەن، ئەگەر حوکمرانییەکە لە دەرەوەی تایفە بێت.

وا دیارە قوبەنچی ویستی بەو قسانەی خۆی بڵێ (ئێمە باوەرمان بە دیموکراتییەت و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات هەیە، بەڵام بەمەرجێ...!).

ئیئتلافی شیعی کە ئەمرۆ خەریکە خۆی رێك بخاتەوە، لە ئەسڵدا لەسەر چەمکی (مافی شیعە لە حوکمکردن) بوونیادنراوە، کە ئەمەیش راستییەکە و ناکرێ خۆمانی لێ بدزینەوە و دژ بە قسەکانی قوبەنچی لێدوان بدەین.

نەك هەر شیعە بەس، بەڵکو سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق مەحمود ئەلمەشهەدانیش خاوەن تیورێکی وایە، راستە تا ئێستا ئەمەیان بە زەقی باسی نەکراوە، بەڵام لە لێدوانێکیدا کەناڵی بەغدادیە ئەوەی راگەیاند کە حزبی ئیسلامی بیرۆکەیەکی پێشکەشی بە کورد کردووە دەربارەی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی سوننی لە عەرەب و کورد بۆ هێنانەدی زۆرینەی سوننی.

پێشمان سەیر نەبێ کە هەندێ لە سیاسەتکاران بیرۆکەیەکی تر دەخەنە روو کە پەیوەندی بە زۆرینەی عەرەبییەوە (شیعە و سوننە) هەیە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کورد لە عێراقی نوێدا..!!

**ئیئتلافی شیعی کە ئەمرۆ خەریکە خۆی رێك بخاتەوە، لە ئەسڵدا لەسەر چەمکی(مافی شیعە لە حوکمکردن) بوونیادنراوە**

# ئەنقەرەو هەولێر: ئاسۆیەکی تازە



**سامی شۆڕش**

**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

وەك لــــە میدیاکان و هەندێ کەناڵی نارەسمیدا باس دەکرێت، وەزیری دەرەوەی تورکیــــا ئەحمـــەد داوودئۆغڵــو، رەنگە بەم زووانە لە چوارچێوەی ســـەردانێکی فەرمی دا بۆ عێراق، سەردانی هەولێری پایتەختی کوردســـتانیش بکات، مەبەست لەم ســـەردانە چاوەڕوانکــــراوە، وتوویژی سیاســـی و تاووتوێ کردنـــی پەیوەندییە دوو قۆڵیەکانی تورکیایە لەگەڵ سەرانی کورد. مەعلومە ئەوا ساڵێك پترە، هەوڵێکی گەرمی بێ دەنگە دەنگ لە ئارادایە بۆ ئاســـایی کردنەوەی پەیوەندییە گرژەکانی نێوان هەولێرو ئەنقەرە.

بێگومان ئەگەر هەواڵی سەردانەکەی وەزیـــری دەرەوەی تورکیـــا بـــۆ هەولێر راســـت دەربچێت، کـــە زۆر لـــە گۆنە راســـت بێت، ئەوا مانای وایە کوردستان دەسکەوتێکی دیپلۆماسی و سیاسی زۆر گرنـــگ، لە قۆناغێکـــی زۆر گرنگ، لە پێنـــاو ئامانجێکـــی زۆر گرنگ بە دەســـت دەهێنێت. داوودئۆغلو، لە ماوەی چەند ســـاڵی رابردوودا، بەر لە پۆســـتی وەزارەتـــی دەرەوە، وەك گەورە راوێژکاری سەرۆك وەزیران رەجەب تەییب ئۆردوگان کاری دەکرد. لە بـــواری ئەو کارەیدا، بە یەك لە داڕێژەرە ســـەرەکییەکانی بڕیاری سیاســـی لە تورکیا لە قەڵەم دەدرا. هەر لەو کاتەوە، ئەم پرۆفیسۆرە بەناوبانگەی بواری زانســـتە سیاسییەکان، پێی وا بووە کـــە زەحمەتە وڵاتەکەی لە نـــاو جیهانە جەنجـــاڵ و ئاڵـــۆزو پـــڕ ناکۆکییەکەی ئەمـــڕۆدا، بتوانێت جـــێ پێیەکی قایم و بەهێز بۆ خۆی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە ناو یەکێتیی ئەوروپادا بکاتەوە، ئەگەر زۆر بـــە جیـــددی و لەخۆبوردووانە، باز بەسەر کەلتووره کۆن و نەتەوەپەرستەکەی ئەتاتـــۆرك نەدات و کۆتایی بە کێشـــەو ناکۆکییە ناوخۆیی و ناوچەییەکانی خۆی نەهێنێت و پەیوەندییەکی ئاســـایی و پڕ ئاشـــتەوایی و هاوکاری لەگەڵ فەزای دەوروپشت دانەمەزرێنێت.

جێگەی ســـەرنجە، داودئۆغلو لە ناو ئـــەو بیرۆکە تیۆریەیـــدا، کە وا بۆ چەند ســـاڵێك دەچێت خەریکە وردە وردە دەبێتە پراکتیکێکی سیاســـیی رۆژانەی ئەنقەرە لە رێگەی حکومەتـــەوە، بایەخێکی زۆر بە مەســـەلەی کـــورد دەدا، جـــا چ لە ناو تورکیا خۆی و چ لە ســـەر ئاســـتی پەیوەندییەکانـــی ئەنقەرەو کوردســـتانی عێـــراق بێت. پێی وایە مەســـەلەی کورد گەورەترین کێشەی سیاسییە کە تەگەرەی هەمـــوو پێشـــکەوتنێکی ئابـــووری و سیاسی و دیپلۆماسی لە تورکیا گرتووە. بۆیـــە بەبۆچوونـــی داوودئۆغلو، بە بێ چارەکردنی گرژییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ کوردی ناوخۆو کـــوردی عێراق زەحمەتە وڵاتەکـــەی بتوانێت لە هیـــچ ئاقارێکی نێودەوڵەتـــی و ناوچەییـــدا هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵبگرێت.

هەندێـــك لە چاودێـــران وای بۆ دەچن داودئۆغلو نفوزێکی فیکری و سیاسیی زۆری بەسەر ســـەرکۆمار عەبدوڵلا گول و ســـەرۆك وەزیران ئـــەردۆگان هەیە، لە هەموو بوارەکانی چاکسازیدا بە تایبەتی بواری کوردی. بگرە بەشێك لەو چاودێرانە نایشارنەوە کە هەر ئەو کابرا بیر کراوەیە لە پشت هەموو ئەو هەنگاوە ئیجابیانەدایە کە ئۆردوگان بەم ساڵەی دوایی لە بەرامبەر داواکارییە رۆشنبیرییەکانی کورد ناویەتی چ لە مـــەودای دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بـــە زمانی کوردی و چ لە رێگەدان بـــە خوێندنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە زانکۆکان و چ لە هێور کردنەوەی شـــێوازی هەڕەشەو توندوتیژی لە ئەنقەرە بەرامبەر بە کوردستانی عێراق.

بە هـــەر حاڵ، بـــۆ ئەو مەبەســـتە، وەزیـــری دەرەوەی تورکیا، لە کاتی کاری راوێژکاریـــدا، پتر لە جارێك ســـەردانی کوردســـتان و بەغدای کـــردووەو لەگەڵ بەرپرسانی گەورەی کوردستان کۆبۆتەوەو پەیوەندییەکـــی نـــەرم و نیانـــی لەگەڵ بەســـتوون. هەمیشـــەش وەك هەندێك لە شـــارەزایان باســـی لێوە دەکەن، تورکێکی بیرکـــراوەو هێمـــن و پیاوی ئاشـــتەوایی بووە. بە کورتـــی، داوودئۆغلو لەو جۆرە سیاسەتمەدارانەیە کە پشکیکی گەورەی لە داڕشتنی سیاســـەتی دەرەوەو ناوەوەی تورکیـــا هەیـــە. هەروەهـــا وەك مەزەندە دەکرێت، رەنگە پشـــکی گەورەتریشـــی هەبێت لـــە داڕشـــتن و بەڕێوەبردنی ئەو سیاسەتە لە دوارۆژدا.

بە هـــەر حاڵ، لـــە بواری ســـەردانە چاوەڕوانکراوەکـــەی داوودئۆغڵـــودا بۆ هەولێر، چاودێری سیاسی دەتوانێت چەند بایەخێکی سیاســـی بخوێنێتەوە. لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی هێما بۆ چەندانێك لەو بایەخانە دەکەین:

یەکەم- هاتنی وەزیری دەرەوەی تورکیا بۆ پایتەختی کوردســـتان دان پێ نانێکی راســـتەوخۆی ئەنقەرەیە بە شـــەرعیەتی حکومـــەت و تاقی کردنەوەی سیاســـیی کوردســـتان. راســـتە پێشـــتریش ئەنقەرە زۆربەی کات پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی هەرێم و حزبە کوردســـتانییەکان هەبووەو

چەندیـــن بەرپرســـی تورکی ســـەردانی کوردستانیان کردووە. تەنانەت داوودئۆغلو خۆیشـــی یەك بووە لەو بەرپرسانە، بەڵام بایەخی ئەو ســـەردانە چاوەڕوانکراوە لەوە دایـــە کە بۆ یەکەمجارە وەزیری دەرەوەی تورکیـــا ســـەردانەکە دەکات. مەعلومە، هەمیشـــە ئەنقەرە خۆی پاراستووە لەوەی بەرپرسێکی سیاسی لە سەر ئاستی وەزیری دەرەوە یان سەرۆك وەزیران یان سەرکۆمار سەردانی کوردســـتان بکەن. تەنانەوت لە دوا ســـەردانی ســـەرکۆماری تورکیا بۆ بەغدا، دیسان گوڵ خۆی پاراست لەوەی بێتە کوردستان. ئەوە بوو جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردســـتان رێـــزدار نێچیرڤان بارزانی لە پێناو ئاشتەوایی و بەرژەوەندیی میللەتی کورد ســـەردانی بەغدای کردوو لەوێ چاوی بە گوڵ کەوت.

ئەنقەرەهەمیشە پێی وا بووە هاتنی هەر بەرپرســـێکی گەورەی بۆ هەولێر مانای دان پێ دانانی راستەوخۆیە بە حکومەتی کوردســـتان. بۆیە، نەك هـــەر خۆی لەو جـــۆرە ســـەردانە فەرمیانە پاراســـتووە، بەڵکو ئەوەندەی پێشی کرابێت رێگر بووە لەوەی کونسڵخانەیەکی تورکی لە هەولێر بکرێتەوە.

بەڵام ئێستا، بەم سەردانە راستەوخۆیەی داودئۆغلـــو بۆ هەولێر ئـــەو دیوارە رەقە دەرووخێت. ئیتر لەمەودوا هەولێرو ئەنقەرە، وەك دوو بونیـــادی سیاســـی، دەرگای فرۆکەخانەکانیان لەبـــەردەم هاتووچۆی فەرمی بەرپرســـان دەکەنـــەوە. ئەمەش، مانای کرانـــەوەی دەرگایەکی گەورەیە بەســـەر دوارۆژی کورد لـــە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. تورکیا بایەخێکی گەورەی لە ناوچەکەدا هەیەو لەوەتەی داوودئۆغلوش کەوتۆتـــە نـــاو دەزگای حوکمڕانـــی لە ئەنقـــەرە، تورکیا هـــەوڵ دەدات رۆڵێکی کاریگەر لە بواری کێشـــە سیاسییەکانی ناوچەکەدا بگێڕێت.

دووەم، فایلی کورد کە تا پێش ماوەیەکی کـــورت لـــە فایلێکی ئەمنـــی نەبوو لە تورکیاو بڕیارە گەورەکانی فایلەکە لەلایەن ســـوپاو دەزگا ئەمنیەکانەوە وەردەگیران، رەنگە لەمەودوا، بـــە تایبەتی دوای ئەو ســـەردانە، لە دەســـت دەزگای ئەمنی و ســـوپایی دەربچێت و ئیتر بکەوێتە دەست دەزگای حکومەت و سیاســـەت. راستە، داوودئۆغلو لەم ســـەردانەیدا وەك وەزیری دەرەوەی ولاتەکەی لەگـــەڵ حکومەتی هەرێم دادەنیشێت و باسی پەیوەندییە دوو قۆڵییـــەکان دەکات، بەڵام لـــە جەوهەردا کارێك دەکات کە پێشـــتر سوپا رێگر بووە لە روودانـــی. بۆیـــە، دەرچوونی فایلی کورد لە دەست ســـوپا بۆ وەزارەتی دەرەوە گۆڕانکارییەکی گەورەیە.

سێیەم، راســـتە، نەوت رۆڵی گەورەی هەیە لەوەی ئیتر تورکیا مەبەســـتیەتی، بـــۆ لەمـــەودوا پەیوەندییەکی ئاســـایی و گەرموگـــوڕی لەگـــەڵ حکومەتـــی کوردســـتان هەبێت. لەم بارەیەوە گۆڤاری تایمزی بەریتانی ئاشکرای کرد گفتوگۆ بە شـــێوەیەکی نهێنی لـــە نێوان تورکیا و (پ ک ک) دروســـت بووەو خەریکە بۆ یەکەمجار لە مێـــژوودا نەوت کۆتایی بە شەڕێکی ناوخۆ دەهێنێت. شایەنی باسە، هێماکەی گۆڤاری تایمز بۆ بەرهەمهێنانی نەوتـــە لە کێڵگەکانی (تاوکێ و تەقتەق) و ئینجا هەناردە کردنیەتی بۆ بازاڕەکانی جیهان لە رێگەی تورکیاوە. لەوەش بەولاتر، هێماکە بۆ ئـــەو پرۆژە گەورەیەی غازی سروشتیشە کە لە کوردســـتان دەردەچێت و لە رێگەی تورکیاوە دەبەســـترێتەوە بە بۆری (نابوکۆ) کە غازی دەریای قەزوین و کوردســـتان بۆ ئەوروپـــا دەگوێزێتەوە. بازاڕەکانی تورکیا پێویســـتیان بە لە سەدا ١٥ ی ئـــەو غازە هەیە بۆ پێداویســـتییە ناوخۆییەکانی.

بە هەر حاڵ، سەردانی داودئۆغلو لەم ئان و کاتە ناسکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقـــدا، ئـــەوە دەردەخـــات ئەنقەرە گەیشتۆتە قەناعەتی ئەوەی کە پێویستە، لە پێناو ئاسایش و پەرەپێدانی هاوکاری و سەقامگیر کردنی ئاشتی، پەیوەندییەکی گەرموگوڕ لەگەڵ کوردستان دابمەزرێنێت. بایەخی ئەم پەیوەندییە بۆ تورکیا ئێجگار زۆرترە لەو کاتەدا کە ئەمەریکا خەریکی کشـــاندنەوەی هێزەکانیەتی لـــە عێراق. کشانەوەی ئەمەریکا بۆشاییەکی زۆر نەك تەنیا لە عێراق، بەڵکو لە تەواوی ناوچەکە دروســـت دەکات. ئەنقەرە پێی وایە ئەگەر پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ کوردستان نەبێت ئەوا رەنگە بۆشـــاییەکە بە خراپ بەسەر بەرژەوەندییەکانی بشکێتەوە.

ئەمە بۆ کوردستان دەستەگوڵە، چونکە تورکیا هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمەریکایە لـــە ناوچەکـــەو بنکەیەکی ئاســـمانیی ئەمەریکی گـــەورە لە (ئینجرلیك)ە. ئەم بنکەیە لە سەردەمی رژێمی پێشوودا زۆر بـــە کەڵك کورد هات. دوای کشـــانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاش دەتوانێت ئەو رۆڵە بگێڕێت بە تایبەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەوروبەری کوردســـتان بە پشێوییەکی خەتەرنـــاك تێدەپەڕن. ئـــەوەی ئەگەرەکە خۆشـــتر دەکات ئەوەیە کـــە ئەمجارەیان ئەنقەرە وەك جاران نیـــازی خراپی نابێت بەرامبەر بە کەرکـــوك یان فیدرالی یان تایبەتمەندێتی کوردســـتان، یان تەنانەت کێشەی (پ ک ک). دەمێك بوو دەگوترا کوردستان هیچ جۆرە بەرژەوەندی دەوڵەتانی تێدا نییە بۆیە بێ پشـــت و پەنایە. ئەوا خەریکە ئەو جۆرە بەرژەوەندییانە دروســـت دەبێت و لەولاشەوە دەوڵەتان پەیدا دەبن کە بەرگری لەو بەرژەوەندیانەیان بکەن کە لە کوردستاندا جێگیرە.

چوارەم، هاتنی داودئۆغلو کۆتایی بەو تەوقـــە ناوچەییە دەهێنێت کە ئەوا پتر لە ســـێ سەد ساڵە دەستی ناوەتە بینەقاقای کوردســـتان. ئەمجارە رەنگە دەرگایەکی زەمینیـــی گـــەورە لەبەردەم کوردســـتان بکرێتـــەوە. رەنگە کوردســـتان کەڵکێکی سیاسی و ئابووری و بازرگانیی زۆر لەو شـــکاندنەی تەوقی ناوچەیی وەربگرێت. لێـــرەوە هەندێك چاودێر بە دووری نازانن، بە هۆی کرانەوەی دەرگای دیپلۆماســـی تورکیا بە ســـەر هەولێر، فشاری بەغداش بۆ سەر کوردستان کەم ببێتەوە.

بە هـــەر حاڵ، ناوچـــەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بـــە گشـــتی و ناوچـــەی دەوروبـــەری کوردســـتان بە گشـــتی بە قۆناغێکی زەحمەت و ترسناك تێدەپەڕێت، هەروەها وەزعی ناوخۆی عێراق تا دێت لە رووی سیاســـی و ئەمنییەوە بەرەو خراپتر دەڕوات، بۆیە پێویستە کوردستان دەرفەتی ســـەردانەکەی داوودئۆغلـــو بقۆزێتەوەو پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکیا بخاتە ســـەر ســـککەی ئاســـایی کردنەوە. ئێستا لە هەموو قۆناغێك زیاتر تورکیا پێویســـتیی بە ئێمەیە، هەروەها ئێمەش پێویســـتیمان بە تورکیایـــە. ئەم ویســـتو بەرژەوەندییە هاوبەشە، هی ئەوەیە دوارۆژێکی ئاسایی لە سەر بینا بکرێت.

**بەبۆچوونی داوودئۆغلو ، بە بێ چارەکردنی گرژییەکانی ئەنقەرە لەگەڵ کوردی ناوخۆو کوردی عێراق زەحمەتە وڵاتەکەی بتوانێت لە هیچ ئاقارێکی نێودەوڵەتی و ناوچەییدا هەنگاو بەرەو پێشەوە هەڵبگرێت**

# فەیلەسوفی ئەڵمانی هاوچەرخ
# (یۆرگن هابرماس) تەمەنی گەیشتە هەشتا ساڵ
# بەرزراگرتنی ئەقڵ و بەرگریکردن لە بواری گشتی



د.شیرزاد نەجار

لە ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ ناوەندە ئەکادیمی وفیکری و فەلسەفییەکانی جیهـان، بەبۆنەی هەشـتا هەمین سـاڵیادی لەدایکبوونی فەیلەسوفی ئەڵمانی گـەورە (یۆرگن هابرماس) ئاهەنگیان گێڕا.

هابرمـاس بـە دەسـپێکی جەختکردنەوەی لەسـەر رۆڵی ئەقڵ لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگا دەستی بـە لێکۆڵینـەوە و دیراسـەتەکانی کرد،بانگێشەی بۆ بیری بەردەوامی رزگاریخواز لە سەرکوتکاری دەرکرد و جەختـی دەکردەوە لە ناو کۆمەڵگە بێجگـە لـە ئەقڵی خالیـس هیچ هێزێکـی دیکە نییە،ئـەم حاڵەتەش هەقیقەتێکـە، بەبێ ئەم هەقیقەتەش هیچ هەقیقەتێك بێجگە لەم هەقیقەتە کاریگەرە بوونی نییە.

هابرماسـی فەیلەسوف،توانایەکی ترسـێنەری (مقـدره خائفه)هەبوو، کـە دەیتوانـی دارِشـتنەوەیەکی هاوچەرخانـە و لەکاتـی گونجاودا بکات و بیگۆڕێـت بۆ چەمکێکی سیاسـیی کارا و راستەخۆ روناکی بکاتەوە.

لە یەکێـك لە کتیبە سـەرەتاییە سـەرکەوتووەکانیدا. (مەعریفـە و دەسـەڵات ١٩٦٨) هابرمـاس پێشنیاری ( شرۆڤەی سایکۆلۆژی ) بۆ تاك کرد،وەك رێگایەکی گرنگ بۆ تێگەیشتنی لە کۆمەڵگا.

ئەقڵـی شـرۆڤەکاری بـە تەنها نایەوێت،ئـەوە بزانێت ئـەو حاڵەتە یان ئـەو واقیيعە چییـە بۆ ئەوەی چارەسـەری بکات،بەڵکـو دەیەوێت رزگاری بکات،ئەقـڵ بزوێنـەری سیاسـەتە،بۆیە دەبێت بە ئاراستەی رزگارکردنـی کۆمەڵگـە هەنگاو هەڵبگرێت، ئەمەش گەورەیی ئەم بیرە کاریگەرەبوو لە نێو بزاڤی قوتابیان لە شەستەکانی سەدەی رابردوودا.

لە ساڵی ١٩٨١ هابرماس کتێبێکی گرنگـی دەرکـرد بە ناونیشـانی ( تیـۆری مامەڵەی گەیانـدن) لەم ماوەیەدا کـە هابرماس ئەو کتێبەی بـڵاو کردەوە،بیربۆچوونی عەلمانی یەکێك بوو لەو نەریتە هەیکەلیانەی کە بزوێنەری چـەپ دادەنرا، بەڵام هابرمـاس زۆر بەسـەرکەوتووی وەبزوێنـەری دوای عەلمانییـەت دەرکەوت، بەدیدی هابرماس لەوکاتەوە بـە فیکـر وەرچەرخا بـۆ (دوای میتا فیزیکی )ئەمەش لە چوارچێوەی مۆدیرنەتە.

ئەمـە لـە کاتێکـدا (کانت)ی فەیلەسوف وەك پشـتیوانێك بۆ ئەم ئاراسـتەیە دادەنرێت بە تایبەتی لە کتێبەکەیدا بە ناونیشـانی (رەخنەی ئەقڵـی خالیس) ئەمەش بە بناخەی ئەم دەستپێشـخەرییە بـۆ ئەم بزاوتە دادەنرێـت، ئەمـەش گۆڕەپانـی مامەڵەکردنی بوو لەگەڵ ئەقڵانییەت لە نێوان خەڵـك، ئەمەش ئەو بابەتە بوو، کە لەدیراسات و توێژینەوەکانیدا خۆی پێوەسەرقاڵکردبوو.

بایەخدانـی بە (بواری گشـتی ) لەو کاتەوە دەسـت پێدەکات کە ساڵی ١٩٦١ئەتروحەکـەی بەناونیشـانی (گۆڕانـی هەیکەلـی لـە بواری گشتی ) نووسـی، لەم ئەتروحەیەدا هابرمـاس نموونەیەکـی تیۆرەکەی لەسـەر (بواری گشـتی ) خستە روو، بەدیـدی ئەو ئـەم گۆرەپانە، گۆڕەپانێکی ئازاد بـوو، کە تیایدا تاك بەبێ لەبەرچاوگرتنی باڵادەستی دەوڵـەت، دەتوانێـت قەناعـەت و فیکرەکانی خۆی موناقەشە بکات.

هابرماس لەسـەر ئەم مەسـەلەیە نموونەیەك دەدا کـە ئەویش (بواری گشـتی بۆرژوازییەتە) کە لە شوێنە



گشتییەکاندا لەسەر ئەم مەسەلەیە دەستی بە موناقەشەی فیکری و ئەدەبییەکان کرد، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی گۆرینەوەی بیرورا لەگەڵ هاوڵاتییە رۆشنبیرەکان لەسەر ئەدەب و هونەر، بەڵام باشترین بیانوو و بەڵگە ئەوەبوو، هابرماس لەم موناقەشانەدا باڵادەست بوو،ئەمەش واتە باڵادەستبوونی رۆشنبیری بیانوو و بەڵگەی باشتر،ئەم رۆشنبیرییە لای هابرماس' نموونەیەکی گەیاندنی مرۆیی بوو.

بەڵام وەك هابرماس خۆیشی تێبینی کردووە، لەگەڵ بەرەو پێشەوەچوونی سەرمایەداری،ئەم بوارە رۆشنبیرە لەبەردەم بەرفراوانبوونی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی پیشەسازی سەرمایەداری پێگەی خۆی لەدەست دەدا،بەمەش دیاردەیەکی دیکە دەردەکەوێت کە هابرماس ناویناوە (دووبارە بوونەوەی بواری گشتی فیودالی)، بەتایبەتیش لەمیانەی هۆیەکانی راگەیاندنەوە.

ئەلتەرناتیڤی گشتی بۆ ئەم حاڵەتە هێز و ورەی بزاڤە شۆڕشگێرییەکانی قوتابیانە بوو، لەشەستەکانی سەدەی رابردوودا،کە هابرماس لەگەڵ بیرمەندی گەورە( مارکوزە) وەك وتەبێژ بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە لە دەرەوەی پەرلەمان زۆر بەهێز پشتگیری لێدەکرد،بەڵام لەهەمانکاتدا دژی هەڵکشانی توندڕەوی قوتابیان بوو،کە داوایان دەکرد پەنا بۆ هێز و توندوتیژی بەرن، ئەم باردۆخە هابرماس ناوی لێناو (فاشیستی چەپرەوانە) یان بە دەستەواژەیەکی دیکە، (تاکتیکی شۆرشێکی رووکەش یان موزەیەف) بەمجۆرە پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ چەپە توندڕۆکان بڕی.

هابرماس بڕوای بەوەبوو،ئەقلانیەت دەنگدانەوەی لەو زمانە دەبینێتەوە کە بوونی هەیە،( کام زمان) ئەو زمانەی لەگەڵ یەکتری قسەی پێدەکەین،بەبێ هیچ زۆرێك وگوشارێك لەیەکتری قبوڵ دەکەین،بە رێگەی بەڵگە وبیانووی باشترو چاکتر.

ئەقڵانییەتی گەیاندن دەبێتە بنەما بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی چالاك،یان بەپێی مەفهومی (کانت) ی فەیلەسوف،ئەو بەرەیەی کە کێشەکان کۆتاییان دێت، بەڵام کاتێك ئەقڵانییەت فەشەلی هێنا،ئەوا هێز و زۆر و نالێبوردەیی دەبنە نموونەی مامەڵە کردن لە کۆمەڵگەدا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا،هابرماس جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، دەبێت کۆمەڵگە خۆی بنەماکانی خۆی دابرێژێت، بەڵام ئەم بنەمایانە دەبێت لەسەر بنەمای ئەقڵانییەت دابرێژرێن،دەبێت هاوڵاتیان لەسەر ئەوە هاودەنگ بن ئایا چی رێگەی پێدراوە یان قەدەغەیە بۆیان،بەمجۆرە هابرماس دەیەوێت نموونەی مرۆڤێکی ئیجابی بونیاد بنێت.

بەم فیکرانەوە، هابرماس لە هەموو رۆشنبیرە کان زیاتر لەسەردەمی هاوچەرخدا ئاماژەی پێکراوە،هەروەك زانای بەناوبانگی کۆمەڵناس (رالف داندرۆف) دەڵێت: ( من بە گرنگترین رۆشنبیری نەوەی سەردەمی خۆمی دادەنێم) هەروەها بە گرنگترین فەیلەسوفە کە موناقەشەی لەسەر دەکرێت، بەمەش ئێستا هابرماس،(درەختی بەریەککەوتنە) لە موناقەشە فیکری

# ستراتیژیەتی وەبەرهێنان و بونیادنانەوەی

## بچووکردنەوەی قەوارەی حکومەت و فراوانکردنی کـ



سیاسەت و ستراتیژیەتی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ بونیادنانەوە و پەرەپێدانی کوردستان، پیادەکردنی ئابووری بازاڕ و پشتگیری کەرتی تایبەت و هاندانی کۆمپانیاو وەبەرهێنی بیانیە بۆئەوەی بێنە کوردستان و سەرمایەکانیان بەگەڕبخەن، ئامانجەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هاندان و فراوانکردنی کەرتی تایبەت، هەوڵدانە بۆ بەتایبەتکردنی (خصصە)ی کەرتی گشتی لەهەموو بوارەکاندا، بەو بوارانەشی کە هەمووی خزمەتگوزاری گشتین وەك (پاككردنەوەی شارەکان، دابینکردنی کارەبا، بواری پەروەردە و فێرکردن، خوێندنی باڵا، تەندروستی،کشتوکاڵ، پیشەسازی گەورە و مامناوەندی و بچووك.. هتد) ئەمانە هەمووی پێکەوە واتە موناقەشەکردن و هەڵسەنگاندن و رەخنەکان دەکەونە بازنەیەکەوە، کە پێی دەگوترێت، بازنەی بازاڕی ئازاد، ئەمەش ساناتر واتە ئەو ئابووریەی ململانێی بازاڕ هەڵیدەسوڕێنێت و یاسا هاوسەنگی تێدا دروستدەکات. یرکردنەوە لەم بازنەیەدا، نەك هەر جیاوازە لەگەڵ بیرکردنەوە لەچوارچێوەی ئەو بازنەیەی پێی دەگوترێت بازنەی ئابووری دەوڵەت، بەڵکو دوو ئاراستەی هێندە جیاوازن کە زۆر زەحمەتە لەهیچ خاڵێکدا یەکبگرنەوە، ئەم واقیعە لەکوردستان تارادەیەك لەسەر ئاستی خوارەوە بەجۆرێك هاودژی لای هاوڵاتیان دروستکردووە، کە دەکرێت ناوی بنێین پاشماوەی کەڵەکەبووی سیاسەتی پیادەکراوی ئابووری دەوڵەت، کە بەدرێژایی زیاتر نیو سەدە لەسیاسەتی ئابووری دەوڵەتی عێراقدا پیادەکراوە، بۆیە کاتێك هاوڵاتیان رووبەڕووی سیاسەتێکی دیکەی ئابووری دەبنەوە، لەوانەیە ئاسان نەبێت، بەسانایی لەگەڵیدا بگونجێت، ئەم حاڵەتە لەسیاسیەت و ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، حاڵەتێکی هەستپێکراوە، بەڵام چارەسەری دەستبەجێ و کتوپڕی نییە، دەبێت هاوڵاتیان دوای ئەوەی کەرتی تایبەت بەئاستێك گەشە دەکات و دەکەوێتە سەرپێی خۆی، سوود و جیاوازیەکانی ئابووری بازار لەگەڵ ئابووری دەوڵەت بەراورد بکات ئەوکات دەزانێت، ئەم سیاسەت و ستراتیژیە چ خزمەتێکی خۆشگوزەرانی ئەوی کردووە،

# وڵاتیکی وێران

## ـەرتی تایبەت



بەهەرحـــاڵ، ئەمە پێویســـتی بەکات و هەنـــگاو بەهەنـــگاوە و، ڕۆژ لـــەدوای ڕۆژیـــش هاوڵاتیان زیاتـــر لەگەڵ ئەم سیستمە تازەیە دەگونجێن.
بەڵام ئەوەی جێگەی مەترسیە لەسەر ئەم شـــێوازە تازەیەی پیادەکردنی ئابووری و بونیادنانەوەی ژێرخانی کوردســـتان، ئەو بیربۆچونە ئایدۆلۆژیـــە دۆگمانەیە کە نایەنەوێـــت لەم سیســـتمە تازەیە بگەن، یـــان ئایدۆلۆژەتەکانیان ڕێگە نادات لێی تێبگەن، ئەمەیە کە ناتوانین ڕووبەڕووی نەبینـــەوە، بـــەڵام ڕووبەڕووبوونەوە، بەو لۆژیکـــە ناشارســـتانییە دواکەوتووە نا، وەك بە ناو لیســـتی گۆڕان بانگەشەی بۆ دەکات، پێناسەی گۆڕان، بەگۆڕانی سیســـتمی حکومڕانی (واتـــە ڕووخانی سیســـتمەکە) دەکات، نـــەك چاکســـازی و چارەســـەرکردنی کە مو کو ر تیـــە کا ن ، ئەمەیـــە ڕووبـــەڕووی دەرگای داخراومان دەکاتەوە ئەمەیە ناچارمان بەدەنگی بەرز پرسیارەکانمان ئاراستەی هەمـــوو خەڵك بەگشـــتی و توێژە ڕۆشنبیرکەی کوردستان بکەینەوە و پێیان بڵێن:

١- کێشـــەی ئەمڕۆی کوردستان کێشـــەی بوونـــی کەموکـــوڕی و ئینکاری کەموکوڕی نییە.

٢- کێشەی ئەمڕۆی کوردستان بوون و نەبوونی گەندەڵی نییە.

**کاتێک هاوڵاتیان ڕووبەڕووی سیاسەتێکی دیکەی ئابووری دەبنەوە، لەوانەیە ئاسان نەبێت، بەسانایی لەگەڵیدا بگونجێت، ئەم حاڵەتە لەسیاسیەت و ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، حاڵەتێکی هەستپێکراوە، بەڵام چارەسەری دەستبەجێ و کتوپڕی نییە**

**٣- کێشەی ئەمڕۆی کوردستان جیاوازی هەژاری و دەوڵەمەندی نییە.**

کێشەی ئێمە کێشەی تێنەگەیشتنە لەو سیستمی ئابووریەی ئەمڕۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات، کێشەی نێوان هەنگاو سیاسەتی ئەقلانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ ئایدۆلۆژیەتێك کە جیهان فاشیلیەکەی سەلماندووە، بۆیە ئەگەر لەم قۆناخە ناسکە زۆر هۆشیار نەبین و ئاستی هۆشیاریمان نەتوانێت کەلەپچەی دۆگمای ئەو ئایدۆلۆژیەتە فاشیلە (بە تایبەتی لە بواری ئابووری) بکاتەوە، ئەوا دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو زەمانەی:

١- چەند پشتیوانی کەرتی تایبەتمان کردووە و چەند هەوڵماندواە، ئابووری لەچنگی حکومەت دەربهێنین و بیگوازینەوە بۆ کەرتی تایبەت، ئەوا سیاسەتی ئابووری باڵی گۆران، پێچەوانەکردنەوەی ئەم سیاسەتەیە و هەوڵدانە بۆ خۆماڵیکردنەوە (تەئمیمکردنەوەی) کەرتی تایبەت، سەرنجبدەن سیاسەتی فاشیلی ئابووری با نەڵێین سەدام حوسێن و، باسی جەمال عبدولناسر بکەین بۆ تەئمیمکردنی کەناڵی سوێس، ئایا ئەگەر کەناڵی سوێس تەئمیم نەکرایە، ئێستا کەناڵی سویس وەك ئێستا دەبوو؟ ئایا گەلی میسر بە تەئمیم کردنی سوێس دەرگای وەبەرهێنانی لەسەر دانەخرا؟ ئەمە مانای ئەوە نییە جەمال عەبدولناسر خائیین بوبێت، ئەم روونکردنەوەیە گرنگە، نەخێر جەمال عەبدولناسر میسری خۆشدەویست، بەڵام نەیدەزانی چۆن خزمەتی میسر بکات، ئەم سیاسەتە هەڵەیەی عەبدولناسربوو. ساداتی بردە قودس و تەوقەی لەگەڵ گۆڵدا ماهیر و موشەدەیان پێکرد. ئەم ئایدۆلۆژیەتە هەڵەیە بوو خەڵکی رژاندە سەرشەقامەکان بۆ ئەوەی چەپڵەی بۆ تەئمیم و ئایندەی نادیاری ئابووری خۆیان لێبدەن.

٢- لایەنێکی دیکە، کە هەندێکجار بەسەر ئاستی هۆشیاری زۆربەی گەلاندا زاڵ بووە، رەسمکردنی ئەو یۆتۆپیایە کە ئایدۆلۆژیەتی حزبە بەلشەفیەکان، لەناخی هاوڵاتیاندا دروستی دەکەن، ئەمەش گۆڕینی یەکسانی هەموانە لەبەردەمی یاسا، بۆ گۆڕینی یەکسانی رەهای هەموان لەکۆمەڵگەدا، ئەم یۆتۆبیایە، کۆمەڵگەیەك رەسم دەکات، کە نابێت کێشە و کەموکورتی تێدا هەبێت، نابێت کەس لەکەس بەتواناتر بێت، نابێت کەس لەکەس دەوڵەمەنتر بێت، ئەم عەداڵەتە جەبریەی لەناخی هاوڵاتیدا رەسمدەکرێت، بەئاسانی جێگەی مەفهومی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی دیموکراتی و لەژێر سێبەری سەروەری یاسا دەگرێتەوە، ئەم ئایدۆلۆژە بەلشەفیە، کۆمەڵێك پرسیار دەوروژێنیت، کە هاوڵاتی سادە، یان ئەوانەی لەمانای کار و پیرۆزی کار و داهێنان نەگەیشتوون، لەلایەنگیری وەڵامی بەڵێی ئو پرسیارانە خۆی دەبینێتەوە هەر بۆ نموونە:

أ- ئایا هەموو نەهامەتیەکان بەرەنجامی سیاسەتی هەڵەی حکومەت نییە؟ هاوڵاتی سادە لەوەڵامدا دەڵێت: بەڵێ وایە، حکومەت دەبێت هەموو کێشەکان چارەسەر بکات و بەرپرسیارە لەهەموو سەرکەوتن و نەهامەتیەکانمان.

ب- پرسیارێکی دیکە ئەوەیە، ئەگەر حکومەت ئیعتراف بەوە بکات کەموکورتی و گەندەڵی هەیە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو حکومەتە بێ هێزە و ئەو سیستمە لەبەرژەوەندی گەل نییە و دەبێت بگۆڕێت و بڕوخێنرێت و سیستمێك دابمەزرێت نە کێشەی تێدا بێت نە گەندەڵی؟ بێگومان هاوڵاتی سادە دەڵێت بەڵێ، ئێمە دەمانەوێت، سیستمێکمان بۆ حکومڕانی هەبێت،کۆمەڵگەیەك بەڕێوەبەرێت، کە هیچ کێشەیەکی تێدا نەبێت، بیر لەوە نەکاتەوە، خوێندن بەپارە بێت، بیر لەوە نەکاتەوە نەخۆشخانەی تایبەت، زانکۆی تایبەت هەبێت، رێگە نەدات، خەڵك زوو دەوڵەمەند بێت.

ئەم دووحاڵەتەی باسمانکردن، گەوهەری ئەو بەرنامەیە کە نەوشیروان مستەفا و کۆمپانیای وشە دەیانەوێت، ململانێی هەڵبژاردنی سیستمێکی دیموکراتی پێبکەن، ئەم بەرنامەیە تەنها لەیەك خاڵدا بوێری و راستگۆیی پێوە دیارە، کە دەڵیت (گۆڕان چاکسازی نییە، گۆڕان، گۆڕینی سیستمی حکومڕانیە) واتە گۆڕان گۆڕینی سیستمی دیموکراتی کوردستانە، بۆ ئەو مۆدیلە چیینیەی ئێستا لەپەکین پیادە دەکرێت.

### چۆن ئەم هاودژیانە راست دەکرێنەوە؟

راستکردنەوەی ئەم هاودژیانە، یان پێچەوانەکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی



ئەوەی جێگەی مەترسیە لەسەر ئەم شێوازە تازەیەی پیادەکردنی ئابووری و بونیادنانەوەی ژێرخانی کوردستان، ئەو بیربۆچونە ئایدۆلۆژیە دۆگمانەیە کە نایەنەوێت لەم سیستمە تازەیە بگەن، یان ئایدۆلۆژەتەکانیان رێگە نادات لێی تێبگەن



کە لەهەموو جیهاندا فەشەلی هێناوە و ئێستا کوردستان دەکرێتە تاقیگە بۆ دووبارە تاقیکردنەوەی، پێش هەموو شت پێویستی، بەجۆرەتێکی سیاسیی هەیە، کە بڕوای بەدیالۆگ و کرانەوە و لێکتێگەیشتن هەبێت، نەك وەك نەوشیروان مستەفا دەڵێت (بەرنامەی گۆڕان لەبەرژەوەندی هەموو خەڵکە و زیانی بۆ هیچ کەسێك نییە) ئەم قسەیە لەقسەی سەدەکانی ناوەڕاستی پێش سەردەمی ڕێنیسانس دەچێت، هەروەك چۆن قەشەیەك لەکەنیسەیەکدا دەیگووت، ڕێنماییەکانی مەسیح لەبەرژەوەندی هەموانە و دژی هیچ کەسێك نییە، کەنیسە بۆ بەکوفر دانانی ڕەخنە، پاکانەی بۆ ئەوە دەکرد، ڕەخنە گرتن لە کەنیسە ڕەخنەگرتنە لە مەسیح. ڕەخنەگرتنە دژی بەرژەوەندی خۆت، بۆیە نابێت ڕەخنە هەبێت، بەداخەوە بەڕێز نەوشیروان مستەفا، وەك قەشەکانی کەنیسەکانی سەدەی ناوەڕاست، خۆی دەخاتە دەرەوەی بازنەی ڕەخنەگرتن، هەروەك چۆن لەسەردەمی شاخدا، پێویست نەبوو باس لە دیموکراسی بکرێت، لەبەرئەوەی دیموکراسی بەرهەمی بورژوازییەت بوو، لەبەرئەوەی سیاسەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانیش دژی بۆرژوازییەت بوو، کەواتە بەبێ موناقەشە دەبوو، هەموو ئیعتراف بەوە بکەین و کار بۆ ئەوە بکەین دژی دیموکراسی بین، ڕەخنەگرتن لەم بۆچوونە لادان بوو لە مارکسییەت، لادان بوو لەو پەیڕەو و پرۆگرامەی نەوشیروان مستەفا بەهەقیقەتی دەزانی، بۆیە یان دەبێت بەڕاستی دژی بۆرژوازییەت و بەرهەمەکانی بۆرژوازییەت بین، یان لەو بەرنامەیە لاتداوە، کە بەڕێز نەوشیروان مستەفا بەهەقیقەتی موتڵەقی دەزانێت، ئێتاش هەر بەهەمان ئەو ئایدۆلۆژیەتەی ٤٠ ساڵ لەمەوپێش سیاسەتی پێکردووەو بەهەمان ئایدۆلۆژیەت (ئەمە وەك کردنەوەی دەرگایەك بۆ موناقەشە) بەرنامەیەکی رادیکاڵی بۆ گۆڕانی ریشەیی دارشتووە، کە پەیوەندی بەهەموو شتێکەوە هەبێت پێوەندی بەدیموکراسیەوە نییە، بەڵام لەبری ئەوەی وەك ٤٠ ساڵ لەمەوبەر هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی، پلانی سەربازی و پارتیزانی بێت، ئەمجارە سندوقی هەڵبژاردنی گرتۆتەبەر، بەڵام سندوقی دەنگدان نەك بۆ بونیادی دیموکراتی بەڵکو بۆ گۆڕینی سیستەمە دیموکراتیەکە.

پرسیاری دیکە ئەوەیە، ئایا ئەم بەرنامەیە دەتوانێت پاکانە لەبۆچوونەکانی خۆی بکات؟ لەوەڵامدا دەڵێین بەڵی دەتوانێت، بەڵام لەو ژینگەیەی کە ئەقڵ تێیدا تەماشاکەر دەبێت و ئایدۆلۆژیەت ئاراستەی بیرکردنەوەی ئەقڵ دیاریدەکات، چۆن چۆنی؟ مەبەست لەو ژینگەیەی کە ئەقڵ تێیدا دەبێتە تەماشاکار، ئەوەنییە، کەبڵێین ئەقڵ بۆ بەرنامەکان بەکارنەهاتووە، نەخێر بۆ ئەوەی بە هەڵە لێمان تێنەگەن، یان تەفسیری خراپی بۆنەکرێت، مەبەستمان ئەوەیە، ئەقڵ بۆ چارەسەری راستەوخۆی کێشەکان تەرخان نابێت، بەڵکو ئەقڵ دەبێتە ئالەتێك بۆئەوەی لەناو ئایدۆلۆژیەتێکدا، چارەسەر بدۆزێتەوە، لەم حاڵەتەدا، ئەو چارەسەرەی دەدۆزرێتەوە، بەرهەمی ئەقڵ نییە، بەڵکو بەرهەمی ئایدۆلۆژیەتەکەیە، ئەگەر ئەقڵیش هاودژی لەگەڵ چارەسەرە ئایدۆلۆژیەکە دروستبکات، ئەوا وەك چۆن پێش ٣٠-٤٠ ساڵ لەمەوپێش ئەقڵ بەوە دەستەمۆ دەکراو، دەیانگووت فەرموو سەیر بکە، ئەوە مارکس یان ئەنگلس لەفلان کتێب و لەفلان لاپەرە وادەڵێت، ئیدی دەبێت ئەقڵ تەسلیم بێت، ئێستاش بەهەمان شێوە هەمان رابردوو لەهەمان قاڵبی ئایدۆلۆژیەتی ٣٠-٤٠ ساڵ لەمەوپێشدا دووبارەدەکرێتەوە.

ئێمە لەم راپۆرتە کەم تازۆر ناچینە ناو وردەکاریەکانی چۆنیەتی پیادەکردنی سیاسەتی ئابووری بازار یان سەرکەوتنی ئەم سیاسەتە لەبونیادنانەوەو ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا، بۆیە لایەنە پەیوەندار و نزیکەکەمان لەسەر ئاستی حکومەتی کوردستان و دەرەوە کردووە بەمیوانی ئەم راپۆتە، بۆئەوەی لەمانای ئابووری بازار و سیاسەتی وەبەرهێنان و ئەو رەخنانەش تێبگەین، کە بەمەبەستی ئایدۆلۆژی و مەبەستی تایبەت، بۆ گۆڕینی سیستەمی دیموکراتی دەخرێنەڕوو.

**سەرنجبدەن سیاسەتی فاشیلی ئابووری با نەڵێین سەدام حوسێن و، باسی جەمال عبدولناسر بکەین بۆ تەئمیمکردنی کەناڵی سوێس، ئایا ئەگەر کەناڵی سوێس تەئمیم نەکرایە، ئێستا کەناڵی سویس وەک ئێستا دەبوو؟ ئایا گەلی میسر بە تەئمیم کردنی سوێس دەرگای وەبەرهێنانی لەسەر دانەخرا؟**




هێرش موحەرەم سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بۆ گوڵان:

# تائێستا مۆڵەتی ١٨٠ پڕۆژەماندا‌وە و کۆی سەرمایەکانیان ١٦ ملیار دۆلارە

دەســـتەی وەبەرهێنان لەکوردســـتان تەنها دەزگایەکە کاری وەبەرهێنان لەکوردستان ڕێکدەخات، ئەم دەزگایە بەشێکی کارایە لەناو تیمێکی گەورەدا، بەڵام دەزگایەکی هەســـتیار و پەیوەندار بەئەڵقە هەســـتیارەکانی هەموو وەزارەتەکان و ئەنجوومەنی وەزیران، ئەم دەزگایە لەگەڵ ئەوەی بەدیلی هیچ وەزارەتێك نییە، بەڵام راســـتەخۆ سەر بەســـەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لایەنی جێبەجێکاری ئەو سیاســـەت و ســـتراتیژەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشـــە، کە کار بۆ فراوانکردنی کەرتی تایبەت و بچووکردنەوەی کەرتی گشـــتی دەکات، ئەم دەزگایە، لەگەڵ ئەوەی بەشـــێکە لەحکومەت و مۆڵەت بەچەندین پرۆژەی گەورە دەدات، بەڵام بودجەی ئەو پرۆژانە لەدەرەوەی حکومەت دابین دەکات، شـــێوازی کارکردنی ئەم دەزگایە، شێوازی کاری گروپی و شەفافیەتە. سەرۆکی ئەم دەستەیە دەڵێت، نەك تەنها دیکۆمێتەکانی دەستە، بەڵکو کۆمپیوتەرەکەی خۆشم سانسۆری ئەوەی لەسەر نییە، راگەیاندن سەیری بکات و سوودی لێوەربگرێت، ئەم دەزگایە کاری باشی کردووە، کارەکانی زۆر لایەنی ژیانی رۆژانەی ئێمەی گرتۆتەوە، وەك (پەروەردە و فێرکردن، خوێندنی باڵا، تەندروســـتی، نیشتەجێبوون، پیشەســـازی...هتد) بەڵام لەبەرئەوەی شـــێوازی کاری وەبەرهێنان و هاندانی وەبەرهێنان، سیاسەتێکی تازەی حکومەتە، بۆیە رەخنەی زۆریشـــیان ئاراســـتە دەکرێت و خەڵکێك وا تەفسیری بۆ دەکەن، ئەم کەشـــوهەوایە تەنها بۆ بەرژەوەندی دەوڵەمەندبوونی زیاتری بەرپرســـە سیاســـیی و عەســـکەری و حکومیەکانە، ئەم دەزگایە بۆ ئەوەیە کۆمپانیایەك بێتە کوردستان و بەزۆر بەرپرسێکی حکومی بکەن بەشەریکی، هەروەها رەخنە لەم دەزگایە دەگیرێت، بەوەی کوردستانی بەدروستکردنی گوندە بیانیەکان (کە خەڵك پێی دەڵێت شاری فیرعەونەکان، کردۆتە دووبەش، بەشێکی زۆر دەوڵەمەند و بەشێکی زۆر هەژار، هەموو ئەم پرسانە وای لێکردین، دیداری تایبەتی ئەمجارەی گوڵان ببەینە دەستەی وەبەرهێنان و راشکاوانە، هەموو ئەو پرسیارانەی لەدەرەوەی ئەم دەستەیە دەکرێن، لە گەڵ خۆمان ببەینە ژوورەوە، بەسوپاســـەوە بەڕێز هێرش موحەرەم بەگەرمی پێشـــوازی لێکردین و زۆر شەفافانە وەڵامی پرسیارەکانی داینەوە، ئەمەش دەقی وتوێژەکەی گوڵانە لەگەڵ سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لەکوردستان.

یەکێک لەئامانج و هۆکارەکانی دەرکردنی یاسای وەبەرهێنان ئەوە بوو، کاری وەبەرهێنان لەکوردستان بەشێوەیەکی دامەزراوەیی بکرێت و، زەمینەیەکی یاسایی بۆ بڕەخسێنێت

*** دامەزراندنی دەزگای دەستەی وەبەرهێنان، دەسپێکێکی گرنگی سیاسـیەتی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بوو بۆ گۆڕینی ئابووری دەوڵەت بۆ ئابوری بازاڕ، سـەرەتایەك بوو بۆ هاندانی کەرتی تایبەت، لەم گۆشـە نیگایەوە دەپرسـین ئایا سەرۆکی دەسـتەی وەبەرهێنان چۆن پێناسـەی ئـەو دەزگا گرنگە دەکات و چۆن ئەرکەکانی دەستنیشان دەکات؟**

- دەمەوێـت وەڵامـی ئەم پرسـیارە فراوانتر لەچوارچێوەی پرسـیارەکەی ئێوە بدەمەوە، بۆ ئەوەی چەنـد لایەنێکی دیکـەی گرنگیش بگرێتەوە نەك تەنها مەسەلەی وەبەرهێنان وەك ئامانجی دامەزراندنی دەسـتەی وەبەرهێنان. بۆیە پێمباشە سەرەتا لەدروستکردنی دامەزراوە دەسـتپێبکەم، لەبەرئەوەی بونیادی دامەزراوە یەکێکە لەفاکتەرە سـەرەکیەکانی حکومڕانی ڕاست. لەم چوارچێوەیەدا من وای دەبینم:

أ- یەکێـك لەئامانج و هۆکارەکانی دەرکردنی یاسـای وەبەرهێنان ئەوە بوو، کاری وەبەرهێنان لەکوردستان بەشێوەیەکی دامەزراوەیی بکرێت و، زەمینەیەکی یاسایی بۆ بڕەخسێنیت، بۆئەوەی بەشێوەیەکی موئەسەساتی مامەڵە لەگەڵ ئەو بەشە گرنگەی ژیانی ئابووری لەکوردستاندا بکرێت.

ب- لایەنێکی دیکەی بۆ ئەوە بوو بەشـێوازی سـتاندەری جیهانـی، ببیـن بەبەشـێك لەو ئەزموونەی ئێمە لەکوردسـتان پیادەی دەکەین و، جیـاواز بێت لـەو شـێوازانەی لەوڵاتانی دەوربەرمان پیادە دەکرێن.

ئێمە لەم ئاراستیە دەتوانین بڵێین هەنگاوێکمان بڕیوە، راسـتە لەوانەیە ئـەم هەنگاوەی ئێمە لەئاسـتی ئەو خۆزگانەی خەڵکی کوردستان نەبێت، بەڵام بەلانی کەمەوە دەتوانین بڵێین ئەمڕۆ دەزگایەك هەیە،دەزانێـت کاری دامەزراوەیی چۆن پیـادە دەکرێت،کۆمپانیا و وەبەرهێنەرانی بیانی بەخۆشـحاڵیەوە پەیوەنـدی پێوە دەکەن، لەکۆڕ و کوبونـەوە نێودەوڵەتی و ناوخۆیەکاندا هەوڵمانداوە پەیامێکی هاوسـەنگ و شەفاف بگەیەنین و خۆمان دووربخەینەوە لەزێدەڕۆیی (مبالغە)، هەروەها پێدانی پەیمانی زێڕین و پاشـان بۆمان جێبەجێ نەکرێت، هەرگیز ئێمە نەمانگوتووە هەموو شتێك دەستەبەرکراوە، وەرن کاربکەن، ئێمە راشکاوانە پێمانگوتوون، وەرن با پێکەوە ئەوەی دەستەبەرکراوە لێی سوودمەدبین، ئەوەی دەسـتەبەرنەکراوە تائێسـتا هەوڵبدەین پێکەوە چاکی بکەین، ئێمـە پێیاندەڵێین، ئەو شـتەی پێویسـتمانە تەنها پارە نییە، چەندین بواری دیکەش پێویسـتمان پێیەتی سـوودی لێوەربگریـن، هەر بۆنموونـە پێمانگوتن ئێمە پێویستمان بەسـوودوەرگرتن لەئەزموونی ئێوە هەیە، ئێمە پێویستمان بەوەیە هاریکاریمان بکەن بۆئەوەی ئەقڵیەتی کارکردنمان بگۆڕین، ئێمە پێویسـتمان بەوەیە بەڕووی جیهاندا بکرێینەوە بۆئـەوەی بتوانیـن لەگەڵ ڕەوتـی جیهاندا رێبکەین و، ببین بەبەشـێك لەو ڕەوتەی ئەمڕۆ لەجیهانی سـەردەمدا هەیە، ئێمە پێویسـتمان بەوە هەیە سـوود لەکەموکورتیەکانی خۆمان وەربگرین و چاکسازی تێدابکەین.

*** ئایـا گرنگتریـن ئەو تەوەرانـە چین کە ئێوە وەك دەسـتەی وەبەرهێنان تائێستا کارتان لەسەرکردووە؟**

- جگە لەو تەوەرە سەرەکیەی کە کارمان لەسەر کردووە بۆ هاندان وسەرنجڕاکێشـانی کۆمپانیا و وەبەرهێنـەکان بۆئـەوەی بێنە کوردسـتان سـەرمایەیەی خۆیان لەکوردستان بخەنەگەڕ، هەوڵمانـداوە سیسـتمێکی ئاسـانی ئەوتۆ پیادەبکەین، کە هەموو ئەو تیمەی لەدەستەی وەبەرهێنان کاردەکات، بزانێت ئێمە چی دەکەین، هەمـوو وەزارەتە بەڕێـزەکان بزانن ئێمە چی دەکەین، هەروەها ئەو رێکخراوە مەدەنیانەشـی وەك رێکخـراوە پیشـەیەکانی نوێنەرایەتـی کەرتی تایبەت دەکەن بزانن ئێمە چی دەکەین. بێگومان ئەمە وەکو بەشـێك لەشـەفافیەت کارمان لەسەری کردووە.

لایەنێکـی دیکە کە کارمان لەسـەر کردووە، دابەزاندنی دەسـەڵات بووە بـۆ خوار خۆمان، ئامانـج لەپیادەکردنـی ئەم سیسـتمەش بۆ ئەوەبـووە هەیکەلی دامەزراوەکـە بەهێز بێت، ڕۆڵی تاکەکەس بەگواسـتنەوەی ئەو کەسـە یان گۆڕینی بـواری کاری لەم دەزگایەوە بۆ دەزگایەکی دیکە کاریگەری لەسەر کارەکانی دەستەی وەبەرهێنان دروست نەکات.

تەوەرێکـی دیکـەی کارکردنمـان لەسـەر چۆنیەتی وەرگرتنی بڕیار بووە لەسەر بنەمای زانسـتی و دوورکەوتنەوە بووە لەئیجتیهادات، بەتایبەتی لەسـەر بڕیاردان لەسەر پرۆژەیەك یـان ڕەتکردنـەوەی پڕۆژەیـەك، هەروەهـا نابێت ئەوەشـمان لەبیربچێت، پێشتر دەستەی وەبەرهێنان نەبووە، لەمانگی ئابی ٢٠٠٦ کاتێك لەلایەن جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان دامەزرێنرام، من تەنها کەس بووم، خۆشبەختانە بەهاوکاری کۆمەڵێـك کادری باش توانیمان، دەسـت بکەین بەدامەزراندنی دەستەکە، ئێستا بەڕای من دەسـتەی وەبەرهێنان، بەشێوەیەکی دامەزراوەیی ئەوتۆ کارەکانـی رێکخراوە، کە بەڕێوەبردنـی کارێکی قـورس نییە، بەهەموو کەسـێك بەڕێـوە دەبرێـت، ئـەو پەیامانەی هەمانە، دەکرێت پەیامی نوێی دروسـت بن بۆ تەواوکردنی ئەو پەیامانـە. لەماوەی ئەو دوو سێ ساڵەی دەستمان پێکردووە، ئەو ڕووەی ئێمە پیشانمانداوە، هەنگاوی باشن، بەڵام بەردەوامیش بانگەشەی ئەوەمان کردووە ئێمە ئەڵتەرناتیڤی هیـچ وەزارەتێك نیـن، ئێمـە هەماهەنگین لەنێـوان کەرتی تایبـەت و وەزارەتەکاندا، کار بۆ پاراسـتنی بەرژەوەندیەکانی کەرتی تایبەت دەکەین لەچوارچێوەی بەرژەوەندی و یاساکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

*** لـەو مـاوە کورتـەی دەسـتبەکاربوون، هەسـت دەکەین ئێوە وەك دەستەی وەبەرهێنان توانیتان نەك هەر تەنها سـەرنجی وەبەرهێن و کۆمپانیاکانی دەوڵەتانی دراوسـێ رابکێشن، بەڵکو ئەو سنوورەتان زیاتر فراوان کرد و ئێستا دەبینیـن بەدەیـان کۆمپانیـای ئینگلیزی و ئیتاڵی و ئەمریکی و چەندین وڵاتی دیکەش هاتوونـە کوردسـتان. لێرەدا پرسـیاری ئێمە ئەوەیە: ئایا ئەو میکانیزمە چین کە لەم بوارەدا کارتان پێکردووە، بۆ هاندان و سەرنجڕاکێشانی کۆمپانیا بیانییەکان بۆئەوەی بێن لەکوردستان کاربکەن؟**

- بێگومـان ئـەوەی ئاماژەتـان پێکرد، ئەوە یەکێکە لەو دەسـکەوتانەی ئێمە شانازی پێوە دەکەین، بەڵام بەشـی ئەوەش جورئەتمان هەیە ئەو راسـتیەش بڵێیـن ئەوەی کـراوە بەتەنها ئێمە نەمانکـردووە، بەڵکو ئێمە بەشـێك یان بەشـێکی کارا بووین لەناو تیمێکی گەورەدا، ئەوە سیاسیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، سیاسەتی پێکەوە کارکردنمان بووە، هیچ کاتێك دەستەی وەبەرهێنان بەتەنها بانگەشەی بۆ کـۆڕو کۆبوونەوەکان نەکردووە، هیچ کاتێك لەکۆڕو کۆنفراسـەکاندا دەسـتەی وەبەرهێنان بەتەنیا نەبووە، بەدەگمەن خۆم بەتەنها بەشداریم لەکۆڕێك یان کۆنفراسـێکدا کردبێت، لەهەموو کۆڕو کۆنفراسـەکاندا هەموو وەزارەت و وەزیرە بەڕێـزەکان بەپێی پەیوەنـدی و تایبەتمەندیان لەگەڵماندا بەشـدار بوون، بیرمـان نەچێت پشـتیوانی سـەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت فاکتەرێکی کاریگەری ئەو سەرکەوتنە بوون،دەستەی وەبەرهێنایان خستۆتە ناو هەموو ئەڵقە هەسـتیارەکانەوە، هەمیشـە راوێژمـان پێکراوە، ئەمانـە هەموو بوونە ئەو کۆمەڵـە فاکتەرەی کە هێزێکی ئەوتۆیان داوە بەئێمە کە لەدەرەوە گوێمان لێبگیرێت. راسـتە ئێمە قسـە دەکەین بەڵام قسـەکردن بەئاستی

**ئێمە هەموو کات گووتومانە کوردستان دروستدەکەینەوە، لەبەرئەوەی کورستان پێشتر وێرانکراوە، پێشتر لەکوردستان وێستگەی کارەبای گەورە نەبووە هەتا وێران بکرێت، لەکوردستان هۆتێلی ٥ ئەستیرە نەبووە هەتا رووخابێت، نە پاڵاوتگەی نەوتمان هەبووە هەتا وێرانکرابیت، نە (های وەی)ەکمان هەبووە هەتا تێکچووبێت بمانەوێت نۆژەنی بکەینەوە و.. هتد**

گرنگ نییە تاچەند گوێی لێدەگیریت. هەربۆیە ئێمە بەشێکمان کردووە و بووینە تەواوکاری بەشەکانی دیکەی حکومەت، هەوڵمانداوە و بەردەوامیش هەوڵدەدەین بەهەماهەنگی کارەکان بکەین، ئەوەی لەم بازنەیەدا گرنگە ئەوەیە، ئەگەر ئێستا بەراورد بکرێت لەسەر بوونی زانیاری لەسەر کوردستان، بپرسین ئایا کۆمپانیایەکی ئەمریکی یان وەبەرهێنێکی ئەمریکی لەساڵی ٢٠٠٣ یان ٢٠٠٤، چی لەسەر کوردستان دەزانی و ئێستا چی دەزانێت؟ بێگومان لەمیانەی ئەو جیاوازیەی لەنێوان تێڕوانینی کۆمپانیایەکی ئەمریکی لەساڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٤ لەسەر کوردستان و تێڕوانینی ئێستای، ئینجا هەستدەکەین چ گۆڕانکاریکی گەورە روویداوە. لێرەشدا کە دەڵێین ئێستا کۆمپانیایەکی ئەمریکا زانیاری زیاتر بەرامبەر کوردستان دەزانێت، مەبەست تەنها لایەنە باشەکان نییە، بەڵکو لەسەر لایەنە باش و خراپەکانی کوردستان زانیاری زیاتر دەزانێت، کاری ئێمە تەنها هەر ئەوە نەبووە لایەنە ئیجابییەکان باس بکەین، بەڵکو لایەنە سلبییەکانیش باسدەکەین، لەبەرئەوەی ئامانجمان دۆزینەوەی چارەسەرە بۆ لایەنە سلبییەکانیش، هەروەها دەمانەوێت پەیامی ئەوە بدەین بەهاوڵاتی و بەدەرەوە کە ئیعتراف دەکەین کەموکورتیشمان هەیە، بەڵام داوادەکەین هاوکاریمان بکەن بۆئەوەی پێکەوە چارەسەری بکەین. هەروەها دەستەی وەبەرهێنان هەموو کات ئامادەباشی خۆی دەربڕیوە، کە دەرگامان کراوەیە بۆ پێشنیار و رەخنەی هەموولایەك، هەموو دیکۆمینتەکانمان بەشێوەیەکی شەفاف کراوەیە بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەك یان دیراسەتێك، ئینجا ئەو لایەنانە دەزگاکانی راگەیاندن بن یان هەرکەسێکی دیکە کە دەیەوێت، خۆشبەختین تائێستا توانیوومانە بڕگەکانی یاسای وەبەرهێنان بپارێزین، ئەگەر نەشمان توانیبێت، بەتەواوەتی بڕگەکانی یاساکە جێبەجی بکەین، ئەوا نەمانهێشتووە بڕگەکانی یاساکانی وەبەرهێنان پێشێل بکرێت.

*** ئایا ئەو کێشانە چین لەکاتی مامەڵەکردنتان لەگەڵ کۆمپانیا و وەبەرهێنە بیانیەکان دێتە رێتان؟**

- ئێمە سەرەتا کە دەستبەکاربووین، رووبەڕووی کێشەیەك دەبووینەوە. پرسیارێکمان لیدەکرا، کە وەڵامان پێنەبوو، یان وەڵاممان پێبوو، بەڵام وەڵامەکان لەئاستی تموحی بەرامبەر نەبوو، لێیان دەپرسین، ئایا ئێوە وەك حکومەت لیستی ئەولەویەتەکانتان چیین؟ لێیان دەپرسین پلانی ستراتیژی و درێژخایەنتان چییە؟ کە وەڵاممان دەدانەوە ئێمە هەموو شتێکمان دەوێت و هەموو شتێکمان پێویستە، هەستماندەکرد هەندێکجار ئەم وەڵامەی ئێمە بەئاستی قوڵایی خۆی سەیرنەدەکرا، تەنها وەك وەڵامێکی رووکەش سەیردەکرا، هەتا کار گەیشتە ئەوەی دابنیشین بۆیان روونبکەینەوە، سەرچاوەی روونکردنەوەکانیش بریتی بووە لە:

أ- ئێمە هەموو کات گووتومانە کوردستان دروستدەکەینەوە، لەبەرئەوەی کورستان پێشتر وێرانکراوە، بەدیدی من کوردستان هێندەی لەڕووی کولتووری ومێژوویی و مرۆییەوە وێرانکراوە، ئەوەندە لەڕووی دیکەوە وێران نەکراوە، هەر بۆنموونە (پێشتر لەکوردستان وێستگەی کارەبای گەورە نەبووە هەتا وێران بکرێت، لەکوردستان هۆتێلی ٥ ئەستیرە نەبووە هەتا رووخابێت، نە پاڵاوتگەی نەوتمان هەبووە هەتا وێرانکرابیت، نە (های وەی)ەکمان هەبووە هەتا تێکچووبێت بمانەوێت نۆژەنی بکەینەوە و.. تد) بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چەند ساڵێك پێش ئێستا ئێمە هیچمان نەبووە، تەنانەت بەبەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی عێراقیشدا ئێمە هیچمان نەبووە، ئەگەر سەیربکەین لەبەشەکانی دیکەی عێراق چەندین پاڵاوتگەی گەورەی نەوت هەبووە، چەندین وێسگەی کارەبای گەورە هەبووە، چەندین هۆتێلی گەورە هەبووە، چەندین رێگەی خێرا و های وەی هەبووە، بۆیە هیچ شتێك لەمانە لەکوردستان بوونی نەبووە، هەتا بڵێین کاول و وێرانکراوە.

ب- پێشتر ئێمە لەهەموو کوردستان تەنها یەك زانکۆمان هەبووە.

بۆیە کە لەگەڵ کۆمپانیا و وەبەرهێنی دەرەوە قسەمان دەکرد و لەکۆنفراسەکاندا پێماندەگوتن، هەموو دەرگاکانمان پێکەوەکردۆتەوە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی هاوسەنگ مامەڵە لەگەڵ بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا بکەین، نەك سێکتەرێك دروست بکەین و سێکتەرێکی دیکە بەجێبهێڵین. هەر بۆنموونە پێماندەگوتن، ئەگەر ئێمە کار لەسەر کارەبا بکەین و کەرتی کارەبا پێشبخەین، ئەگەر ئێمە رێگامان نەبێت ئەو وێستگانەی پێ بگوازینەوە و رێگامان نەبێ وزەی پێ بگوازینەوە چۆن دەتوانین بەردەوام بین لەسەر پێشخستنی ئەم کەرتە گرنگە، ئەگەر رێگاکانمان هەمووی دروستکردەوە وکێشەی رێگەمان نەهێشت، لەهەمانکاتدا بایەخ نەدەین بەدابینکردنی ئاوی خواردنەوە و دروستکردنی ئاوەڕۆ، کێشەیەکی دیکە دروست دەبێت، ئەگەر ئاو و کارەباش بەتەنها چارەسەر بکەین، پەروەردە و خوێندنی باڵا پشتگوێ بخەین دیسان کێشەیەکی دیکەمان بۆ دروست دەبێت. ئەمانە هەمووی بکەین و تەندروستی پشتگوێ بخەین، کێشەیەکی دیکە دروستدەبێت، بۆیە سیاسیەتی حکومەت بەوجۆرەبوو هەموو دەرگاکان پێکەوە بۆ ئاوەدانکردنەوە بکرێنەوە، بۆئەوەی ببین بەبەشێك لەپێدانی خزموتگوزاری بۆ خەڵك.

*** جەنابت باسی هاوسەنگی دەکەیت، بەڵام دەبینین جیاوازی لەنێوان سێکتەرەکانی ئاوەدانکردنەوە هەیە، هەندێك سێکتەر لەسێکتەرەکانی دیکە ئیشی باشتری تێداکراوە، هۆکاری ئەم جیاوازیە چییە؟**

- راستە ئێمەش هەست بەوە دەکەین لەگەڵ کردنەوەی هەموو دەرگاکان، سێکتەرێك لەسێکتەرەکان پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە بینیوە، ئەویش سێکتەری خانووبەرە و نیشتەجێکردن بووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە حەماسی وەبەرهێنەکان لەسەر ئەم سێکتەرە زیاتر بوو، لەبەرئەوەی خانووەکان زوو دروستدەکات بەساڵێك یان دووساڵ، تەواوی دەکات و دەیفرۆشێتەوە و قازانجەکەشی دیارە، ئەمەش واتە هەموو مانەوەی سەرمایەکەی لەو کارەدا ساڵێك یان دوو ساڵە، بەڵام ئەگەر سەرمایەکەی لەبوارێکی دیکە بخاتەگەڕ بۆنموونە بواری کارەبا، دەبینین مانەوەی سەرمایەکە لەو بوارە کاتی زیاتری دەوێت، نزیکەی ١٥ ساڵی دەوێت، هەتا سەرمایەکەی دەستدەکەوێتەوە، هەروەها ماوەی ١٥ ساڵ ئەگەری ترس زیاترە وەك لەماوەی دووساڵ یان سێ ساڵ، ئێمە لەم حاڵەتە نیگەران نەبووین، لەبەرئەوەی دەمانزانی کوردستان پێویستی بەم سێکتەرەش هەیە، لەبەرئەوەی ئەگەر وەبەرهێنێك بێتە کوردستان دەبێت شوێنێکی حەوانەوەی شایستە هەبێت بۆئەوەی بیکرێت و تێدا بمێنیتەوە. لەبەرئەوەی هۆتێلی باشمان کەمە، بۆیە هەڵماندا رێگە نەگرین و بەردەوام بین، ئەوە بوو چەندین گوندی گەورە دروستبوون،وەك (گوندی ئەمریکی، کەنەدی، ئیتاڵی، ئەڵمانی، ئینگلیزی و.. تد) .

*** ئەی سەبارەت بەبوارەکانی دیکە؟**

هاوکات لەگەڵ ئەم سێکتەرە هەوڵماندا بایەخ بەچەندن بواری دیکەش بدەین لەوانە:

ا - توانیمان بوارێکی گرنگی پیشەسازیی بایەخ پێبدەین کە ئەویش بواری پیشەسازی چیمەنتۆ بوو، تائێستا پێنج کارگەی چیمەنتۆمان مۆڵەت پێداوە، سیانیان لەبواری جێبەجێکردندان، یەکێك لەوانە گەورەترین

**توانیمان بوارێکی گرنگی پیشەسازیی بایەخ پێبدەین کە ئەویش بواری پیشەسازی چیمەنتۆ بوو، تائێستا پێنج کارگەی چیمەنتۆمان مۆڵەت پێداوە، سیانیان لەبواری جێبەجێکردندان، یەکێک لەوانە گەورەترین کارگەی چیمەتۆیە لەناوچەکە، کە کۆمپانیای لاڤارجی فەرەنسیە، بەهاوبەشی لەگەڵ فاروقی مەلا مستەفا لەبازیان دروستیانکردووە**

کارگەی چیمەتۆیە لەناوچەکە، کە کۆمپانیای لاڤارجی فەرەنسیە، بەهاوبەشی لەگەڵ فاروقی مەلا مستەفا لەبازیان دروستیانکردووە، پێموایە تائێستا لەسەر ئاستی ناوچەکە گەررەترین و چالاکترین کارگەیە کە کاردەکات.

ت- لەبواری پیشەسازی بچووك مۆلەتمان بە کۆمەڵێك کارگەی ئاوی کانزایی وشەربەت، هەندێك لەو کۆمپانیانە کۆمپانیای خۆماڵین،بەسوپاسەوە دەیڵیم کەرتی تایبەتی ناوخۆ کاری باشیان کردووە،ئێمە دەستخۆشیان لێدەکەین.

ث- لە بواری گەشتوگوزاری، کە بایەخمان پێداوە، توانیمان مۆڵەت بەکۆمەڵێك پرۆژەی باش بدەین وەك هۆتێلی ٥ ئەستێرە، یەکێك لەو پرسیارانەی کە وەبەرهێنی بیانی لێماندەکات و دەپرسێت، ئایا ئێوە لەکوردستان چەند هۆتێلی ٥ ئەستێرەتان هەیە؟ ئەگەر بێم لەکوردستان بمێنمەوە، دەتوانم لەهۆتیلێکی ٥ ئەستیرە بمێنمەوە لەکوێ دەمێنمەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ ئێمە تۆزێك جێگەی ئیحراجیە، ئەگەر پێی بڵێین تۆ دەتوانی بێیت بۆ کوردستان سەرمایەی خۆت بخەیتەگەڕ بەڵام هۆتیلی ٥ ئەستێرەمان نییە تۆ لێی بحەوێتەوە.

ج- بوارێکی دیکە کە کارمان تێداکردووە بواری خوێندنی باڵا بوو، بەخۆشحاڵیەوە دەڵێم ئێمە وەك دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتمان بە ٤ زانکۆ داوە، کە بریتین لەزانکۆکانی (جیهان، ئیشق، فەرەنسی -لوبنانی، ئەمریکی) ئەمانە دەسکەوتێکی گەورەن، هەروەها زانکۆی دیکەش کە کراونەتەوە و نەهاتوون داوای مۆڵەتی وەبەرهێنان بکەن وەك زانکۆی زانستە مرۆییەکان لەقەرەداخ، ئەم خۆی لەخۆیدا ئاماژەیە بۆ ئەو ژینگە هۆشیاریەی کە ئەمرۆ لەکوردستاندا خەڵك تێیدا دەژی.

ح- لەبواری تەندروستی مولەتمان بەکۆمەڵێك نەخۆشخانەی باشداوە، من پێموایە لەماوەی ساڵێك دوو ساڵی داهاتوودا هەنگاو بەرەو ئەوە هەڵدەگرین، کوردستان بکەینە پایتەختی تەندروستی، نەك تەنها بۆ عێراق بەڵکو بۆ سەرجەم ناوچەکە، حاڵی حازر، ئەو نەخۆشخانانەی لەهەولێر هەن و ئەوانەشی لەسلێمانی دەکرێنەوە، بەپێی ئەو زانیاریانەی هەمانە خەڵك لەدەرەوەی عێراقەوە دێن بۆ چارەسەر بۆ کوردستان، ئەو پسپۆر و پزیشکانەشی بەهیممەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتوون و ئێستا لەکوردستان کاردەکەن، هەر ئەو پسپۆر و پزیشکانەن کە پێشتر خەڵك چەندین پارەی سەرفدەکرد بۆ ئەوەی بگاتە لایان لەدەرەوە.

خ- بوارێکی دیکە کە هەوڵمانداوە کاری تێدا بکەین بواری کشتوکاڵە، کە بوارێکی ژیارییە، لەبواری کشتوکاڵدا چەند پرۆژەیەکی گەورەی باشمان مۆڵەتداوە، کە پێموایە لەماوەی یەکدوو ساڵی دادێت، دەگاتە ئەوەی بەرهەمی باشی هەبێت، بەرهەمەکەشی تەنها بۆ کوردستان نییە، ئەو پرۆژانە بەشێوەیەك دیزاینی بۆکراوە، بەرهەمەکەیان لەسەرتاسەری عێراقدا بفرۆشرێن، هەتا ئەگەر بکرێت هەناردەی دەرەوەش بکرێت، هەر لەم بوارەدا و بەهاوکاری وەزارەتی کشتوکاڵ کە توانیان بەرنامەی ٥ ساڵ دابنێین، ئەمە هاندەرێکی باش بوو بۆ ئێمە کە هانی وەبەرهێن بدەین بۆ چەندین پرۆژەی ئەوان.

*** ئایا بەڕێزتان دەتوانن، پێمانبڵێن، کۆی ئەو سەرمایەیەی ئێوە مۆڵەتان پێداوە و لەکوردستاندا هەڵدەسوڕێنرێت چەندە؟**

- ئەوە کارێکی ئاسان نییە بزانیین چەند سەرمایە هەڵدەسوڕێت، بۆیە دەکرێت بەشێوازێکی دیکە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، ئێمە وەك دەستەی وەبەرهێنان ژمارەی ئەو مۆڵەتانەی تائێستا داومانە نزیکەی ١٨٠ مۆڵەتە، ئەم ژمارەیە دەگاتە زیاتر لە بری ١٦ ملیار دۆلار، من لێرەدا دەمەوێت ئەو روونکردنەوەیە بدەم، کە نامانەوێت وا لەسەرمان حساب بکرێت کە ئێمە ١٦ ملیار دۆلارمان هێناوەتە ناو کوردستانەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین لەو بڕە ئەمڕۆ نزیکەی ٪۳۰-۳٥ی لەکوردستاندا بوونی هەیە و هەڵدەسوڕێت کە دەگاتە بڕی زیاتر لە ٥ ملیار دۆلار.

*** ئەگەر هەر لەچوارچێوەی ئەم پرسیارە بمێنینەوە و، پرسیار بەو جۆرە بکەین، ئایا کوردستان پێویستی بەچەند سەرمایە هەیە، هەتا لە رێگەی ئەم دەزگایەی ئێوە مۆڵەتی پێبدرێت لەکوردستاندا هەڵبسوڕێت بۆئەوەی وەرچەرخانێکی نەوعی لەکوردستان رووبدات؟**

- بەڕای من ئەو پێشکەوتنە نەوعیەی باسی دەکەیت، بەژمارە نابێت هەتا من بڵێم ئەگەر ئەوەندە سەرمایە لەکوردستان هەبێت روودەدات، ئەم پێشکەوتنە نەوعیە پێویستی بەکاتە، لەبەرئەوەی چەند پێویستمان بەوەبەرهێنان و هەڵسوڕانی سەرمایە هەیە، زۆر لەوە زیاتر پێویستمان بەوەبەرهێنانە لەبواری پەرەپێدانی توانا مرۆییەکان، لەکوردستاندا توانایەکی مرۆیی زۆر گەورەهەیە، لەوانەیە تائێستا نەمانتوانیبێت وەك پێویست هەڵیبسوڕێنین، کوردستان کۆمەڵگەیەکی گەنجە، ئەگەر سەیری ژمارەی زانکۆکانی کوردستان بکەین، دەبینین زانکۆکانمان ئاماژەیەکی ئیجابیە بۆ ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاری لەکۆمەڵگەی ئێمەدا، هەربۆیە ئەو پێشکەوتنە نەوعیە پەیوەستە بەچەند هۆکارێکی دیکەوە، لەوانەیە زۆر ئاسان بێت، ئێمە ببین بەخاوەنی هەموو جۆرە پرۆژەیەك، ببین بەخاوەنی هەموو جۆرە تەکنەلۆژیایەك، بەڵام کە خۆمان نەتوانین بیبەین بەڕێوە، ئەو پێشکەوتنە نەوعیە روونادات.

لەم روانگەیەوە ئێمە نامانەوێت ئەزموونی هەندێك لەدەوڵەتانی عەرەبی دووبارەبکەینەوە، ئێمە دەمانەوێت خۆمان خاوەنی پرۆژەکانی خۆمان بین، توانا مرۆییەکانی کورد بتوانێت ئەو پرۆژانە بەڕێوەبەرێت، بۆیە زۆر قورسە ئێمە پرۆژە دروستبکەین بەڵام نەتوانین بیبەین بەڕێوە. نموونەیەکی سادە لەمبارەوە، چەند ساڵێك لەمەوبەر ئێمە سەرپەرشتی دروستکردنی فڕۆکەخانەی سلێمانیمان دەکرد، هەتا ئەو کاتە، ئێمە فڕۆکەخانەمان نەدیبوو، لەگەڵ دروستکردنی فڕۆکەخانەدا هاتین کۆمەڵێك توانامان گەشە پێدا، بۆئەوەی دوای تەواوبوونی فڕۆکەخانەکە بتوانێت بیبات بەڕێوە، بۆیە لێرەدا دەمەوێت راشکاوانە ئەوە بڵێم، ئەم قۆناخە قۆناخی تەحەددیە پێیدا تێدەپەڕین، قۆناخێکی هەستیارە، پێویستە لەهەموو رووەکانەوە خۆمان بەرەو پێشەوە ببەین خۆمان چاك بکەین، پێویستە زۆر بەتوندی قەڵاچۆی گەندەڵی بکەین، رووبەڕووی هەموو جۆرەکانی گەندەڵی ببینەوە، گەندەڵی تەنها گەندەڵی پارە و پارە دزین نییە، گەندەڵی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە بۆ هەموو شتێك، لەلایەکی دیکە دەبێت هەوڵبدەین واقیعەکە چۆنە وا پیشانی بدەین و موبالەغە نەکەین، هەنگاوێك نەنێین کە نەتوانین پێمانی تێدا جێگیربکەین.

*** جیاوازیەکی دیکەی دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ هەر دامەزراوەیەکی دیکەی حکومەت بەوەزارەتەکانیشەوە ئەوەیە، دامەزراوە و وەزارەتەکانی دیکە پێویستی بەبودجەی حکومەتە بۆئەوەی کارەکانی بەڕێوەبەرێت، بەڵام ئەم دەزگایە لەدەرەوەی حکومەت بودجە بۆ پرۆژەکانی دابین دەکات، بۆیە مەبەستمان لەپرسیاری پێشتر زیاتر ئەم لایەنە بوو؟**

- راستە ئێمە لەدەرەوەی حکومەت بودجە بۆ پرۆژەکان پەیدادەکەین بەڵام دیسان ناتوانین بڵێین ئەوە ژمارەیەکە و ئێمە کار لەسەر ئەو ژمارەیە دەکەین، راشکاوانەتر دەمەوێت بڵێم ئێمە بەپێی سیستمێك کاردەکەین، واتە من حەزدەکەم، ئاستی وەبەرهێنان لەساڵی داهاتوو

یەکێک لەو پرسیارانەی کە وەبەرهێنی بیانی لێماندەکات و دەپرسێت، ئایا ئێوە لەکوردستان چەند هۆتێلی ٥ ئەستێرەتان هەیە؟ ئەگەر بێم لەکوردستان بمێنمەوە، دەتوانم لەهۆتیلێکی ٥ ئەستیرە بمێنمەوە لەکوێ دەمێنمەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بۆ ئێمە تۆزێک جێگەی ئیحراجیە



تەنهـــا ١ مليار دۆلار زيـــادی كردبێت، بەڵام هاوشانی ئەم يەك مليار دۆلارەش، دەبێت پەرە بەتوانا مرۆييەكان درابێت، سەبارەت بەوەی ئێمە وەك ئـــەو تيمەی كە لەم دەســـتەيە كاردەكەين كە شـــەش بەڕێوەبەری گشتی لەگەڵ من لەم تيمە كاردەكەين، ئامانجی ئێمە هەر ئەوە نييە ژمارەی زياتر بخەينە ســـەر ژمـــارەكان، ئێمە دەزانين هەندێك جار گلەيی ئەوەمان لێدەكرێت، كە هەندێك ژمارە هەن باســـی ناكەين، بەڵام ئێمە ئامانجمان ئەوەيە باســـی ئـــەوە بكەين، ئايا ئـــەو دەزگايە توانيويەتـــی چەند رۆتين كەمبكاتەوە، چەنـــد توانيومان ئەو كاتەی بۆ مۆڵەتێك پێويستە وەريبگرێت، تاچەند ئەو كاتە كەمبكەينەوە، چەنـــد توانيومانە كاريگەريمان لەسەر ئەقڵيەتی هەندێك كادری ديكە هەبێت لەهەندێك وەزارت بۆئـــەوەی وەڵامان بداتەوە، تاكو ئێمـــەش بتوانين وەڵامـــی وەبەرهێنەكە بدەينەوە؟ بۆيە ئەمە لای من لەوە گرنگترە،كە قەبارەی وەبەرهێنان لە مليارێكەوە بۆتە ٢ مليار دۆلار،يان ٢ مليار نەبێت گەيشـــتبێتە ٤ مليار دۆلار، من پێموايە، ئەگەر توانيمان ســـەرجەم سيستمەكە بخەينە سەرپێ و بۆ هەموو جيهانی بسەلمێنين، ئێمە رێزی مافی مرۆڤ دەگرين، ئێمە ديموكراســـی دەپارێزين، ئێمـــە پابەندين بەشەفافيەتەوە و لەســـەر بنەمای شەفافيەت كارەكانمان جێبەجێ دەكەين، راستە گەندەڵيمان هەيە بەڵام بەو ئاســـتە نييـــە كەباس دەكرێت، راســـتە رۆتينمان هەيە، بەڵام كارمانكردووە بۆ چارەسەركردنی،ئەگەر لەسەر ئەم بنەمايە ئێمە بانگەشەكانمان بۆ وەبەرهێنان بەردەوام بێت، من وای دەبينم زۆر سەرنجراكێشتر دەبێت، لەوەی من ئێستا بە ئێوە بڵێم دەتوانم تاساڵێكی ديكە ٥٠ مليار دۆلار بهێنمە كوردستانەوە.

*** ئێوە ئاماژەتان بەچەند لايەنێكی گرنگ كرد، وەك پاراستنی مافی مرۆڤ و ديموكراسی و كەمكردنـــەوەی گەندەڵـــی و كەمكردنەوەی رۆتين، من دەمەوێت بپرســـم، ئايـــا دەتوانين بەرەو پێشـــەوەچوونی وەبەرهێنان لەكوردستان، رەنگدانەوەی ئەو بەرەو پێشەوەچوونانەيە، جيهان ئەم بەرەو پێشوەچوونانەی لەبەرچاو گرتووە؟**

- بە تەئكيـــد، لەبەر ئەوەی ئـــەو هەنگاوانە خۆی لەخۆيـــدا هەنگاوێكە بـــەرەو كرانەوە، هەنگاوێكـــە بەرەو دامەزراندنی سيســـتمێكی حكومڕانـــی مۆدێـــرن، لەبەرئـــەوەی ئەمانە ئاماژەن، هەر بۆنموونـــە، ئەگەر هاوڵاتيەكی ئەمريكی يان بزنســـمانێكی ئەمريكی بەسەر ئەو هەموو كيشـــوەرانە بازبدات بێت لەهەرێمی كوردســـتان وەبەرهێنـــان بـــكات، دەبێت لەمە تێبگەين، راســـتە ئەو قازانج دەكات، راســـتە ئـــەو بۆ قازانج دەگەڕێت، بـــەڵام ئەگەر بێتو ســـەيری قازانجەكەی ئەو بكەيـــن و لەگەڵ ئـــەو قازانجـــەی ئێمە كردوومانـــە بەراوردی بكەين، دەبينين، ئێمە زياتر قازانجمان كردووە، لەبەرئەوەی ئەو بزنســـمانە ئەمريكيە دەتوانێت لەوڵاتێكی تريشدا ئەو قازانجە هەر پەيدابكات، بەڵام كە من ئەوم دۆڕاند ئاسان نييە كەسێكی ديكە بدۆزمەوە، بۆيە ئەمە بەڵگەنامەن، ئەمانە ئاماژەن، من ناڵيم لەكوردستان كەموكورتيمان نييە، بەڵام كێشەكان بەرەو چارەسەركردن دەچن، لەبەرئـــەوەی دان بەكەموكورتيەكانيشـــماندا دەنێيـــن، ئومێدی چارەسەركردنيشـــمان هەيە. دەڵێيـــن وەرن پێكەوە با چارەســـەری بكەين. لەگەڵ ئـــەوەی من ئەو مافـــە بەخۆم نادەم بەناوی هيچ وەزيرێكی بەڕێزەوە قســـە بكەم، بەڵام هێندەی من ئاگادارم، هيچ وەزيرێك يان بەرپرسێكی حكومەت، هيچ پێشنيارێكی رەت نەكردۆتەوە، ئەگەر لەســـەر بنەمايەك بووبێيت و لەدەرەوەی حكومەت هاتبێت، ئەمانە خۆيان لەخۆياندا بوونە هۆكاری سەرنجراكێشان. هەر بۆنموونە، زۆرجار وەبەرهێن هاتۆتە ئێرە لەسەر مەسەلەيەكی دياريكراو بۆچونێكی هەبووە، كە ئەو مەسەلەيە يان ئەو ماددە بەو شێوەيە نەبێت بەم شيوەيە بێت، ئێمە پاش ئەوەی ديراسەتمان كـــردووە و بەدوادچوونمـــان لەســـەر كردووە و گەيشتيوونە قەناعەت بۆ چونەكەی راستە، كە دواتر پەيوەنديمـــان پێوەكردووە و پێمانگووتووە، لەســـەر پێشـــنيارەكەی تۆ فلان مەسەلەمان گۆڕيوە، خـــۆی مەزندەی نەكـــردووە، نابێت ئەوەمان لەبير بچێت ئێمە پێشـــتر لەجيهانێكی داخراودا بووين، نەماندەزانی لەو ديو سنوورەكانی كوردســـتان چی هەيە، بۆيە لەدوای راپەرين بەگشـــتی و لەدوای رووخانی رژێمی بەعس بەتايبەتی، مـــن پێموايە هەنگاوی باشـــمان بڕيوە، بەڵام رێگەكەمـــان دوورە، رێگەكە پڕە لەســـەختی، ئەگەر لەقينەك لەسەر ئينتمامان دروســـتبێت، دەبێـــت بەزوويـــی ئـــەو لەقينە چاكبكەينەوە، دەبێت ئەوەمـــان لەبەرچاو بێت وەبەرهێنێك نايەتە ناو وڵاتەكەمەوە، ئەگەر لەوە دڵنيا نەبێت وڵاتەكەی خۆم خۆشدەوێت، ئەگەر لەوە دڵنيا نەبێـــت هەموو هاوڵاتيەك ئينتمای بۆ خـــاك و وڵاتەكەی خـــۆی هەيە. ئەمەش لەبەرئەوەيە ئەو ترســـی ئـــەوەی دەبێت ئەگەر مـــن وەفام بۆ وڵاتەكەی خۆم نەبێت وەفاشـــم بۆ ياساكە و سەرمايەكەی ئەويش نابێت، بۆيە بەپێوستی نازانێت خۆی بخاتە مەترسيەوەو بێتە كوردســـتان كار بكات، دەچێتە وڵاتێك كە ئەو

**لەماوەی ساڵێک دوو ساڵی داهاتوودا هەنگاو بەرەو ئەوە هەڵدەگرین، کوردستان بکەینە پایتەختی تەندروستی، نەک تەنها بۆ عێراق بەڵکو بۆ سەرجەم ناوچەکە**



مەترسیانەی تێدا نەبێت.

*** ئایا تاچەند خودی یاسای وەبەرهێنانی کوردستان بۆتە هۆکاری سەرنجراکێشانی وەبەرهێنان؟**

- بێگومان خودی یاسای وەبەرهێنان هۆکارێکی دیکەی گرنگی سەرنجڕاکێشانی وەبەرهێنانانە، بەپێی قسەی هەموو ئەو پسپۆڕ و توێژەرانەی سەردانمان دەکەن، یان ئێمە سەردانیان دەکەین، یاسای وەبەرهێنان بەیاسایەکی رێکوپێك باس دەکەن، راستە خۆمان وای دەبینن کە یاساکە پێویستی بەپێداچوونەوە هەیە و بەڵام خەڵکانی دەرەوە کە سەیری یاسا دەکەن، دڵیان بەیاساکە خۆشە.

*** جیاوازیەکی دیکەی دەستەی وەبەرهێنان ئەوەیە، لەگەڵ ئەوەی ئەم دەزگایەش یەکێکە لەدەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم دەزگایە کار بۆ فراواکردنی کەرتی تایبەت و بچووکردنەوەی کەرتی گشتی دەکات، پرسیاری ئێمە ئەوەیە، ئایا ئەم شێوازە تازەیە سەبارەت بەوڵاتی ئێمەو تاڕادەیەك ناوچەکەش چۆن تەفسیر دەکەن؟**

- راستە ئێمە بەشێکین لەحکومەت، بەڵام ئەم کارەی ئێمە بەشێکە لەستراتیژیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێمە وەك دەستەی وەبەرهێنان جێبەجێی دەکەین، حکومەت نایەوێت خۆی گەورە بکات، حکومەت خۆی دەیەوێت خۆی بچووکبکاتەوە، بەڵام حکومەت دەیەوێت ئەو بچوکبوونەوەیە بەبەرنامەیەکی زانستی رێکوپێك ئەنجامبدات، هەر بۆنموونە کاتێك یەکێك لەئامانجەکانی حکومەت گواستنەوەی خزمەتگوزاری بێت لەکەرتی گشتیەوە بۆ کەرتی تایبەت، دەبێت حکومەت لەوە دڵنیا بێت، ئایا کەرتی تایبەت دەتوانێت ئەو خزمەتگوزاریە هەڵبسوڕێنێت یان نە ؟ ئایا خەڵك چۆن سەیری ئەم هەنگاوە دەکات؟ راستە ئێمە کار بۆ ئەوە دەکەین هەتا بتوانین بەرژەوەندی حکومەت کەمبکەینەوە، هەتا بتوانین خزمەتگوزاریەکان بگوازینەوە بۆ کەرتی تایبەت، ئێمە چەندین پێشنیارمان کردووە بۆ وەزارەتەکان، تەنانەت هەندێك وەزارەت کە تەنها کارەکەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە، بۆ نموونە وەزارەتی پەروەردە بەخۆشحاڵیەوە بەڕێز وەزیری پەروەردە پێشوازی لەپێشنیارەکەمان کردووە، ئێستا کاری لەسەر دەکەین، ئایا وەزارەتی پەروەردە بۆچی سەرقاڵی دروستکردنی رەحلەی خوێندن و چاپکردنی کتێب و کڕینی قرتاسیە بێت؟ لەوەزارەتی پەروەردە زۆر موئەهەلات هەیە، وەك بوونی چاپخانە، بۆیە پێویستە کەرتی تایبەت ئەم ئیشانە بکات، لەبەرئەوەشی موئەهەلاتەکان هەن، کەرتی تایبەت دێت ئەم کارانە بکات. راستە ئەم بیرۆکەیە نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردن، بەڵام ئەوەی جێگای خۆشحاڵی بوو، ئەوەبوو وەزیری پەروەردە لەئێمە زیاتر خۆشحاڵبوو، وەزارەتەکە تەرکیز بکاتە سەر دانانی ستراتیژیەتی پەروەردەو فێرکردن، سەر گۆڕینی سیستم، سەر چاکسازی لەسیستمەکەدا، چاکسازی لەناو کارگێڕی وەزارەتەکەیدا بێت و، هێندە سەرقاڵی دابینکردنی پێداویستیەکانی قوتابخانەکان نەبێت.. لەبواری کەرتی کارەبا، توانیومان بواری بەرهەمهێنانی کارەبا بگەیەنینە کەرتی تایبەت، ئێستا کەرتی تایبەت ئەم کارە دەکات، ماوەتەوە ئەوەی ئایا ئێمە چی بکەین بۆ کاراکردنی کەرتی تایبەتیش؟ ئێمە هەموو کات ئەوەمان گووتووە و دووپاتیشی دەکەینەوە ئێمە پشتگیری کەرتی تایبەت دەکەین. ئایا چۆن پشتگیری کەرتی تایبەت دەکەین؟ ئایاکەرتی تایبەت دەزانێت چی دەوێت؟ یان ئایا ئێمە چ پرۆسەیەکمان هەیە بۆ پشتگیری کردنی کەرتی تایبەت؟ بێگومان لەوەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین پشتگیریکردنی کەرتی تایبەت یەکێکە لەئامانجەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە ئەگەر نەمانتوانبیت ١٠٠٪یش پشتگیری کەرتی تایبەت بکەین، بەڵام دەتوانین ئەوە بڵێین تاڕادەیەکی ئەوتۆ پشتگیریمان کردوون، کە بڵێین پشتگیریەکی باشمان کردوون، بەڵام دیسان ئەرکێکی گەورە لەسەر خودی کەرتی تایبەت خۆشیەتی کە خۆی پێبگەیەنێت، بگاتە ئاستێك لەپێدانی خزمەتگوزاریدا ململانێی حکومەت بکات، هەربۆنموونە ئەگەر وەزارەتی کارەبا بتوانێت تا ١٠ ساڵی دیکە بەتەواوەتی خزمەتگوزاری کارەبا بگوازێتەوە بۆ کەرتی تایبەت، ئەوا بڕێکی زۆر پارەمان بۆ دەگەڕێتەوە، ئەم پارەیە دەچێتە سەر چاودێریکردن و باشترکردنی کوالیتی بەرهەم.

*** هەندێکجار گوێبستی ئەوە دەبین ئەم پشتگیرکردنەی کەرتی تایبەت هۆکارێکە بۆ پشتگیری چەند کەسێك، یان راشکاوانەتر چەند بەرپرسێك ئەم بارودۆخە دەقۆزنەوە، بۆئەوەی بەزۆر خۆیان بکەن بەهاوبەشی سەرمایەدار و وەبەرهێن، ئایا تاچەند دەتوانی داکۆکی لەم حاڵەتە بکەیت؟**

- ئێمە بەپێی یاسا هاوبەشی بەزۆر یان شەراکەتی قەسریمان قەدەخەکردووە.بەڵام زۆر خۆشبەختیشین کە دەبینین کۆمپانیەکی

**ئەگەر هاوڵاتیەکی ئەمریکی یان بزنسمانێکی ئەمریکی بەسەر ئەو هەموو کیشوەرانە بازبدات بێت لەهەرێمی کوردستان وەبەرهێنان بکات، دەبێت لەمە تێبگەین**

**ئێمە نامانەوێت ئەزموونی هەندێک لەدەوڵەتانی عەرەبی دووبارەبکەینەوە، ئێمە دەمانەوێت خۆمان خاوەنی پرۆژەکانی خۆمان بین، توانا مرۆییەکانی کورد بتوانێت ئەو پرۆژانە بەڕێوەبەرێت**

ناوخۆ لەگەڵ وەبەرهێنێکی بیانی هاوبەشی یان شەراکەتێکیان هەیە و، پێکەوە دێنەپێش بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەیەک. بۆیە تەئکیدی دەکەمەوە لەدەستەی وەبەرهێنان شەراکەتی قەسری نییە، بەڵکو زۆر جار وەبەرهێنێکی بیانی دێتە لامان پێماندەڵێت پێویستم بەشەریکێکە، بەڵام لەناو دەستەی وەبەرهێنان بەخۆشەوە هیچ کەسێك بۆی نییە شەریکێکی دیاریکراو بۆ هیچ وەبەرهێنێك دیاری بکات، تەنانەت شەریکێکی پێ بناسێنێت، ئێمە پێیاندەڵێین، دامەزراوەمان هەیە، کە بریتین لەژوورەکانی بازرگانی، یەکێتی بەڵێندەران، یەکێتی پیاوانی کار، بڕۆن لەگەڵ ئەو دامەزراوانە قسە بکەن. ئێمە دەتوانین ڕێنماییتان بکەین، لەم شەراکەتە تەنها مەبەستمان قازانجی کەرتی تایبەتی خۆماڵی نییە، ڕاستە حەزدەکەین کەرتی تایبەتی خۆماڵی قازانج بکەن، سەرمایەی ئەوان سەرمایەی نیشتمانی ئێمەیە و پێویستمان بەوەیە ئەوان گەشە بکەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پێوستمان بەڕاستیش هەیە، واتە ئەوەی ئامانجمانە زیاتر وەرگرتنی سیستەمە، ڕاکێشانی تەکنەلۆژیایە.

*** ئێمە لەشەراکەتی قەسری مەبەستمان ئەوەیە، واتە بەرپرسێکی حزبی گەورە بیسەپێنێت کە کۆمپانیایەکی باش هاتووە و دەبێت ببێتە شەریکی، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك ڕاستە؟**

-من ناڵێم ئەمە نییە، ناتوانم بڵێم بوونی نییە، بەڵام ئەمە تەنها بۆ ئەو وەبەرهێنەرانەیە کە ئامادەنین لەدەرگاوە بێنە ژوورەوە، کە ئامادەن لەتاریکیدا کاربکەن و ڕاست نین، لەگەڵ ئەوەشدا تائێستا هیچ وەبەرهێنەرێك نەهاتووە بەئێمە بڵێت ڕووبەڕووی فشار بۆتەوە و لەلایەن کادرێکی عەسکەری یان حکومییەوە داوای ئەوەی لێکراوە ببێتە شەریك لەگەڵیدا، من بەئەمانەتەوە دەیڵێم ئێمە بەهەموو وەبەرهێنەرێکمان گوتووە ئەوانەی هاتوونەتە لامان کە هیچ لایەنێك بۆی نییە بەزۆر بتانکات بەشەریکی خۆی و مەرجتان بەسەردا بسەپێنێت و تەنها دەستەی وەبەرهێنەرەکان دەتوانن مەرجتان بەسەردا بسەپێنن، ئەویش لەچوارچێوەی ئەو یاسایادا کە هەیە و ئێمە پێش ئەوەی لەگەڵیدا دابنیشین وێنەیەکی یاساکەی دەدەینێ یاخو پێشتر خۆی دراسەتی کردووە، من ناڵێم نییە، بەڵام ئەگەر ڕوویدات ئێمە بەرزی دەکەینەوە بۆ سەرووی خۆمان کە ڕاستەوخۆ بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی سەرپەرشتی کارەکانی ئێمە دەکەن، بەڵام بەئەمانەتەوە دەیڵێم تائێستا هیچ هەواڵێکی لەو شێوەیە بەمن نەگەیشتووە و کارمەندەکانی ئێمە ڕووبەڕووی هیچ کێشەیەکی لەو شێوەیە نەبوونەتەوە و هیچ کۆمپانیایەکی ناوخۆیی و دەرەکی بەئێمەی نەگوتووە ڕووبەڕووی فشار بۆتەوە لەلایەن کادرێکی سیاسی، یان عەسکەری یان ئیدارییەوە.

***بەڵام ڕەنگە زۆرجار کادری سیاسی یان عەسکەری خۆیان خاوەنی پرۆژە بووبێتن و هاتبن داوای مۆڵەتیان کردبێت، ئایا هەمان مامەڵەتان لەگەڵداکردوون کە لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکەدا دەیکەن؟**

- سەرەتا ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەشخاسدا ناکەین، ئێمە مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیا دەکەین و دەبێت پێشتر ئەو کۆمپانیایە تۆمارکرابێت بۆئەوەی شەرعیەتی یاسایی هەبێت، هەروەها بەپێی یاسا نابێت هیچ کارمەندێکی حکومی خاوەنی پرۆژە و کاری بازرگانی بێت، ڕەنگە هەندێ کادری سیاسی لەپشتەوە بۆ خۆی شەراکەتی لەگەڵ کۆمپانیەکدا کردبێت، بەڵام وەك گوتم ئێمە ڕەچاوی سەرمایە و کار و پرۆژەی کۆمپانیاکە دەکەین و وەك یەك مامەڵە و بەدوداچوونمان هەیە بۆ هەموو کۆمپانیاکان.

*** بۆچی هەمیشە کاری بازرگانی و دوڵەمەندبوون دەبەسترێتەوە بەمەسەلەی ئیستیغلال و کاری نایاسایی، لەکاتێکدا دەبینین لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا کەسانی خاوەن سەرمایە و ملیاردێر هەن، ئایا خۆشویستنی قازانج هۆکارێك نییە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە؟**

- ئێمە کێشەمان زۆرە، بۆ نموونە ئێمە کێشەی ئەوەمان هەیە نازانین کێ چەندی هەیە، لەوڵاتانی ئەورووپادا بۆئەوەی بزانن کادیرێکی حکومی چەندی سەرمایە هەیە لەڕێی سیستەمی بانکیەوە بەئاسانی دەتوانن دەستنیشانی سەروەت و سامانەکەی بکەن، بەڵام ڕەنگە ئەمە لە وڵاتی ئێمەدا پێویست بەگەڕان لەپشت پەردەوە بکات کە ئەوە کاری ئێمە نییە، بەڵام هەمیشە لەو وڵاتانەی لەسەرەتای گەشەکردندان و سەرمایەکی زۆر دێتە وڵاتەکەوە جۆرێك لەپشێوی دروستدەبێت، بەچەشنێك کۆمەڵە کەسێك زۆر بەخێرایی سەروەت و سامانێك زۆر کۆدەکەنەوە و کۆمەڵە کەسێکی دیکەش دووچاری هەرەس و ئیفلاس بوون دەبن.

*** لایەنێکی دیکەی گرنگ کە بۆتە ڕەخنە لەسەر ئێوە، کاتێك ئێوە تەفسیری بۆدەکەن، مایەی قەناعەت پێهێنانە، بەڵام ئەوەشی لەدەرەوە ڕەخنەتان لێدەگرن، دیسان واقیعەن مایەی قەناعەتە، بۆ نموونە، ئێوە شانازی بەوە دەکەن توانیووتانە چەندین گوندی ئەڵمانی و ئینگلیزی و ئیتالی و ئەمریکی دروست بکەن، بەڵام هەندێك بۆچوونیش**



**هەیە کە ئێوە شـــارەکانتان بـــەش کردووە، واتە چینێکی ئەرســـتۆکراتی و چینێکی هەژارتان دروســـتکردووە، هەروەهـــا زۆر ئـــەو رەخنەیە دووبـــارە دەکەنەوە، هـــەژارەکان هەژارتربوون و دەوڵەمەنـــدەکان دەوڵەمەنتـــر بـــوون، ئایا ئێوە خۆتان چۆن ئەم دوو واقیعە دەبینن، ئایا بیرتان لێکردۆتەوە؟**

-ئەمە ئـــەو پرســـیارەیە کە مـــن حەزمکرد وروژانـــدت و قســـەش زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام هەروەك لەســـەرەتاوە باســـمکرد، لەسەرەتای دەرکردنـــی یاســـای وەبەرهێنانـــدا، لەکاتی بانگەشـــەکردنمان بۆ وەبەرهێنـــان، کۆمەڵێك وەبەرهێنەری هۆشیارکردەوە کە ژینگەیەك هەیە ئـــازادە و ئامادەیە بۆ کاکردن، بەڵام ئەوان زۆر متمانەیان بە ژینگەکە نەبوو، دەترسان بەبوارێك دەستیانپێکرد کە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەو بوارە بۆ ئێمە ئاشکرابوو، ئەویش دروستکردنی خانوو و یەکەی نیشـــتەجێ بـــوون بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا ئێمە رێگەماندان، بێگومان سەرەتای دروستبوون بوو، دەمانویست جوانترین شـــێواز پیادەبکرێت و ســـیمایەکی جوان بدات بەشارەکان، ئەوەبوو دەستکرا بەوپرۆژانەی ئێوە ئاماژەتان پێکرد، کە لەدوای تێپەڕوونی ساڵێك ئەو پرۆســـانە بەردەوامیان هەیـــە. ئێمە دواتر کۆبونەویەکی گشـــتیمان لەناوخۆمان کرد بۆ بەدواداچوون و بەپێداچوونەوە بەسەر ئەو پرۆژە و بڕیار و کارانـــەی ئەنجامانداون، یەکێکیان لەوانە پرۆژەی دروســـتکردنی ئـــەو خانووانە بوو، نەك تەنها لەســـەر بناخەی بیرکردنەوەی خۆمان، بەڵگو ئێمە راو و بیربۆچونی خەڵك و دەزگاکانی راگەیەندنیشمان لەبەرچاودەگرت، دوای ئـــەوەی پێمانگوتـــرا کـــە گەڕەکـــی فیرعەونەکان و شـــاری خەونـــەکان چەندەها ناوی دیکـــە هەیە، ئێمـــە بڕیارماندا لەگەڵ وەبەرهێنەرەکاندا قسەبکەین بۆ ئەوەی خانووی هەرزارنبەها دروست بکەین، وەبەرهێنەرەکانیش دوای توێژینەوە لەبـــازاڕ و توانای کڕین بەو دەرئەنجامە گەیشـــتن کە توانـــای خەڵکانی هەژار و گەنج و ئەوانەی لەســـەرەتای ژیاندان لەو ئاستەدا نییە کە بتوانن خانووی تازە بکڕن، لەبەرئەوە گوتیان ئەگەر خانوو دروست بکەین کێ لێمان دەکڕێ؟ ئێمە بیرمان لەمیکانیزمێك کردووە بۆ باشترکردنی توانای خەڵکانی هەژار و کەمدەرامـــەت بۆ ئەوەی توانـــای کڕینی خانوویان هەبێت، خەڵکی گەنج بکەین بەخاوەنی خانوو، بەتایبەتی هەســـتمان کرد لەیاســـای پێشینی خانووبەرە باس لەوە دەکرێت دەبێت ئەو کەسەی دەتوانێت ســـوودمەند بێت فەرمانبەر بێت و ســـێ منداڵی هەبێت، واتە ئێمە درکمان بەوەکرد کەلێنێـــك هەیە دەبێت پڕی بکەینەوە. ئێمە توێژینەوەیەکمان پێشکەشـــی حکومەت و بەرپرسانی سەرووی خۆمان کرد و بەڕاشکاوی ئاماژەمان بۆ پـــرۆژە کۆنەکان کرد و ئەوەمان خستەڕوو کە ئێمە نەك کێشەی نیشتەجێبوونمان چارەســـەر نەکردووە، بەڵکو ئاڵۆزترمان کردووە، هەروەهـــا ئێمە لەڕێی پڕۆژەکـــەی خۆمانەوە ئامادەگـــی خۆمان دەربڕی بـــۆ ئەوەی کار بۆ چارەســـەرکردنی بکەین، بەهەمان شـــێوە لەتوێژینەوەکەمانـــدا لەدادگاکانەوە دەســـتمان پێکـــرد کە بۆمـــان دەرکەوت رێـــژەی تەڵاق زیادی کردووە و بەشێك لەهۆکارەکەش شوێنی نیشتەجێبوونە، بۆ نموونە جاری وا هەبووە سێ خێزان لەیەك خانوودا ژیـــاون، هەروەها بۆمان دەرکەوت ئەوانەی پێشتر ئەم خانووانەیان کڕیوە خانـــووی دیکەیان هەیە و بۆ ئـــەوە کڕیویانە کە نرخەکەی بەرزبێتەوە و دواتر بیفرۆشـــنەوە، یاخود بۆ مەبەستی حەســـانەوە و گەشتکردن بەکاریدەهێنن، ئێمە ئەوەمـــان بۆ دەرکەوت بۆ دروســـتکردنی ئەم پرۆژانە زەوی وەردەگیرێت و دواتـــر دەبێت بەشـــێك لەبودجەی حکومەت بـــۆ دابینکردنی خزمەتگـــوزاری بێت بۆ ئەم شوێنانە، بۆیە ئێمە هەڵسایین بە:

ا- دروســـتکردنی ســـندوقی نیشـــتەجێکردن بەســـەرمایەی ١٠٠ ملیـــۆن دۆلار بۆئەوەی ئاســـتی کڕینی خەڵکی گەنج و کەمدرامەت بەرز بکەینەوە. لەڕاستیدا ئێمە تەنها پرۆژەکەمان پێشکەشکرد ئەگەر پەســـەند نەکرایە کارەکان بەڕێـــوە نەدەچوون، بەڵام ئەمـــەش هەر تەنها کاری ئێمە نییە، کاری هەموو حکومەتە.

ت- خۆشـــبەختانە ئێســـتا ١٤ هەزار یەکەی نیشـــتەجێبوون لە قۆناخـــی جێبەجێکردندایە، ١٤ هـــەزار خێزانـــی کەمدرامـــەت، توێژی گەنج، کەسوکاری بەشـــەڕەفی شەهیدەکان و کەمئەندامەکانیش قەزرێکی باشیان لەحکومەت وەرگرتووە و ئەو خانووانەیان کڕیوە.

ث- ئێمە گەنجمان کرد بەخاوەنی خانوو، ئەو گەنجانەی تەمەنیان لەســـەروو سی ساڵەوە و خەڵکێکی ئاساییین لەسەدا ٣٠ ی قەرزەکەیان پێدەدرێت، هەروەهـــا ئەوانەی تەمەنیان لەخوار سی ســـاڵەوەیە لە ســـەدا ٥٠ ی قەرزەکەیان پێدەدەین، ئەمـــەش زۆرێك لەباوکانی هاندا بۆ ئەوەی خانووەکان بکەن بەناوی منداڵەکانیانەوە و هۆکارێك بوو بۆ بەستنەوەی گەنجەکان بەئاو و خاك و وڵاتەکەی خۆیانەوە.

ج- هەروەها کارمان کـــرد کەمئەندامەکانیش وەك گروپێکی شایســـتە ئەوانیش لە سەدا ٥٠ ی قەرزەکانیان پێبدرێت.

بۆ ئەم مەبەستە ئێمە چەند رێنماییەکمان دەرکرد کە لەســـەرەتادا رەخنەی لێگیـــرا، بەڵام دواتر دەرکەوت کە لەجێی خویـــدا بوونە، بۆ نموونە ئێمە قەرزمانداوە بەو کەســـانەی کە خانوویەك لەو پرۆژانە دەکڕن کـــە مۆڵەتی وەبەرهێنانی هەیە، ئەمە بۆچی؟ لەبەرئەوەی ئەو پرۆژانەی مۆڵەتیـــان هەیـــە وەزەراتە پەیوەندیـــدارەکان خزمەتگوزاریـــان بۆ دابین دەکـــەن، واتە ئێمە مۆڵـــەت نادەین تاوەکو وەزارەتـــەکان بودجەی تایبەت بـــۆ دابینکردنـــی خزمەتگوزاری بۆ ئەو شـــوێنانە دابین نەکەن، چونکە ئێمە پێشتر ئەو ئەزموونەمان بینیـــوە کە نزیکەی ٤٠ بۆ ٥٠ ماڵێك لە شـــوێنێکی دوورەدەســـت خانوو دروستدەکەن، بێئەوەی هیچ بەرنامەیەك هەبێت و ژیانێکی سەخت بەڕێوەدەبەن، ئەم حاڵەتە لە ســـلێمانیدا بەدی کرا. ئێمە کارمان بۆ قەزا و ناحیەکانیش کردووە، چونکە لە سلفەی عەقاردا پارەی ئەوان کەمترە، بەڵام ئێمە کارمان کردووە کە تێکڕایی قەزا و ناحیەکانیش لە ســـەدا ٥٠ ی قەرزەکـــە وەربگرن و ئێســـتاش کۆمەڵێك پـــرۆژەی باش لەقـــەزا و ناحیـــەکان لەلایەن وەبەرهێنەرەکانەوە کراوە.

*** ئـــەی مەســـەلە ئەو قیســـتانەی باســـی لێوەدەکرێت ئایـــا لەلایەن ئێوەوە دیاری دەکرێت یاخود پەیوەستەوە بەکۆمپانیاکە خۆیەوە؟**

- ئەوەیان دەچێتە بواری ململانێیەوە و شتێکی باشیشـــە، بۆ نموونە پرۆژەی کوردسیتی هەیە لەســـلێمانی کە ٩٦٠ شـــوقە دروســـتدەکات، نرخی شـــوقە گەورەکانیان ٥٠ هەزار دۆلارە، ١٠ دۆلاری بەســـاڵێك یان بەساڵ و نیوێك لێ وەردەگرێت بە ٤ قیست، ٢٥ هەزارەکەی لەئێمە وەرگرتووە کە ئێمە قەرزە داومانە بەو کەسەی دەیکڕێـــت و ١٥ هەزارەکـــەی تریش خۆی بۆ کڕیارەکەی کردووە بەقیست، لەهەولێر پرۆژەی ئاشـــتی هەیە کارێکی لەو شێوەیەی کردووە، ئێمە ناتوانین لەڕێی یاســـاوە ئەمە بسەپێنین و ئەمە تەنها مەســـەلەی ململانێی نێوان ئەو پرۆژانەیە و شتێکی باشیشە.

*** لەوڵاتانـــی عەرەبـــی ئیســـلامی، چەند نموونەیەکـــی کەمی لێ دەربچێـــت، هەموو حکومەتـــەکان دەخـــوازن، دەســـت لەهەموو کاروبارێك وەربدەن، خۆیان ســـەرچاوەی هەموو خزمەتگوزاریەك بن بۆ هاوڵاتیان، دیســـان ئەو پرســـیارە دووبارە دەکەمەوە، وەك تۆش ئاماژە پێکرد، ســـتراتیژی حکومەتـــی ئێمە ئەوەیە کارەکانی سەرشـــانی ســـووك بکات و خۆی بچووك بکاتەوە، ئایا نهێنی ئەم ستراتیژە لە**

ئێمە ئامانجمان ئەوەیە باسی ئەوە بکەین، ئایا ئەو دەزگایە توانیویەتی چەند رۆتین کەمبکاتەوە، چەند توانیومان ئەو کاتەی بۆ مۆڵەتێک پێویستە وەریبگرێت، تاچەند ئەو کاتە کەمبکەینەوە، چەند توانیومانە کاریگەریمان لەسەر ئەقڵیەتی هەندێک کادری دیکە هەبێت لەهەندێک وەزارت بۆئەوەی وەڵامان بداتەوە، تاکو ئێمەش بتوانین وەڵامی وەبەرهێنەکە بدەینەوە؟

**دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت وەبەرهێنێک نایەتە ناو وڵاتەکەمەوە، ئەگەر لەوە دڵنیا نەبێت وڵاتەکەی خۆم خۆشدەوێت، ئەگەر لەوە دڵنیا نەبێت هەموو هاوڵاتیەک ئینتمای بۆ خاک و وڵاتەکەی خۆی هەیە**

**لەدەستەی وەبەرهێنان شەراکەتی قەسری نییە، بەڵکو زۆر جار وەبەرهێنێکی بیانی دێتە لامان پێماندەڵێت پێویستم بەشەریکێکە، بەڵام لەناو دەستەی وەبەرهێنان بەخۆشمەوە هیچ کەسێک بۆی نییە شەریکێکی دیاریکراو بۆ هیچ وەبەرهێنێک دیاری بکات، تەنانەت شەریکێکی پێ بناسێنێت**

**چیدایە؟**

- ئێمە ناڵێین حکومەت بچوک بێت، لەوانەیە پێویست بێت حکومەت بچوک بێت وەك قەوارە، بەڵام گەورە بێت وەکو بڕیار، وەکو بیرکردنەوە، حکومەت پێویستە تەرکیز بکاتە سەر دانانی ستراتیژی وڵات، حکومەت پێویستە تەرکیز بکاتە سەر سیستەمی پاراستنی موستەهلیك، سیستەمی پاراستنی بەرهەمهێنەر، ئێمە کەدەڵێین کەرتی تایبەت بەهێز بێت، مەبەستمان ئەوە نیە ئەم بەهێزیە لەسەر حسابی هاوڵاتیان بێت، مەبەستمان ئەوەیە هاوسەنگی هەبێت، ئەوەی ئەو هاوسەنگیە دەپارێزێت، پێویستە حکومەت بێت، ئەوەی چاودێری جێبەجێکردنی یاساکان دەکات پێویستە حکومەت بێت، ئەوەی لێپرسینەوە دەکات چ لەگەڵ کەرتی تایبەت یان هاوڵاتی پێویستە حکومەت بێت. ئێمە ناڵێین لەکابینەی داهاتوو وادەبێت، بەڵکو دەڵێین ستراتیژیەتی حکومەت بەم ئاراستەیەیە و دەبێت وابێت، لەوانەیە ئێمە لەماوەی ١٥ ساڵدا بگەینە ئەوەی هەموو دامەزراوە خزمەتگوزاریەکانمان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەببرێن.

*** بەڵام ئایا وڵاتانی دوای شەڕ کە وڵاتێکی وێران جگە لەراکێشانی وەبەرهێنان بۆ نموونە ئێمە ئەزموونی پلنگەکانی ئاسیامان هەیە کە لەرێی وەبەرهێنانەوە ئەم کاریان کرد- رێگایەکی دیکەیان هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات، ئایا ئەزموونێکی جیاوازتر لەجیهاندا هەیە کە حکومەت خۆی بودجە بۆ هەموو بوارەکان تەرخان بکات و جێبەجێیان بکات؟**

- لەڕاستیدا هەر وڵاتێك بەپێی ئەو سەرچاوە سروشتیانەی هەیەتی و بەپێی جۆری سیستەمی حکومڕانێتیەکە ئەو مۆدیلە پیادە دەکات کە بەگونجاوی دەزانێت، بۆ نموونە لەهەندێ وڵاتی پێشکەوتوودا تەنانەت پرد و ڕێگاوبانەکانیش لەلایەن کەرتی تایبەتیەوە جێبەجێ دەکرێن، ئێمەش لەکوردستاندا بودجەی وەبەرهێنانمان هەیە»میزانیەی ئیستسماری» کە هەندێ کەس بەهەڵە وادەزانێت لەژێر دەستەی وەبەرهێنانەدایە، بەڵام راستیەکەی ئەوەیە دەدرێت بەوەزارەتی دارایی و پلاندانان، ئەمە جگە لەبودجەی تەشغیلی کە ئەویش بۆ هەڵسوڕاندنی دامەزراوەکانی حکومەت و دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانە. ئێمە ساڵی پار لەدەستەی وەبەرهێنان پێشنیاری پڕۆژەی BOT. BUILD OPERAT” TRNSFER کرد بەواتای دروستکردن و بەڕێوبردن و دواتر گەڕاندنەوەی پڕۆژەکان بۆ حکومەت، چونکە ئەمە لەوڵاتانی پێشکەوتووش کاری پێدەکرێت کە کەرتی تایبەتی بەشداری لەبنیاتنانی پڕۆژەکانی ژێرخاندا دەکات، بەڵام دوای تەواوبوونی و دوای هەڵگرتنەوەی قازانجی خۆی لە ماوەیەکی دووردا، پڕۆژەکە دەگەڕێنێتەوە بۆ حکومەت، جا دەکرێت ئەمە پڕۆژەی دروستکردنی ڕێگاوبانەکان بێت، پڕۆژەی دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانەکان بێت، هەروەها دەکرێت پڕۆژەی دروستکردنی وێستگەی کارەبا و تۆڕەکانی دابەشکردنیان بێت. ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانیدا کاری جیددی بۆ ئەم مەسەلەیە دەکەین، لەسەرەتادا ڕووبەڕووی کێشە بووینەوە کە زۆرێك لەوانەی لەکەرتی تایبەتدا کاریان دەکرد تێنەدەگەیشتن، بەڵام ئێستا کێشەی سەرەکیمان نەبوونی یاسایەکە بۆ ڕێکخستنی ئەم کارە و پێدانی زەماناتە بەپێی ئەو یاسایە بۆ وەبەرهێنەرەکان.

*** مەبەستم لەپرسیارەکە ئەوەبوو کاتێك لەسەردەمی بەعسدا کە پڕۆژەیەکی تەئمیم دەکرا دەبوو بەپڕۆژی پشوو، یاخود لەمیسردا لەسەردەمی جەمال عەبدولناسر کە کەناڵی سوێس خۆماڵی کرا بوو بەسەرکەوتنێکی نیشتمانی و عەرەبی، بەڵام رەنگە ئەگەر میسر ببێت بەدیموکراتی، ئەوا دووبارە بەتایبەت بکرێتەوە، ئایا ئەوانەی کەرتی تایبەتیان بچوك کردۆتەوە نموونەیەکی باشیان خستۆتەڕوو، یاخود ئایا نهێنی گەورەکردنی کەرتی تایبەت چییە؟**

- لەدوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتەوە هەموو ئەو وڵاتانەی کاریان بەم مۆدێلە دەکرد پاشەکشەیان کرد و کاریان بەسیستەمی بازاڕی ئازاد و کراوە کرد، تەنانەت ئەو وڵاتانەی کەرتی گشتیشیان بچوك نەکردەوە و کەرتی تایبەتیشیان گەورە نەکرد، هەوڵیاندا هاوسەنگیەك دروست بکەن لەنێوانیاندا، ئێمە لەکوردستان کار بەهەردوو شێوازەکە دەکەین، واتە حکومەت خانوو دروستدەکات و کەرتی تایبەتیش دروستی دەکات، بۆ نموونە حکومەت لەهەندێ قەزا و ناحیەکاندا چەند بینایەیەك بۆ یەکە ئیداریەکان دروستدەکات کە دەکرێت کەرتی تایبەتی دروستی بکات و بەکرێ بیدات بەحکومەت، هەروەها ئێمە لەو بودجەی وەبەرهێنانەی هەمانە کە ساڵانە چەند ملیار دۆلارێکە پڕۆژەکان تەنها لەلایەن وەزارەتەکانەوە جێبەجێ دەکرێت، دەکرێت ئێمە بچینە شەراکەتەوە لەگەڵ کەرتی تایبەتیدا و پارەی زیاتر رابکێشین بۆ ئەو پڕۆژانە، چونکە وەزارەتەکە خۆی نەخشەی پڕۆژەکە دادەنێت، خۆی سەرپەرشتی جێبەجێکردنی دەکات و خۆی بەڕێوەی دەبات، کاری بەڵێندەرەکانیش تەنها جێبەجێکردنە و دواتر پڕۆژەکە لەلایەن وەزارەتەوە بەڕێوەدەبردرێت، بەڵام ئێمە کار بۆ ئەوە دەکەین کە لە داهاتوودا



بەتایبەتی لەبواری فرۆکەخانە و بانک و تەئمیندا کار بەم شێوازە تێکەڵ بکەین.

*** ئەوەی ئێوە دەیکەن کارێکی هاوچەرخانەیە کە ئەمەش پێویستی بەکۆکردنەوەی زانیاری و داتا و ژمارە هەیە، ئایا لەم رووەوە ئێوە چیتان کردووە؟**

- لەراستیدا ئێمە مانگانە راپۆرتی خۆمان هەیە کە ئاوەڵایە و هەموو کەس دەتوانێت ببینێت و بۆ زۆربەی وەزارەتەکان و دەزگاکانی راگەیاندنیشی دەنێرین و زۆرجار قوتابیانی زانکۆ بەمەبەستی سوود لێوەرگرتنی بۆ توێژینەوە داوای دەکەن و بەکاری دەهێنن، ئێمە لەو راپۆرتەدا جۆری پرۆژەکە و شوێنی پرۆژەکە و ژمارەی مۆڵەتەکە و رۆژی دەستبەکاربوونی تێدا تۆماردەکەین، هەروەها ئێمە فەرمانگەیەکمان هەیە لەئاستی بەڕێوەبەرایەتی گشتیدا بەناوی زانیاری و لێکۆڵینەوە کە هەرچەندە بەپێی یاسا وەزارەتی پلاندانان ئەو شوێنەیە کە داوای زانیاری لێدەکرێت و ئێمە نامانەوێت ببینە بەدیل بۆ ئەو وەزارەتە، بەڵام ئێمە زۆرجار دەبینە کەناڵێك بۆ گواستنەوەی زانیاری لەو وەزارەتەوە بۆ وەبەرهێنەرەکان کە داوای ئەو زانیاریە دەکەن.

*** ئێمە دەزانین کە سیستەمی بانکی و تەئمین شادەماری ئیشی ئێوەن، ئایا لەسەر ئەم دوو بوارە هەستیارە چ کارێکتان کردووە، ئایا ئاستەنگەکان چین کە رووبەڕووتان بۆتەوە؟**


- ئێمە هەروەك چۆن باسی خاڵە بەهێزەکانی ژینگەی وەبەرهێنان دەکەین، بەجورئەتیشەوە باس لەخاڵە لاوازەکان دەکەین، یەکێك لەگرنگترین خاڵە لاوازەکانمان بریتییە لەنەبوونی سیستەمێکی بانکی رێکوپێك کە بۆتە هۆی نەبوونی سیستەمێکی تەئمینی رێکوپێك، ئێمە لەم رووەوە کار بەدەستووری عێراق دەکەین، بەپێی دەستوور دەبێت حکومەتی مەرکەزی مۆڵەت بەبانك بدات، واتە سیاسەتی دارایی و نەقدی لەدەسەڵاتە فیدراڵیەکانن و ئێمە دەستمانکراوە نییە لەم رووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا نزیکەی ٣١ بانك لە کوردستاندا مۆڵەتیان وەگرتووە و کاردەکەن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمانە بەڕاستی بانکن و سیستەمێکی بانکی رێکوپێکن و کاری وەبەرهێنان دەکەن یاخود قاسەیەکی گەورەن و تەنها کاری حەواڵە دەکەن، من دەڵێم هەردووکیانن، ئەگەرچی خەڵکی ئێمە بەکەمی پارەکانیان لەبانکدا ئیداع دەکەن، لەبەر دوو هۆ، یەکەمیان لەبەرئەوەی پێی نەڵێن ئەو پارەیەت لەکوێ بوو، دووەمیان لەبەرئەوەی متمانەی بەبانك نییە. ئێمە بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی باڵامان پێکهێناوە بەسەرۆکایەتی سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیرانیش جێگیریەتی لەلیژنەکەدا و داینەمۆی لیژنەکە وەزارەتی پلاندانانە و من ئەندامم تێیدا، ئێمە پێشنیاری دروستکردنی بانکێکی تێکەڵمان کرد بۆ راکێشانی سەرنجی بانکە گەورەکان، کە حکومەت بەرێژەیەکی دیاریکراو بەشداری تێدابکات بۆئەوەی ئەو متمانەیە دروست بێت و ئەمەش دەبێتە نەواتی سیستەمێکی بانکی رێکوپێك، هەروەها ئێستا بانکی کوردستان کاری باش دەکات، قەرز دەدات بەخەڵك و قەرز وەردەگرێت و حەواڵە دەکات. ئێمە کاتێك سندوقی نیشتەجێبوونمان دانا، پەیوەندیم کرد بەچەندین بانکەوە بۆئەوەی بەشداری لەبەڕێوەبردنیدا بکەن، بەمەرجێك بەشداربن لەدابینکردنی سەرمایەکەدا، بەڵام ئەوان ئامادەی بەڕێوبردن و هەڵگرتنی قازانجی خۆیان بوون، بەڵام ئامادەنەبوون بەشداری لەسەرمایەکەدا بکەن، بەهەمان شێوە ئێمە هەوڵدەدەین کۆمپانیایەکی گەورەی تەئمین دابنێین کە حکومەت بەشداربێت تێیدا بۆئەوەی هانی کۆمپانیا پسپۆڕەکان بدەین بەشداری بکەن. یەکەم پرسیاری وەبەرهێنەرە دەرەکییەکان دەربارەی سیستەمی بانکیە و من پێموایە ئەگەر ئەم سیستەمە دابنێین قەبارەی وەبەرهێنان بە رێژەیەکی گەورە بەرزدەبێتەوە و دەچێتە قۆناخێکی ترەوە.

*** ئەگەر لەکۆتایی ئەم دیمانەیە، شتێکت مابێت بیڵێیت؟**

من تەنها ئەوەندە دەڵێم ئێمە هەرگیز نەمان گوتوە هەموو شتێکی ئێمە راستە و هیچ هەڵەیەکمان نییە، ئیعتیرافکردنیشمان بەهەڵەکانی خۆمان نیشانەی ئەوەیە کە دەمانەوێت فێربین، ئەگەر هەڵەش کرابێت ئەوا بۆ کەمئەزموونی و پەلەکردنی خۆمان دەگەڕێتەوە و لەبەرژەوەندی هیچ کەسێك نەبووە، هەروەها هیچ نهێنییەکیش لەم دەستە و دەزگایەدا نییە بەکۆمپیوتەرەکەی خۆشمەوە.

**لەوڵاتانی ئەوروپادا بۆئەوەی بزانن کادیرێکی حکومی چەندی سەرمایە هەیە لەرێی سیستەمی بانکیەوە بەئاسانی دەتوانن دەستنیشانی سەروەت و سامانەکەی بکەن، بەڵام رەنگە ئەمە لە وڵاتی ئێمەدا پێویست بەگەڕان لەپشت پەردەوە بکات کە ئەوە کاری ئێمە نییە**

**بەپێی دەستوور دەبێت حکومەتی مەرکەزی مۆڵەت بەبانك بدات، واتە سیاسەتی دارایی و نەقدی لەدەسەڵاتە فیدراڵیەکان و ئێمە دەستمانکراوە نییە لەم رووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا نزیکەی ٣١ بانك لە کوردستاندا مۆڵەتیان وەگرتووە و کاردەکەن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمانە بەڕاستی بانکن**





**باڵیۆز پیتەر گالبرێس بۆ گوڵان:**

# بەرەوپێشچوونەکانی کوردستان ڕەنگدانەوەی تێڕوانینەکانی نێچیرڤان بارزانی و هاوەنگی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە

**وێنەی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩دا جیاوازە لەو وێنەیەی ١٥ ساڵ پێش ئێستا لەئارادابوو، کە هەرێمێکی دابەشبوو، لاواز و پڕمەترسی بوو، بەڵام حاڵی حازر هەرێمێکی گەشەکردوو، ئاسایش و لەبارە بۆ وەبەرهێنان**

*** لەکوردستاندا پرۆسەیەکی گەورەی وەبەرهێنان بەڕێوەدەچێت، بەچەشنێك زۆرێك لەوەبەرهێنەکانی جیهان ڕوویان کردۆتە ئەم هەرێمە، ئایا تاچ ڕاددەیەك کوردستان سەرکەوتوو دەبێت لەم پرۆسەیەدا؟**

- تائێستا کوردستان لەم ڕووەوە سەرکەوتوو بووە، لەبەرئەوەی دۆخێکی ئەمنی باش لەئارادایە، حکومڕانییەتیەکی سەرکەتوو هەیە، ئەم هەرێمە حکومەتی خۆی هەیە و سیستمێکی یاسایی هەیە کە وەبەرهێنەکان پشتی پێ دەبەستن. وەبەرهێنەکان متمانەیەکی زۆریان بەکوردستان و بەچۆنیەتی بەڕێوبردنی کاروبارەکان هەیە لەم هەرێمەدا.

*** ڕاکێشانی سەرنجی وەبەرهێنە دەرەکیەکان پێداویستی زۆری دەوێت، پێویستی بەسیاسەتێکی سەرکەوتوو و ستراتیژیەتێکی باش هەیە، ئایا تاچ ڕاددەیەك هاتنی وەبەرهێنە دەرەکیەکان بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە؟**

- ئەمە ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی سەرۆك وەزیران نێچیرڤان بازرانییە کە بایەخی بەڕاکێشانی وەبەرهێنانەکان داوە بۆ کوردستان و هۆکاری سەرەکی بووە لەدەرکردنی یاسای وەبەرهێنانی کوردستاندا، هەروەها سەرەڕای پشتیوانی و پاڵپشتی نێچیرڤان بازرانی دەبێت باس لەهاوکاری و پشتیوانی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیش بکەین، کەواتە ئەم سەرکەوتنە بۆ بوونی تێڕوانینێك دەگەڕێتەوە بەچەشنی تێڕوانینەکەی نێچیرڤان بازرانی و ئەو کۆدەنگیەی کە دروست بوو، کە وەبەرەهێنە دەرەکیەکان بە دوای ئەمەدا دەگەڕێن. وێنەی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٩دا جیاوازە لەو وێنەیەی ١٥ ساڵ پێش ئێستا لەئارادابوو، کە هەرێمێکی دابەشبوو، لاواز و پڕمەترسی بوو، بەڵام حاڵی حازر هەرێمێکی گەشەکردوو، ئاسایش و لەبارە بۆ وەبەرهێنان.

*** هەرێمی کوردستان بۆتە**

**کاتێك گوێ لەقسەکانی باڵیۆز پیتەر گالبرێس دەگرین، هەست دەکەین، کوردستان ئەو قۆناخەی تێپەڕاندووە، بەقسەی چەند لایەنێك کە مەبەستێکی ئایدۆلۆژی و یان بوغز و کینەی سیاسیی ڕێگەیان پێنەدا پێشکەوتنەکانی کوردستان ببینن، نائومێد بین، هەستدەکەین نەك هاوڵاتیانی کوردستان ڕێگە نادەن ئەو کرانەوەی کوردستان بەڕووی جیهان دابخرێت، بەڵکو جیهانیش ڕێگە نادات کۆمەڵگەیەکی کراوەی دیموکراسی بگەڕێتەوە دواوە و مۆدێلێکی چینی یان ستالینی تێدا پیادە بکرێتەوە، باڵیۆز گالبرێس ڕۆژێك لەناو کۆنگرێسی ئەمریکا لەسەر کورد بەوەڵام هات، کە سیاسەتی ئەمریکا لەو کاتدا بریتی لەپشگیری ڕژێمی سەدام حوسێن بۆ ئیحتواکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران، لەو کاتەدا، کە هیچ بەرژەوەندیەکی لەگەڵ کورد نەبوو، بەدەنگی بەرز لەناو کۆنگرێسی ئەمریکا، هێرشی کیمایی و جینۆسایدی دژی گەلی کوردستان ریسوا و مەحکوم کرد، بۆیە گالبریس شایستەی ئەوەبوو، دوای چەندین ساڵ لە حکومڕانی حکومەتی کوردستان و لەساڵیادی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ، لەلایەن سەرۆکی حکومەتی کوردستانەوە مەدالیای زێڕی وەفاداری بۆ کورد و ڕێزگرتنی لەمافەکانی مرۆڤی لە مل بکرێت، باڵیۆز گالبرێس لەنووسینەوەی دەستووری عێراقدا، هاوکارێکی گرنگی سەرکردایەتی سیاسیی کورد بوو، ڕاوێژکارێکی نزیکی بەڕێزان مام جەلال و سەرۆك بارزانی بوو، بۆئەوەی مافەکانمان لەدەستووری عێراقدا بسەپێنرێت، هەروەها یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی دیکەی گالبریس، کە گەلێك جار لەدیدارە تایبەتیەکانی لەگەڵ گوڵان لەکوردستان دووپاتی کردۆتەوە، ئەوەیە، ڕێنمایی کردوین، گرنگترین فاکتەری سەرکەوتنی کورد لەم قۆناخەدا یەکڕیزی نێو ماڵی کورد و تەبایی پارتی و یەکێتی یە، ئەم هۆکارە، هۆکاری سەرەکی پێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و بونیادی ئایندەیەکی پڕشنگدارتانە. لای گالبریس عێراق کۆتایی هاتووە، ئەمەش تەنها قسەیەك نییە و بەس بەڵکو ناونیشانی دواین کتێبیەتی، بۆیە بەپێویستی دەزانێت، کورد لەم قۆناخە ناسکە بێجگە لە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیە باڵاکانی کوردستان، دوای هیچ شتێکی دیکە نەکەوێت، گالبرێس چۆن لەم دیدارەی ڕاشکاوانە باس لەپێشکەوتنەکانی کوردستان دەکات، ئەو بوێریەشی هەیە دەستبخاتە سەر کەموکورتیەکانمان، بۆیە سەبارەت بەم باردۆخەی ئێستای کوردستان و سیاسیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کرانەوە و پەرەپێدانی کوردستان، پەیوەندیمان پێوەکرد، بەڵام لەبەرئەوەی لەئەفغانستان سەرقاڵی چەند کارێکی گرنگ بوو، بواری ئەوە نەبوو، بەدرێژی باسی هەموو لایەنەکانی ئەمڕۆی کوردستان بکەین، لەدیمانەیەکی کورتدا بەمجۆرە ڕای خۆی سەبارەت بەباردۆخی ئێستای کوردستان دەربڕی.**


**وەرشەیەکی گەورەی کارکردن و ڕەخساندنی هەلی کار، ئایا وەبەرهێنە دەرەکیەکان دەتوانن بەچ شێوەیەك یارمەتیدەربن لەم ڕووەوە؟ یاخود ئایا وەبەرهێنە دەرەکیەکان چەند ڕۆڵیان لەپێشخستنی ئەم وەرەشەی کارەدا؟**

- وەبەرهێنە دەرەکەکیان یارمەتیتان نادەن، ئەوان بۆیە پارەی خۆیان لەکوردستاندا دەخەنەگەڕ بۆ ئەوەی قازانج بکەن، بۆ ئەم کارەش لەوە دەکۆڵنەوە ئایا خەڵکانێکی بەهرەمەند لەکوردستاندا هەن، ئایا کەشێکی ئەمنی لەبار لەکوردستاندا هەیە بۆئەوەی لەبەگەڕخستنی سەرمایەکانیاندا سەرکەوتوبن، ئەوان بۆ ئەوە نەهاتوون یارمەتیتان بدەن. ئێوە ژینگەیەکی ئەمنی و کەشێکی کارکردنی گونجاوتان خوڵقاندووە، بۆیە سەرکەوتو بوونە. سەرکەوتنیش دەبێتە سەرچاوەی سەرکەوتنی دیکە، بۆ نموونە کاتێك خەڵك دەبینن کوردستان لەدۆخێکی باشدایە، ئەوا ئارەزووی هاتن و بەگەڕخستنی سەرمایەکانیان دەکەن لەم هەرێمەدا.

*** ئەگەر حکومەتی هەرێم لەدابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی و چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون سەرکەوتوو بوبێت، ئەوا چەند لایەنێك هەن کە هێشتا جێی گومانن، وەك پەرەپێدان و پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ، چۆن بتوانین سەرنجی وەبەرهێنە دەرەکیەکان بۆ گەشەپێدانی ئەم بوارە رابکێشین لەڕێی ڕێککەوتن بازرگانی-کشتوکاڵییەکانەوە؟**

- یەکێکی دیکە لەلایەنەکانی ڕاکێشانی وەبەرهێنەکان بنیاتانی ژێرخان و دروستکردنی فرۆکەخانەکانە، بۆ نموونە بۆ ئەنجامدانی گەشتی بەردەوام لەگەڵ ئەوروپادا، ئەوەی پەیوەندی هەبێت بەکەرتی کشتوکاڵەوە من پێموایە دەرفەتی زۆر لەئارادایە، بۆ نموونە کارگەری دروستکردنی دۆشاوی تەماتە لەهەریر دروستکرا، بەڵام من پێموایە دەبێت تەرکیز لەسەر ئەو پرۆژانە بێت کە کاڵاکان بۆ بازاڕەکانی عێراق بەرهەمدەهێنن.

**یەکێکی دیکە لەلایەنەکانی ڕاکێشانی وەبەرهێنەکان بنیاتانی ژێرخان و دروستکردنی فرۆکەخانەکانە، بۆ نموونە بۆ ئەنجامدانی گەشتی بەردەوام لەگەڵ ئەوروپادا**



**مایكل تۆماس سەرۆک بزنسمانانی بەریتانیا لەرۆژهەڵاتی ناوەراست بۆ گوڵان:**

# مەزندە دەكەم كوردستان بەماوەیەكی كەمتر لەئەڵمانیا و ژاپۆن خۆی بونیاد بنێتەوە

**بەدواداچوون و دیمانەكانمان لەگەڵ بزنسمان و خاوەن كۆمپانیا بیانیەكان بۆ ئەوە نیین، بەكارەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا هەڵبڵێین، نەخێر هەوڵدانێكمانە بۆ تێگەیشتن لەو سیاسەتەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ بونیادنانەوە و پەرەپێدان و رێكخستنەوەی ژێرخانی كوردستان پیادەی دەكات، ئەم سیاسەتە كارەكان ناكات بەموڵكی حكومەت، بەڵكو ئەو كارانەشی ئێستا حكومەت بەرێگەی جێبەجێكردنی راستەوخۆ، یان بەهاوبەش لەگەڵ كەرتی تایبەت جێبەجێیان دەكات، دەگوازێتەوە بۆ كەرتی تایبەت، بۆیە ئەم دیدارە بۆ پرسیاركردن نییە لەسەر ئەوەی حكومەت چی نەكردووە و دەیتوانی بیكات؟ نەخێر بۆ پرسیارێكی پێچەوانەیە، ئایا ئەو هۆكار و تەحەددیانە چین كە هەتا ئێستا رێگربوون، زۆربەی كارەكان نەگوازراونەتەوە بۆ كەرتی تایبەت، بۆ هەڵوەستەكردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە و بەدواداچوونە لەسەر ژینگەی كوردستان بۆ وەبەرهێنانی بیانی، مایكل تۆماس سەرۆكی بزنسمانانی بەریتانیا لەرۆژهەڵاتی ناوین بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** ئێوە بێجگە لەوەی شارەزایەكی گەورەتان لەبواری وەبەرهێنان و ژینگەی وەبەرهێنان هەیە، لەهەمانكاتدا، لەسەر بارودۆخی ئێستای كوردستان هەیە، حەزدەكەین، سەبارەت بەو ژینگەیەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ وەبەرهێنان فەراهەمی كردووە، بپرسین ئێوە چۆن ئەم ژینگەیە هەڵدەسەنگێنن؟**

- من پێموایە كوردستان توانا و پەرۆشی خۆی سەلماندووە لە بەرەوپێشبردنی هەرێمەكەی و هاندانی بازرگانی و وەبەرهێنان، باوەڕم وایە هەرێمی كوردستان ئەوە بۆ جیهان دەخاتەڕوو كە خوازیارە و دەتوانێت بە چەشنێك بەرەوپێشبچێت كە ببێتە هەرێمێكی ئارام و مەڵبەندێكی گرنگی ئابووری بۆ ناوچەكە. سەركردە كوردەكانیش كارێكی زۆرباشیان ئەنجامداوە، لەبەر ئەوەی ئاشتی و سەقامگیریان لە هەرێمەكەدا چەسپاندووە كە گرنگن بۆ پەرەپێدانی بازرگانی و وبەرەهێنان.

*** ئایا تا چ رادەیەك هاتنی وەبەرهێنە دەرەكیەكان بۆ سەركەوتنی سیاسەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەگەڕێتەوە؟**

- حكومەتی هەرێمی كوردستان زۆر چالاك بووە لە خوڵقاندن و خستنەڕووی ئەو هەل و دەرفەتانەی بۆ وبەرەهێنەرەكان ڕەخساوە لەو هەرێمەدا، بەڵام من پێموایە دەبێت كاری زیاتر بكرێت لەم ڕووەوە، مەبەستم لە زەقكردنەوەی ئەو دەرفەتانەیە بۆ وڵاتانی دەرەوە، بۆ نموونە زۆرێك لە خەڵكانی بەریتانیا ئاگاداری ئەم دەرفەتانە نین لە كوردستان، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە كە ئێمە پاڵپشتی لە بەستنی كۆنفرانسێك دەكەین لە لەندەن لە مانگی ئیلولەدا لەبارەی كوردستانەوە.

*** ئێمە دەرگای هەموو سێكتەرەكانی وەبەرهێنمان خستۆتە سەرپشت، بۆئەوەی وەبەرهێن وكۆمپانیاكانی بێن لەكوردستان كار بكەن، بەڵام تائێستا وەڵامدانەوەی دەرەوە لەئاستی خواستەكانی ئێمە نین؟**

- ئەمە پرسیارێكی فراوانە، چەند تەحەددیەك هەن كە دەبێت خەڵكی كوردستان و وەبەرهێنە دەرەكیەكان بەسەریاندا زاڵبن، یەكێك لەو تەحەددیاتانە بریتیە لە دانانی

**چەند تەحەددیەک هەن كە دەبێت خەڵكی كوردستان و وەبەرهێنە دەرەكیەكان بەسەریاندا زاڵبن، یەكێک لەو تەحەددیاتانە بریتیە لە دانانی ستانداردی جۆری، بۆ نموونە رەنگە هەندێ كەلوپەل و كەرەستەی بەریتانی لەڕووی جۆرییەوە زۆرباشترین لەكەرەستەكانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات**

ستانداردی جۆری، بۆ نموونە ڕەنگە هەندێ کەلوپەل و کەرەستەی بەریتانی لەڕووی جۆرییەوە زۆرباشتربن لەکەرەستەکانی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات، ئەگەرچی ئەوەی یەکەمیان گرانتر و ئەوەی دواییان هەرازنتریش بێت، بەڵام کاڵا و کەرەستە باشەکان بۆ ماوەیەکی زیاتر و درێژخایەنتر سوودیان لێ وەردەگیرێت.

*** لە ١ی مانگی حوزەیراندا سیاسەتی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان نەوتی ڕەوانەی دەرەوە کرد، ئایا ئەم هەنگاوە تا چ ڕاددەیەك دەبێتە پاڵ پشت بۆ پرۆسەی بەرەوپێشچوون، یاخود بە شێوەیەکەی گشتی چۆن لێکی دەدەیتەوە؟**

- بەڵام ئەوەندەی من ئاگاداربم داهاتی ئەو نەوتەش دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی عێراقی و دواتر دابەشدەکرێتەوە، لەبەر ئەوە من پێموایە دەبێت پەرە بە پیشەسازی نەوت بدرێت لەعێراقدا بۆ ئەوەی داهاتەکەی لەبەرژەوەندی خەڵکی وڵاتەکە زیاد ببێت.

*** ئەگەر حکومەتی هەرێم لەدابینکردنی خزمەتگوزاری گشتی و چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون سەرکەوتوو بووبێت، ئەوا چەند لایەنێك هەن کە هێشتا جێی گومانن، وەك پەرەپێدان و پێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ، چۆن بتوانین سەرنجی وەبەرهێنە دەرەکیەکان بۆ گەشەپێدانی ئەم بوارە ڕابکێشین لە ڕێی ڕێککەوتن بازرگانی-کشتوکاڵیەکانەوە؟**

- ئێوە خاڵێکی زۆر گرنگتان باسکرد، بەدڵنیاییەوە کەرتی کشتوکاڵ ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لەپێشخستنی کوردستاندا، لەبەرئەوەی هەلی کار بۆ خەڵکانێکی زۆر دابین دەکات، هەروەها دەبێتەهۆی بەرهەمهێنانی بەرهەمە خۆراکییەکان، لەبەرئەوە پێویستە کوردستان لەگەڵ وڵاتی بەریتانیادا کار بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی ئەم کەرتە بکات.

*** ئێمە دەزانین لەسەرەتای پرۆسەی گەشەپێداندا پێویستمان بەسیستمی بانکی و تەئمین هەیە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین پەرە بەم سیستمانە بدەین؟**

- ئێوە بە سەرکەوتوویی دەستتانکردووە بەبنیاتنانی سیستمی بانکی، بۆ نموونە ئێستا بانکی «دار السلام» هەیە لەهەولێر کە بەئاسانی و بەخێرایی پارەی کاش لەهەولێرەوە دەگوازێتەوە بۆ لەندەن، ئەمەش دەقاودەق ئەوەیە کە ئێوە پێویستتان پێیەتی بۆ پەرەپێدانی بواری بازرگانی.

*** ئایا ئەو هۆکارانە چین کە نیشانەی سەرکەوتنی پرۆسەی گەشەپێدانن لەقۆناخی پەرەپێداندا؟**

- من پێموایە پێویست بەپەرەپێدانی پەیوەندییەکان دەکات، بۆ نموونە نووسینگەی نوێنەرایەتی حکومەتی ئێوە لە لەندەن کارێکی باش دەکات، بەڵام نابێت تەنها پەرە بەپەیوەندیەکان بدرێت لەگەڵ سیاسیەکاندا، بەڵکو دەبێت پەیوەندیەکان لەگەڵ خاوەن کار و بازرگانەکانیش پێشبخرێت، پەیوەندیەك کە جێی متمانەی هەردوولابێت.

*** ئایا ئاماژەکانی سەرکەوتنی پرۆسەکە چین، یاخود ئایا لەچ کاتێکدا دەتوانین بڵێین سەرکردە کوردەکان ڕێگایەکی ڕاستیان گرتۆتەبەر؟**

- ئەگەر بەڕاشکاوی بدوێم ئەوا کوردستان ڕێگای ڕاستی گرتۆتەبەر، من لەگەڵ سەرۆك وەزیرانی ئێوەدا، نیچرڤان بارزانی، دانیشتووم، ئەو کەشێکی باش بۆ خاوەن کارەکان دەڕەخسێنێت، ئێمە پەیوەندی باشمان لەگەڵ ژووری بازرگانی ئێوەدا دروست کردووە، هەروەها نابێت ئێمە تەنها بایەخ بەهەولێر یان سلێمانی بدەین، بەڵکو دەبێت بایەخ بەدهۆك و ناوچەکانی دیکەش بدەین، بەهەمان شێوە ئێمە پەیوەندیەکی باشمان لەگەڵ نوسینگەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لەبەریتانیادا بەستووە.

*** ئایا لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە چ نەتەوەیەك سەرکەوتووبووە لەپرۆسەی بنیاتنانی نەتەوەدا، ئایا کورتترین ماوەی سەرکەوتنی پرۆسەی بنیاتانی نەتەوە چەند بووە؟**

- لەڕاستیدا وڵاتی وەك ئەڵمانیا، فەڕەنسا و بەریتانیا سەرکەوتوبوون، بۆ نموونە ئەم وڵاتانە دوای پێنج ساڵ توانیان دووبارە لەسەر پێی خۆیان ڕابوەستنەوە و دوای ١٠ساڵی بکەونەوەکار، من دەزانم ئێوەش هەمان ئەزموونتان لەگەڵ سەددام حوسێندا بردەسەر، بەڵام ئێوەش هەمان ڕێگای هەستانەوەتان گرتۆتەبەر و ڕەنگە ئێوە زووتریش ئەو کارە بکەن.

*** بەشێوەیەکی گشتی ئایا هۆکاری سەرەکی شکتسهێنانی پرۆسەی بنیاتنانی نەتەوە چییە؟**

- من ناتوانم وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم ئەگەر لەڕووی کوالیتیەوە ستانداردێك دابنێن بەتایبەتی لەکاتی دروستکردن و دانانی کارگەکاندا، ئەوا کارێکی باش دەکەن و سەرکەوتوو دەبن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- کۆمەڵەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەمانگی ئەیلولدا سەردانی کوردستان دەکات، ئێمە پەرۆشی ئەوەین چاومان پێتان بکەوێت و خوازیاری بەردەوامی پێدانی پەیوەندیە باشەکانمانین لەگەڵ ئێوەدا.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر چالاک بووە لە خوڵقاندن و خستنەڕووی ئەو هەل و دەرفەتانەی بۆ وبەرەهێنەرەکان ڕەخساوە لەو هەرێمەدا، بەڵام من پێموایە دەبێت کاری زیاتر بکرێت لەم ڕووەوە، زۆرێک لە خەڵکانی بەریتانیا ئاگاداری ئەم دەرفەتانە نین لە کوردستان، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە ئێمە پاڵپشتی لە بەستنی کۆنفرانسێک دەکەین لە لەندەن لە مانگی ئیلولەدا لەبارەی کوردستانەوە**





# ئێران و هەڵبژاردن.. ڕێگایەک بـ

له ئاكامی هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەی ئێران ناكۆكییەكی زۆر لە نێو بژاردەی سیاسی و ئایینی وڵاتەكە سەری هەڵداوە، كە بە شێوەیەك ئەمە یەكەم ململانێی گەورەی ناوخۆییە ئێران لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ١٩٧٩ەوە تووشی بووبێت. دەرەنجامی راگەیەندراوی هەڵبژاردنەكان لە لایەن دەوڵەت و لایەنگرانی ئەحمەدی نەژاد بە ڕێژەی ٦٢,٦٣٪ بۆ ئەحمەدی نەژاد و ٣٣,٧٥٪ بۆ موسەوی بوو. دامەزراوەی سیاسی ئێران كاردەكات بۆ زامن كردنی لەسەر دەسەڵاتبوونی ئەحمەدی نەژاد.

له ئاكامی دەنگدانی ڕۆژی هەینی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆكێك بۆ ئەو وڵاتە كە تێیدا مەحمود ئەحمەدی نەژادی كۆنسەرڤاتیڤ بە جیاوازییەكی زۆر بەسەر ركابەرە ریفۆرمخوازەكەی، میر حوسێن موسەوی دا سەركەوت، خۆپیشدانێكی بەرفراوان لە لایەن لایەنگرانی هەردوو ركابەر شەقامەكانی ئەو وڵاتەیان هەژاندووە، بەڵام لایەنگرانی موسەوی زۆرتر دێنە پێش چاو بە بەراورد لەگەڵ لایەنگرانی ئەحمەدی نەژاد. میر حوسێن موسەوی پێی وایە دەسەڵاتدارانی وڵاتەكە ئەنجامەكەیان ساختە كردووەو بە شێوەیەكی بەرچاو بۆ ئەحمەدی نەژادیان زیاد كردووە. جێی سەرنجە ئەحمەدی نەژاد بە شێوەیەكی زۆر بەرچاو، كە چاوەڕواننەكراو بوو، لە پێشی موسەوی بوو كە ڕێژەی جیاوازییەكە نزیكەی ٣٠٪ بوو. لەوەش سەیرتر، دەنگی شارۆچكەكەی خودی موسەویش بۆ ئەحمەدی نەژاد چوو بوو. میر حوسێن موسەوی رایگەیاند كە ئەو بە ٢ كاتژمێر لە دوای داخستنی بنكەكانی دەنگدان لە لایەن وەزیری ناوخۆی ئێران پیرۆزبایی بردنەوەی لێكراوە، بەڵام كاتێك ئامادەكاری دەكرد بۆ راگەیاندی سەركەوتنی خۆی لە نووسینگەكەی، ئەوە بە فەرمانی زارەكی دادوەری گشتی تاران هێرش دەكرێتە سەر نووسینگەكەی و رێگە لە راگەیاندنەكەی دەگرن. ئەحمەدی نەژاد رایگەیاند كە ناوچەكانی دەرەوەی شار و گوند و لادێكان ئەویان بە سەركەوتن گەیاندووە، بەڵام پرۆفیسۆر ئێریك هۆگلوند شارەزا لەسەر ناوچەی لادێیەكانی ئێران، ئەوەی بە بێ بنەما و ساختە لە قەڵەم داو و نووسیویەتی كە لە كاتێكدا كەمتر لە ٣٥٪ی خەڵكی ئێران لە ناوچە لادێكان دەژین، چۆن ڕێی تێدەچێت ئەحمەدی نەژاد ٦٣٪ی دەنگەكانی بردبێتەوە، هەروەها نووسیویەتی كە تەنانەت موسەوی لە لادێكانیش پشتیوانی زۆری هەبووە.

نارەزایی لەنێو سیستەمی حوكمڕان لە پێنجەم گەورەترین وڵاتی هەناردەی نەوت هەرگیز لەوەتەی جێگیربوونی شۆڕشی ئیسلامییەوە بەو شێوەیە ئاشكرا نەبووە و نەگەیشتووەتە ئاستی جەماوەری. بە گوێرەی دیپلۆماتێكی ڕۆژئاوایی لە تاران، ئەوە یەكەم جارە شتەكان ئاوەها دەكرێنەوە و لەوەوبەر هەموو لە پشتی دەرگاكانەوە ڕووی دەدا. لە چەند ڕۆژی رابردووش تا نووسینی ئەم راپۆرتە بە گوێرەی سەرچاوە فەرمییەكان ١٠ كەس كوژراون.

میر حوسێن موسەوی لە لایەن كەسایەتییە ناسراوە تەقلیدییەكانی وەك هەریەك لە سەرۆكەكانی پێشووی ئێران رەفسەنجانی و خاتەمییەوە پشتیوانی لێ دەكرێت، كە رەخنەی توندیان لە هەمبەر سیاسەتی گرژی دەرەوە و سیاسەتی جەماوەری ئابووری ئەحمەدی نەژاد هەیە.

سەرەڕای نارەزاییەكان، پێدەچێت ئەنجامەكان

نارەزایی لەنێو سیستەمی حوكمڕان لە پێنجەم گەورەترین وڵاتی هەناردەی نەوت هەرگیز لەوەتەی جێگیربوونی شۆڕشی ئیسلامییەوە بەو شێوەیە ئاشكرا نەبووە و نەگەیشتووەتە ئاستی جەماوەری



# ـۆ کرانەوە، دوو ڕێگا بۆ داخستن

وەك خۆیـــان بمێننەوە چونکە سیستـــەمی سیاســـی زۆر لـــە دەوری خامەنەئـــی کۆبووەتەوە. دوای ئەوەی موسەوی لەگەڵ خامەنەئی کۆبـــووەوە، خامەنەئی بڕیاریدا کە ئەنجوومەنی پاســـەوانان بە دەنگەکاندا بچنەوە. بەڵام چاودێـــران بەدووری دەزانن ئەنجامـــی ڕاگەیانراو گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا بێت، چونکە خامەنەئی بە ئاشکرا ئەحمەدی نـــەژادی دووجـــار وەك براوە و سەرۆکی هەڵبژێردراو ناساند، کە دواجاریان ڕۆژی هەینی بوو و گوتی ئەحمەدی نەژاد بێ شك براوەیە. هەروەها ئۆپۆزیسیۆنەکان ڕەخنـــەی ئەوەیان هەیە گـــەر هەمان ئەو کەســـانەی دەنگەکان بژمێرنەوە ئەوە هیچ لە مەســـەلەکە ناگۆڕێـــت، جگە لەوەش، ئەوان گلەییان لە بەڕێوەچوونی پرۆســـەکە لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکە هەیە. ئەوان دەڵێن زۆر لـــەو ژمارەیـــە چاوەڕوانکراوییە زیاتر وەرەقەی دەنگدان چاپ کرابوو، خەڵکانێك هەبوون وەرەقەی دەنگدانیان بەرنەکەوت بۆ ئەوەی نەتوانن لەو شـــوێنانەی کە مەیلیان بـــە لای ریفۆرمخوازەکاندا هەیە دەنگبدەن و,بنکەکانی دەنگدان زوو داخران و کۆمەڵێك شـــتی دیکە. لەوەش زیاتـــر ئەنجوومەنی پاسەوانان کە ڕاســـپێردراون بە سەرپەرشتی کردنی ژماردنەوەی دەنگـــەکان، لە لایەن کەســـایەتی ئاینی باڵی ڕاستی توندڕەو، ئایەتـــوڵا ئەحمەد جەناتی ســـەرۆکایەتی دەکرێت کـــە زۆر لە ئەحمـــەدی نەژادەوە نزیکە. هەروەها بەهۆی ئەوەی خامەنەئی کۆنترۆڵی میدیا، هێزە ئەمنییەکان، سوپا، دەزگا موخابەراتییـــەکان و سیســـتەمی دادوەری کردووە، بۆیە ئەمە دەســـەڵاتێکی زۆری دەداتـــێ تاکو دەنـــگ و ناڕەزایی ئۆپۆزیسیۆنانی پێ بچەوسێنێتەوە.

بارودۆخەکە گەیشتووەتە ئاستێك کە پرسی سیســـتەمی حوکمرانـــی و شـــەرعییەتی دەوڵەتـــی گرتۆتـــەوە. لـــە لێدوانێکدا بۆ ڕۆیتـــەرز، ئیبراهیم یەزدی کە ســـەرۆکی پارتێکـــی ئۆپۆســـیزیۆنی قەدەغەکراوە لە ئێران، ڕایگەیاند دەرەنجامی هەڵبژاردنەکان بووەتە هۆی قوڵبوونـــەوەی جیاوازییەکان لە نێو «کەســـایەتییەکانی شۆڕش» و لە نێوان خەڵك و حکومەتدا. ناوبراو پۆســـت-هەڵبژاردنەکانی بە «گەورەترین قەیران»ی لـــە دوای شـــۆڕش لەقەڵەمـــدا. هەروەها ئێستا بەشێك لەوانەی خۆپیشاندان دەکەن، تەنها لەبەر موسەوی نییە، بەڵکو بەهۆی بێزارییانە لە حوکمی ئاینیی ٣٠ ســـاڵەی ئەو وڵاتە و سیستەمی حوکمرانی وڵاتەکە. دوای ئـــەم لێدوانە ناوبراو دەســـتگیر کرا. بەڵام خامەنەئـــی ڕۆژی هەینی ڕایگەیاند کـــە شـــەرعییەتی دەوڵـــەت هەرگیز لە ژێر پرســـیاردا نییە و هەمـــوو کاندیدەکان خزمەتێکی بەرچاوی کۆماری ئیسلامییان کردووە، ناوبراو ناکۆکییەکانی هەڵبژاردنیشی بە شـــتێکی چەشـــنی جیـــاواز ناکۆکی خێزانی وەسف کرد. ئێســـتا سەرکردایەتی ئێـــران دەزانێت کە لە هەمـــوو کات زیاتر ناکۆکی و جیاوازی لە نێو سیستەمەکەیدا هەیـــە و خەڵکـــی ئێـــران و جیهانیش ئەم ڕاستییە دەزانن. هەروەها درکیان بە ئاستی چەوســـاندنەوەی کۆمەڵایەتی و داتەپینی ئابووری لە لایەن دەســـەڵاتدارانەوە کردووە. هەوڵدان بـــۆ ڕەواندنەوەی ئەم هەســـتەیە، تەنها بە گۆڕان کردن لە چەوســـاندنەوەی کۆمەڵایەتی دەکرێت لە ماوە کورتەکەیدا، چونکە گۆڕانکاری لە لایەنە ئابوورییەکەی کاتێکی زۆری دەوێت تا دەرەنجامەکەی دەر بکەوێت، بۆیە ڕەنگە بۆ بەردەوامبوونی

**سەرەرای ناڕەزاییەکان، پێدەچێت ئەنجامەکان وەک خۆیان بمێننەوە چونکە سیستەمی سیاسی زۆر لە دەوری خامەنەئی کۆبووەتەوە خامەنەئی بە ئاشکرا ئەحمەدی نەژادی دووجار وەک براوە و سەرۆکی هەڵبژێردراو ناساند**

خۆیان، لەمەودوا چەوساندنەوەی زۆرتر بەکار بهێنن. بۆ ئەم مەبەستەش هێزی پاسەوانانی شۆڕشی ئێرانی و میلیشیای باسیجیا بەم کارە هەڵستن. لە وتارەکەی ڕۆژی هەینی خامەنەئی هەرەشەی لە موسەویش کرت و ڕایگەیاند کە بە بەردەوامبوونی بارودۆخەکە ئەوە بەرپرسیارێتی دەگرێتە ئەستۆو ڕەنگە لە وڵات دەری بکات.

لە لای خۆیشییەوە ئەحمەدی نەژاد هەرەشەی کردە سەر باڵی موسەوی و بە چینێکی گەندەڵی لە قەڵەمدان کە ئەو خزمەتانەی پێشوویان بۆ شۆڕش بۆ کۆکردنەوەی پارە و فراوانکردنی ئیمتیازاتی خۆیان بووە لەسەر حسابی خەڵکی هەژاری لادێ و گەرەکە هەژارنشینەکانی شارەکان. ڕابەری ڕوحی ئایەتوڵا عەلی خامەنەئی کە بەوە تاوانبار دەکرێت پشتگیری لە ساختەکارییەکان بکات، پشتگیری ئەحمەدی نەژاد دەکات، کە لە لایەن بژاردەی پاسەوانانی شۆڕش و میلیشیای ئایینی باسیجەوە پشتوانی لێ دەکرێت. خامەنەئی لە ڕووی ئایدلۆجییەوە زۆرتر لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەحمەدی نەژاد کۆکە لە بەکارهێنانی زمانی زبر بەرامبەر ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی وەك لە سیاسەتی گفتوگۆی دیموکراسی و کرانەوەی ڕیفۆرمخوازەکان بە ڕووی ڕۆژئاوادا، هەرچەند ئەوانیش پشتگیری بەرنامەی ئەتۆمی وڵاتەکەیان دەکەن کە ئێران بە ئاشتیخواز ناوی دەبات.

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، کاردانەوەی جۆراوجۆر بۆ دەرەنجامەکان و ئەو ڕووداوانەی لە ئێراندا ڕوودەدەن هەبووە و دوو بەرە هەبوو. سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا باراك ئۆباما دڵگرانی خۆی بە بارودۆخی ئێران دەربڕی و نیگەرانی خۆی دەربڕی و ڕایگەیاند ئەو بە وردی چاودێری بارودۆخەکە دەکات. بەهۆی ڕێگەگرتن لە کارکردنی ڕۆژنامەنووسان و دەستگیرکردنی ١٠ ڕۆژنامەنووسی ئێرانی تا ئێستا، ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور ڕایگەیاند گەر هەڵبژاردنێك سازدرابێت لەسەر حسابی پاشەکشێی سانسۆڕ و ئازادی ڕۆژنامەوانی ئەوە دەبێت ئەو هەڵبژاردنە ڕەت بکرێتەوە و ڕەتی کردەوە کە ڕێگە درابێت لە هەڵبژاردنە بێگەردە وادانراوەکەی ئەحمەدی نەژاد میدیا توانیبێتی بە ئازادانە چاودێری هەڵبژاردنەکانی کردبێت و لە ساختەکارییەکانی کۆڵیبێتەوە. هەرچی وڵاتانی ئەوروپان هەڵوێستێکی توندتریان لەهەمبەر مەسەلەکە هەیە. ڕۆژی هەینی گۆردن براون سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ڕەخنەی توندی لە وتارەکەی خامەنەئی گرت کە بەریتانیای بە سەرسەخترین دوژمنی وڵاتەکەی داناو و ڕایگەیاند کە ئەوان و هەموو وڵاتانی ئەوروپا ئیهانەی بەکارهێنانی توندوتیژی و سەرکەوتکردنی میدیا دەکەن و ئەوەشی گوت ئەوان دەیانەوێت پارێزگاری لە مافی خەڵکی ئێران بکەن بۆ هەڵبژاردنی کەسێك بە خواستی خۆیان. وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیاش بانگهێشتی باڵیۆزخانەی ئێرانی لەو وڵاتە کردووە تاکو ڕوونکردنەوە لە بارەی هەڵبژاردنەکەوە بدات. هەرچی وڵاتی ڤەنزوێلا و ڕووسیا بوو، ڕاستەوخۆ پیرۆزباییان ئاراستەی ئەحمەدی نەژاد کرد. هەروەها بزووتنەوەی حەماسیش خۆشحاڵی خۆی بۆ سەرکەوتنی ئەحمەدی نەژاد دەربڕی.

**خامەنەئی لە ڕووی ئایدلۆجییەوە زۆرتر لەگەڵ سیاسەتەکانی ئەحمەدی نەژاد کۆکە لە بەکارهێنانی زمانی زبر بەرامبەر ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی وەک لە سیاسەتی گفتوگۆی دیموکراسی و کرانەوەی ڕیفۆرمخوازەکان بە ڕووی ڕۆژئاوادا**

کرانەوەی ئەم دواییەی ئیدارەی ئۆباما لەبەرامبەر ئێران بەهۆی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی ئێرانەوە بێ وەڵام دەبێت. کاردانەوە لە بەرامبەر هەوڵەکانی سەرۆکی ئەمەریکا باراك ئۆباما بۆ دەستپێکردنی دیالۆگ لەگەڵ ئێراندا بەمەبەستی کۆتاییهێنان بەو بەستنە دیپلۆماتییە ٣٠ ساڵەی نێوانیان و قەناعەت پێکردنی کۆماری ئیسلامی بە تەنازولی ئەتۆمی لەهەمبەر پاداشتی دیپلۆماتی و ئابووری ئاڵۆز بووە.

بە هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدی نەژاد تۆنی ئێستای سیاسەتی دەرەوە وەك خۆی دەمێنێتەوە، بگرە ڕەنگە گرژ تریش بێت. سیناتۆری ئەمەریکی جۆنی ئیساکسۆن پێی وایە هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدی نەژاد وەك سەرۆکی ئێران بەمانای بەردەوامبوونی ئەمەریکا و جیهانی ئازاد دێت لەسەر ئاراستەی ململانێیان لەگەڵ ئێراندا دەربارەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی و ئیسرائیل. بەڵام هەتا ئەگەر موسەویش وەك سەرۆك ڕابگەیەندرایە، ئەوە ڕاستییەکی بنەڕەتی هەر دەما: دواجار سیاسەتەکانی ئێران بەتایبەتی سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی ئەتۆمی لە لایەن ڕابەری ڕوحی ئایەتوڵا عەلی خامەنەئی کۆنتڕۆڵ کراوە.

بێگومان ئاکامەکە بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ململانێیەکی ئاشکرا لە نێوان خامەنەئی ڕابەری ڕوحی و ڕەفسەنجانی سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەزایانی ئێران کە بە دووەم کەسایەتی دەسەڵاتداری ئێران دەژمێردێت. ئەمەش بووەتە هۆی یەکگرتنی زۆربەی کەسایەتییە دامەزراوەییەکان، لە نێویاندا خاتەمی و سەرۆکی پەرلەمانی ئێران عەلی لاریجانی لە دژی سەرۆکی هەڵبژێردراوە. بەهۆی ئەوەی خامەنەئی پشتگیری ئەحمەدی نەژاد دەکات و ڕەفسەنجانیش موسەوی، گرژیی کەوتووەتە نێوان ئەو دوو لایەنەشەوە. ساڵی ١٩٨٩، دوای مردنی خومەینی، ڕەفسەنجانی کە بە دەسەڵاتترین کەسایەتی ئێران بوو ئەوسا، پشتگیرییەکی زۆری هەڵبژاردنی خامەنەئی کرد بۆ ئەوەی ببێت ڕابەری ڕوحی. بۆیە بەمە گرژییەکان گەیشتووەتە قوڵترین ئاست لە ٣٠ ساڵی ڕابردوو. پشتگیری ڕەفسەنجانی بۆ موسەوی و خۆپیشاندانەکان دژی هەڵبژاردنەکان، بەهۆی هەبوونی ئەو دەسەڵاتە زۆرەی، بووەتە هۆی ئاڵۆزبوونی کاردانەوەی حکومەت بەرامبەر بە بارودۆخەکە. بەڵام لە وتارەکەی ڕۆژی هەینی، خامەنەئی ٦٩ ساڵ هەوڵیدا گرژییەکان کەم بکاتەوە و ستایشی کارەکانی ڕەفسەنجانی کرد و ڕەخنەی لە ئەحمەدی نەژاد گرت لە هەمبەر ئەوەی کە گوتبووی ڕەفسەنجانی گەندەڵە. لەبەرامبەر ئەو تاوانبارکردنەی لە لایەن ئەحمەدی نەژادەوە، ڕەفسەنجانی نامەیەکی ئاراستەی خامەنەئی کردبوو و قسەکانی بە «درۆ» ناوبردبوو و داوای هەڵبژاردنێکی بێ ساختەی کردبوو. بەڵام خامەنەئی لە میانی وتارەکەی ڕۆژی هەینی چەند بارەی کردەوە کە ئەحمەدی نەژاد سەرۆکی هەڵبژێردراوە و هەڵبژاردنەکانیش بێ ساختە بەڕێوە چوونە جگە لەوانەش موسەوی لە هەوڵی کۆکردنەوەی پشتگیرییە لە لایەن کەسایەتییە ئایینییەکانی قومەوە کە مەڵبەندی بریاری ئایینی ئێرانەوە و دەسەڵات تا ڕادەیەکی زۆر پێوەی پابەندە. تا ئێستا سێ کەسایەتی ئایینی لە شاری قوم پشتگیری ئاشکرایان بۆ موسەوی دەربڕیوە، ئەوانەش هەریەك لە ئایەتوڵا عەسدوڵا بەیات زانجانی، ئایەتوڵا یوسف سانەیی و ئایەتوڵا عەلی مونتەزەرییە. بە ڕای کەریم سادجەپور شیکەرەوەی

پەیمانگای کارنج، دەبێت خامەنەئی یا ئەحمەدی نەژاد بکاتە قوربانی یا ئەو هەموو رەخنە و فشارە بهێنێتە سەر خۆی و ئاسایشی خۆی بخاتە مەترسییەوە.

موسەوی وەك سەرۆکی پێشووی، رەفسەنجانی، بۆ ماوەیەکی زۆر خزمەتی حوکمی ئیسلامی ئەو وڵاتەی کردووە، کە دواهەمین سەرۆك وەزیرانی ئەو وڵاتە بوو لە کۆتایی هەشتاکان، بۆیە ئەویش نایەوێت خۆپیشاندانەکان بگاتە ئاستێك کە ئەو خزمەتەی بخاتە ژێر پرسیارەوە، بەڵام بە درێژەکێشانی خۆپیشدانەکان و وەرگرتنی شێوازێکی توندوتیژانە، ئەوە رژێمەکە پەنا دەباتە بەر هەر جۆرە رێگایەك کە پێی بکرێت تاکو بارودۆخەکە ئارام بکاتەوە.

ململانێی نێوان هەردوولا لە پەرەسەندایە. هەریەك لەو دوو لایەن، داوایان لە لایانگرانی خۆیان کرد خۆپیشاندان ساز بدەن تاکو هێز و لایەنگرانی خۆیان نیشان بدەن. بە گوێرەی هەندێك ئاژانس، لەو خۆپیشدانانەی رۆژانی رابردوو، لایەنگرانی موسەوی بە دەیان جار لە لایەنگرانی ئەحمەدی نەژاد زۆرتر بوونە. ئەحمەدی نەژادیش لایەنگرانی موسەوی بە لایەنگرانی هەڵبژاردەیەکی دۆڕاوی یاری تۆپی پێ لەقەڵەمدا و،رەتی کردەوە هیچ ساختەیەك لەو هەڵبژاردنەی کە ئەو بە «پاك و بێگەرد»ی لە قەڵەم دا هەبوبێت. بە گوێرەی هەندێك کەس کە لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخەکەن، دەڵێن خۆپیشاندانەکان کەس سەرپەرشتیان ناکات، بگرە خەڵکی خۆیان ئاراستەی خۆپیشاندانەکان دەکەن. لەوانە رۆژنامەنووسی گاردیانی بەریتانی دوای ئەوەی لە تاران گەڕایەوە لە چاوپێکەوتنێك باسی لەوە کرد کە خۆپیشاندانەکان بێ سەرکردە و بێ رێکخستن بوون. و پارێزەری مافەکانی مرۆڤ و براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبڵ، شیرین ئەبادی، لە لێدوانێکدا بە نیو یۆرك تایزمی وتووە کە خەڵك زۆر تورەیە و هەروا بە ئاسانی ئەمجارە دەستبەرداری نابن. تا ئێستا میر حوسێن موسەوی چەندین جار داوای لە خۆپیشاندەران کردووە نەرمی بنوێنن و توندوتیژی نیشان مەدەن. ئەوەی زۆر جێی سەرنجە شان بە شانی پیاوان کچان و ژنانیش بەشداری ئەو خۆپیشاندانانە دەکەن و بوێرانە رووبەڕووی هێزە ئەمنییەکان دەبنەوە. بەمەبەستی شێواندن و ناشرینکردنی خۆپیشاندانەکان، کەناڵەکانی راگەیاندنی دەوڵەت تەنها ئەو شتانەی خۆپیشاندەران دەگوازێتەوە کە گرژی و هێرشکردنی تێدایە. بە گوێرەی قسەی بەرێوەبەری پەیمانگای شاهانە بۆ کاروباری نێودەوڵەتی، رۆبەرت بیبلێت، موسەوی نایەوێت دەسەڵاتی ئایینی ئەو وڵاتە بروخێنێت، بەڵام بەڵگەکانی ساختەکاری رەنگە ببێتە هۆی پێداچوونەوە بە دەسەڵات و کەمبوونەوەی رێزی خامەنەئی و رەنگە بیر لە کەمکردنەوەی ئەو دەسەڵاتە رەهاییەی بکرێتەوە.

بە گوێرەی شارەزایان، ئەم خۆپیشاندانانە تەنها بازنەی نیگەرانی و دەرکەوتە سیاسییەکان نییە، بەڵکو بەشێکیشی بۆ بێکاری دەگەرێتەوە، بەتایبەتی کە ژمارەیەکی زۆر گەنجی خاوەن بروانامەی زانکۆ هەن و بێکارن. خۆپیشاندەران کەسێکی تریان لە جێی ئەحمەدی نەژاد دەوێت کە تۆمەتباری دەکەن بە داتەپینی ئێران لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە.

دوای دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکان، دەسەڵاتداران کەوتنە سنووردارکردنی کاری کەناڵەکانی راگەیاندنی بیانی و ناوخۆییەکان. ئینتەرنێتیش لە ژێر چاودێری توندایە. ئەحمەدی نەژاد کەناڵەکانی رۆژئاوای بە گەورەکەرەوە و وروژێنەری مەسەلەکەی لە قەڵەمدا. وەزارەتی رۆشنبیری و رێنمایی ئیسلامی و دەسەڵاتداران مەرجی توندیان بۆ گواستنەوەی خۆپیشاندانەکان لە لایەن کەناڵەکانەوە داناوە، لەوانە وەرگرتنی رەزامەندی فەرمی. هەروەها رێگە گیراوە لە ئامادەبوون یا گواستنەوەی هەر خۆپیشاندانێکی نافەرمی و دەبێت تەنها لە نووسینگەی خۆیان کار بکەن. هەروەها تا ئێستا چەند رۆژنامەنووسێك لەو وڵاتە دەرکراوە و بارەگای چەند کەناڵێکی ئاسمانیش داخراوە، لەوانە کەناڵی ئەلعەربییەی سعودییەی. هەروەها پەخشی هەر یەك لە بی بی سی و دەنگی ئەمەریکا راگیراوە و چوونەژوورەوە بۆ یاهوو، جی مەیل، فەیسبووك و یوتیوبیش رێگەی لێ گیراوە و ئینتەرنێت بە گشتی خاو کراوەتەوە. بەهۆی ئەو مەرجە و رێوشوێنە توندانە لەسەر رۆژنامەوان و میدیا جیهانییەکان و رێگەنەدان بە کارکردن و گواستنەوەی هەواڵ و خۆپیشاندانەکان، بەشێك لەو ئاژانسانە لەسەر سایتی ئەلەکترۆنی خۆیان، وەك بی بی سی، داوا لە خەڵکی ناو ئێران دەکەن کە گەر وێنە و ڤیدیۆ و هەواڵی تازەیان لەسەر رووداوەکان هەیە بۆیان بنێرن تاکو بڵاو بکەنەوە. بۆ چەند رۆژێکیش تەلەفونات و ناردنی کورتە نامە راگیرابوو و چاتەکان بلۆك کرابوون. هەروەها ئەو رۆژنامانەی سەر بە کاندیدەکانی ترن لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە گیراون و هەموویان لەژێر چاودێری ئەواندا کار دەکەن. موسەوی هەموو ئەو جۆرە کارانەی ئیهانە کرد و رایگەیاند کە دەوڵەت دەنگی ئۆپۆسیزیۆنی پێ قبووڵ نییە.

هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك دەستگیرکراون. لە نێوان ئەو دەستگیرکراوانەدا، محمد عەلی ئابتاهی کە زۆر لە محەمەد خاتەمییەوە نزیکە رۆژی سێشەممە دەستگیرکرا و برای محەمەد خاتەمی و کەسایەتی ئەکادیمی و رۆژنامەنووس ئەحمەد زەیدابادی و،وەزیری دەرەوەی پێشووی ئێران ئیبراهیم یەزدی هەرچەند ئەمەی دوایین دوای رۆژێك لە دەستگیرکردنی ئازادکرا. تەلەفزیۆنی فەرمی دەوڵەتیش رایگەیاند کە کەسانی سەرەکی پشت ئاژاوەکان دەستگیرکراون. هەروەها دوور نییە مردنی محمد ئاسگەری بەرپرسی ئەمنی تۆری ئا تی لە وەزارەتی ناوخۆ کە هەندێك زانیاری گرینگی لەبارەی ساختەکارییەکانی هەڵبژاردن ئاشکرا کردبوو و بەهۆی رووداوێکی هاتووچۆوە رۆژی سێشەممە گیانی لە دەست دا، نەکوژرابێت. کەسایەتی روناکبیری ئێرانی ئیبراهیم نەبەوی لەسەر ئینتەرنێت بابەتێکی بڵاوکردبووەوە و تێیدا نووسیبووی: »پێویست ناکات سەرۆکێك کە ٢٤ ملیۆن دەنگی هێنابێت سەدان کەس دەستگیر بکات و ئامرازەکانی پەیوەندی دابخات.»

یەکێك لە شوێنە گەرمەکانی خۆپیشاندان زانکۆی تارانە کە وەك لە شۆرشی ١٩٧٩ رۆڵێکی گەورەیان لە رووداوەکە گێڕا. بە گوێرەی ئاژانسەکان تا ئێستا لە سەرووی ١٢٠ مامۆستا دەستیان لە کار کێشاوەتەوە. هەروەها رۆژی دووشەممە، هێزێکی دەوڵەت هەڵیکوتایە سەر بەشە ناوخۆیی کچان و کوڕان و لە ئاکامدا چەند کەسێك بوونە قوربانی کە لە لایەن ریفۆرمیستەکانەوە بە توندی ئیدانە کرا.

**بە هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدی نەژاد تۆنی ئێستای سیاسەتی دەرەوە وەک خۆی دەمێنێتەوە، بگرە رەنگە گرژ تریش بێت**

ڕۆژنامەنووس زیڤی ریچ بۆ گوڵان:

# ڕاگەیاندنەکانی وڵاتانی پۆست کۆمونیست ڕاگەیاندنی دووڕەگن هەم لیبرالیزمانە کار دەکەن و هەمیش بەرامبەر فەزح دەکەن

**ڕۆژنامەنووس زیڤی ریچ، بێجگە لەکاری ڕۆژنامەوانی ئوستادی دیراساتی ڕۆژنامەوانیە لەزانکۆی کۆلۆمبیایە و هەروەها پسپۆڕو تایبەتمەندیشە لەزانستی سیاسەت، زیڤی ریچ وەك دیراساتی ڕۆژنامەوانی پسۆڕە لەسەر سەرچاوەکانی هەواڵ و سۆسیۆلۆژی هەواڵ و ڕۆژنامەوانی تەکنەلۆژیا، بۆ قسەکردن سەبارەت بەکاریگەری ڕاگەیاندن لەپرۆسەکانی هەڵبژاردن، ڕۆژنامەنووس زیڤی ریچ بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:**



*** گرنگترین فاکتەر کە لەهەڵبژاردنەکاندا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت، دەزگاکانی ڕاگەیاندنە، ئایا ئەو ئەرکانە چین لەو پرۆسە گرنگەدا دەکەوێتە سەر دەزگاکانی ڕاگەیاندن؟**

- من پێموایە ڕۆڵی ڕاگەیاندن ئەوەیە زۆرترین زانیاری پەیوەست بەبەرنامەی پاڵێوراوەکان بخاتەڕوو، هەر لە دەستکەوتەکانی ڕابردوویانەوە، بۆ ئامانجەکانیان لە ئێستادا، هەروەها توانا و کەفائەتیان و تەنانەت بەرنامە شاردراوەکانیشیان، بۆ ئەوەی دەنگدەران بتوانن بڕیارێکی عاقڵانە و هۆشیارانە بدەن.

*** بۆچی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی جیهانی سێدا ناتوانن ڕۆڵێکی چالاک ببینن؟**

- لەڕاستیدا دەبێت هەر لەسەرەتاوە بەوردی و دەقاودەق ئەوە دەستنیشان بکەین کە ئایا لاوازیەکە لەکوێدایە، ئایا لەسیستەمە سیاسیەکەدایە، یاخود لەخودی ڕاگەیاندن خۆیدایە، بۆ نموونە هەندێ جار سیستەمە سیاسیەکە سەقامگیرنیە، لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا نیە، خۆی بە ناچارنەزانێت کە شەفاف بێت، چونکە ئەگەر ڕاگەیاندن ئازاد و سەربەخۆ بێت، ئەگەر چاودێری لەسەر نەبێت و ڕۆژنامەنوسان بتوانن بە ئازادی سەفەر بە وڵاتەکەدا بکەن بۆ ئەوەی تەغتیەی ڕووداوەکان بکەن، ئەوا ڕەنگە کێشەکە بۆ ڕاگەیاندن نەگەڕێتەوە، ئەگەرچی هەندێ جاریش کێشەی گەورە بەدی دەکەین لە چۆنیەتی تەغتیەکردنی ڕووداوەکان لەلایەن ڕاگەیاندنەوە، تەنانەت لەو وڵاتانەشدا کە دیموکراسیەتێکی گەشەکردوویان هەیە، بۆ نموونە زۆرجار جەخت لەسەر مشتومڕی لاوەکی دەکەنەوە، بێ ئەوەی بایەخ بە زانیاریە گرنگەکان بدەن.

*** لەوڵاتانی دوای ڕوخانی کۆمۆنیستی و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لەسەرەتای پرۆسەی گەشەکردندان، ژمارەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن زۆرن، بەڵام نارێکخراون، ئایا چۆن دەتوانین ڕێکیان بخەینەوە، یاخود یارمەتیان بدەین و سەرچاویان بۆ دابین بکەین؟**

- ئەوەی لەوڵاتانی دوای هەرەسهێنانی کۆمۆنیستی بەدیدەکەین، ئەوەیە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریەکی دووڕەگ لە ئارادایە_ئەگەر دەربڕینەکە ڕاست بێت- واتە لەلایەك ڕەگەزێکی لیبراڵی لەکارەکانیاندا بەدی دەکەین، بەڵام لەلایەکی دیکەوە پەنا بۆ پروپاگەندە و فەزحکردن و هەندێ شێوازی دیکەی دوور لەکاری ڕاگەیاندن دەبەن، بەڵام ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە لەم وڵاتانەدا، تەنانەت لە وڵاتی چینیشدا، بە سەرسوڕمانەوە لەو شۆڕشی گەیاندن و ڕاگەیاندنە دەڕوانن کە لە جیهاندا هەیە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ڕاگەیاند لەم وڵاتانەدا پێویستی بە کاتی زیاترە، بە پەروەردەی زیاتر و بە دابینکردنی سەرچاوەی دارایی زیاترە.

***چۆن بتوانین بناغەیەك دابنێین بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن متمانەی خەڵك بەدەست بهێنێت؟**

- لە ڕاستیدا وەڵامێکی دیاری کراو و یەکلاکەرەوە نیە بۆ ئەم کێشەیە، بۆ نموونە دەبینین تەنانەت لەو وڵاتانەدا کە وڵاتگەلێکی دەوڵەمەند و خاوەنی ڕاگەیاندنێکی تەندروستن، ڕۆژنامەیەکی وەك «نیویۆرك تایمز» ڕووبەڕووی خەسارەتێکی گەورە دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ڕاگەیاندنێکی بەهێز و تەندروست پێویستیەکی گرنگە بۆ دیموکراسی، من پێموایە یەکێك لە ڕێگاچارەکان ئەوەیە هەوڵ بدرێت ژمارەی خوێنەران زیادبکرێت، ئەویش لەڕێی ڕەچاوکردنی پیشەگەری لەکارەکاندا، لەڕێی بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریانەی جێی بایەخی خەڵکن، لە ڕێی باشترکردنی بەرهەمەکان و باشترکردنی جۆری دابەشکردنیانەوە.

*** بۆچی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی جیهانی سێهەم ناتوانێت بە پێی ئاکارە ڕۆژنامەگەریەکان کاربکات؟**

**یەکێك لە ڕێگاچارەکان ئەوەیە هەوڵ بدرێت ژمارەی خوێنەران زیادبکرێت، ئەویش لەڕێی ڕەچاوکردنی پیشەگەری لەکارەکاندا، لەڕێی بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاریانەی جێی بایەخی خەڵکن**

-کارکردن بەپێی ئاکارە ڕۆژنامەگەرییەکان قۆناغێکی گەشەکردووی کاری پیشەگەرییە، ئەمەش بۆ گەشەکردنی ئەم پیشەیە دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە لە بواری پزیشکیدا دوای گەشەکردنی ئەم پیشەیە کار بە ئاکاری تایبەت بەو پیشەیە کرا. لە ڕاستیدا کارکردن بە پێی ئاکارە ڕۆژنامەگەریەکان تەمەنی لە ١٥٠ساڵی کەمترە، لەو وڵاتانەدا کە بەم شێوەیە کارناکرێت، هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پیشەکە گەشەی نەکردووە، یاخود ناهۆشیاریەك هەیە لەم ڕووەوە، کە من پێم وایە ئەمە پێویستە بەکات و بەپەروەردە و بە بەرچاوڕونکردنەوەی زیاترە.

*** ئێمە ناتوانین دیموکراسی لە ئەنجامدانی هەڵبژاردندا کورت بکەینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ڕاگەیاندنی ئازاد یەکێکە لە پێداویستیەکانی دیموکراسی، بەڵام ئەگەر ڕاگەیاندن دیموکراسی لە تەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردندا کورت کردەوە ئەمە دەبێتە مایەی کارەسات، ئایا لەم حاڵەتەدا ئایندەی سیاسی ئەو وڵاتە چی دەبێت؟**

- من پێموایە دیموکراسی لەوڵاتی ئێوەدا لەسەرەتادایە و لەو باوەڕەدام باشترە ئێوە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە دەرەکیەکاندا بکەن بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی ئاکاری پیشەکەتان، دەبێت ئەوەشتان لەبەرچاوبێت ئەمە پرۆسەیەکی لەسەرخۆیە و لەشەو و ڕۆژێکدا نایەتەدی و پێوستی بە ئارامگرتنە. ڕەنگە یەکێکی دیکە لە کێشەکان کەمی ژمارەی ئەو کەسانە بێت کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان دەکڕن و دەخوێننەوە، دەبێت ئێوە ئەوڕێگە و شێوازانە بگرنەبەر کە دەبنەهۆی زیادکردنی ژمارەی خوێنەرانی ڕۆژنامەکان، ڕەنگە یەکێك لە ڕێگاچارەکان دروستکردنی سایتی ئەلەکترۆنی بێت کە یارمەتیدەربێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. ڕەنگە یەکێکی دیکە لە کێشەکان ئەوەبێت هەر لایەن و پارتێکی سیاسی ڕۆژنامەی تایبەت بە خۆی دەردەکات و ئەم ڕۆژنامانەش لایەنگیریان پێوەدیارە و خەڵکی دوای ماوەیەك لێیان وەڕس دەبن، لەبەر ئەوەی پێشتر دەزانن چی جۆرە زانیاری و ڕاوبۆچونێکی بڵاودەکاتەوە. ئێوە دەتوان لەسەرەتادا بە پرۆژەی بچوك دەست پێبکەن کە هەندێ ڕۆژنامەنوسی خۆبەخش کاری تێدابکەن، یاخود پارەیەکی کەم وەربگرن و کارێکی پیشەگەرانە بکەن و دواتر وورده وورده پەرە بە پرۆژەکە بدەن، بۆ نموونە لە سەرەتادا قەناعەت بە خەڵك بکەن ئەمە ڕۆژنامەیەکی بەهادارە و خەڵکانێکی پیشەگەر کاری تێدادەکەن و سەربەخۆیە، دواتر دەتوانن وورده وورده داهاتی خۆیان لە ڕێی زیادکردنی ژمارەی فرۆشتنەوە زیادبکەن. هەروەها ڕەنگە بوونی کەسێکی سەرمایەدار و ڕاستگۆ کە ئامادەی یارمەتیدان و هاوکاری کردنی ڕۆژنامەی تێدابێت بێ ئەوەی دەستیوەردانی تێدابکات، یەکێك بێت لە ڕێگاچارەکان بۆ پەرەپێدانی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ. بۆ نموونە ڕەنگە کەسێکی کوردی سەرمایەدار کە ئێستا لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، یان کەنەدا یاخود هەر وڵاتێکی ئەوروپی بژێیت بتوانێت یارمەتی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی سەربەخۆ بدات لەکوردستاندا.

*** لە ٢٥ مانگی داهاتوودا لە هەرێمی کوردستان هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی ئەنجامدەدرێن، ئایا ڕاسپاردەت چیە بۆ ڕاگەیاندن، دەبێت چ ڕۆڵێك ببینێت؟**

- ئێوە دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆتان بکەن کە گرنگترین پرس و مەسەلە لەم کاتەدا چیە، گرنگترین خاڵ لە پاڵێوراوەکاندا چیە، ئایا چ کێشەیەك زۆر پەیوەستە بە ئایندەی کوردستانەوە و دەبێت لەم ڕووەوە زانیاری پێویست بۆ هاوڵاتیان و دەنگدەران دابین بکەن.

**دیموکراسی لەوڵاتی ئێوەدا لەسەرەتادایە و لەو باوەڕەدام باشترە ئێوە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەگەڵ ڕۆژنامەنووسە دەرەکیەکاندا بکەن بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی ئاکاری پیشەکەتان، دەبێت ئەوەشتان لەبەرچاوبێت ئەمە پرۆسەیەکی لەسەرخۆیە و لەشەو و ڕۆژێکدا نایەتەدی**



رۆژنامەنووس مارك سیلیك بۆ گوڵان:

# دەبێت ئەركی ڕاگەیاندن لەپرۆسەكانی هەڵبژاردندا گەیاندنی زانیاری و هەواڵەكان بێت بەوپەڕی وردبینی و ئەمانەتەوە نەك پەنا بۆ پروپاگەندە و هەواڵە بێ بنەماكان بەرن


**ئێمە لەرۆژگارێكدا دەژین تێیدا ژینگەی ڕاگەیاندن بەرەوتێكی خێرا دەگۆڕێت، بۆ نموونە بڕواننە ئێران كە وڵاتێكی دراوسێتانە، دەبینین زۆربەی هەواڵ و وێنەكان لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە و بەهۆی بەكارهێنانی مۆبایلەوە بڵاودەبێتەوە**

*** ڕاگەیاندن ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لەپرۆسە هەڵبژاردنە دیموكراتیەكاندا، ئایا ئەو میكانیزیمانە چین كە دەبێت ڕاگەیاندن بیانگرێتەبەر بۆئەوەی كاریگەریەكی ئیجابی لەسەر پرۆسەكە هەبێت؟**

-من پێموایە دەبێت دەزگاكانی ڕاگەیاندن تەغتیەیەكی تێروتەسەلی بانگەشە و بەرنامە و هەڵوێستی پارت و لایەنەكانی بەشداربووی پرۆسەكە بكەن، لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكادا بیرۆكەكە ئەوەیە دەزگاكانی ڕاگەیاندن سەربەخۆبن و سەر بەپارتە سیاسیەكان نەبن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بەدی دەكەین كە هەندێ دەزگای ڕاگەیاندن لەم وڵاتەدا هەن لایەنگیری یان مەیلیان بۆ پارتێكی سیاسی دیاریكراو هەیە، بۆ نموونە موبالەغەنیە ئەگەر بڵێین كەناڵی «فۆكس نیوز» پتر بەلای پارتی كۆماریەكاندا دای دەشكێنێت.

*** لە وڵاتە تازەگەشەكردوەكاندا ڕاگەیاندن كاریگەریەكی زۆری نیە، واتە ڕۆڵێكی چالاك نابینێت لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، ئایا هۆكارەكانی ئەم حاڵەتە بۆچی دەگەڕێنێتەوە، بۆچی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی جیهانی سێدا ناتوانن ڕۆڵێكی چالاك ببینن؟**

- ڕەنگە تێكڕای وڵاتانی جیهانی سێ وەك یەك نەبن، واتە بارودۆخەكە لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی دیكە جیاوازە، بۆ نموونە تاوەكو قەدەغەكردنی لەم دواییەدا بەهۆی كێشەی دوای



**رۆژنامەنووس مارك سیلیك ئوستادی مێژووە لەزانكۆی هارڤارد و لەساڵی ١٩٨٦-١٩٨٧ سەرنووسەری پۆست ریڤییو بووە، یاریدەری سەرنووسەری هارڤارد یونڤێرستی پرێس بووە، هەروەها ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری ئەتلەنتیك جۆرنال كۆنستیوشن بووە. بۆ قسەكردن سەبارەت بەبایەخ و رۆڵی میدیا پرۆفیسۆر سیلیك بەوجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:**

هەڵبژاردنەكانەوە دەزگاگەلێكی زۆری ڕاگەیاندن لەئێراندا كاریان دەكرد، ئەمەش نیشانەی ئەوەبوو لە ئێراندا سەرەڕای بوونی دەسەڵاتێكی تاكڕەو بەڵام ئاستێكی دیاریكراوی ئازادی كاری ڕاگەیاندنیش لە ئارادایە، كە ئەمە لە وڵاتێكی وەك سعودیەدا بەدی ناكرێت. من پێم وایە تەنها ئەوە بەس نیە كە زەماناتی دەستەبەركردنی ئازادی لە دەستووردا بچەسپێنرێت، بەڵكو دەبێت ئەم بەهایە لە كولتوور و بیركردنەوەی خەڵكیشدا جێگیر بكرێت، چونكە كێشەكە ئەوەیە لەلایەك كولتوورێك نییە لەم وڵاتانەدا كە پاڵپشت بێت بۆ سەربەخۆبوونی ڕاگەیاندن لە لایەكی دیكەوە حكومەتەكان و سیاسیەكانیش بێ متمانەن و بەچاوی گەمانەوە لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆ دەڕوانن.

*** لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتی لەعێراقدا بەدەگمەن ڕاگەیاندنی ئازاد بوونی هەیە، دەزگاكانی ڕاگەیاندن لەم وڵاتانەدا پاشكۆی حزبەكانن و سیاسەت و بەرنامەی ئەوان بڵاودەكەنەوە، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك كاریگەری خراپی دەبێت لەكاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەكاندا؟**

- ئێمە لەڕۆژگارێكدا دەژین تێیدا ژینگەی ڕاگەیاندن بەرەوتێكی خێرا دەگۆڕێت، بۆ نموونە بڕواننە ئێران كە وڵاتێكی دراوسێتانە، دەبینین زۆربەی هەواڵ و وێنەكان لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە و بەهۆی بەكارهێنانی مۆبایلەوە بڵاودەبێتەوە و ڕێگەلێگرتن و سنووردارکردنیشی- مەبەستم ئەنتەرنێت و مۆبایلە- كارێكی ئاسان نییە و سەرچاوەیەكی زۆری دەوێت و كاریگەری خراپی دەبێت لەسەر بواری بازرگانی لە وڵاتەكەدا،

واته دەسـەڵاتی ئیحتیکاری بەسەر ڕاگەیاندنەوە بەرەو کزبوون و لاوازبوون دەچێت، ئەمە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتە پێشکەوتووەکانیش ڕاستە.

*** ئێمـە ناتوانیـن دیموکراسـی لـە ئەنجامدانـی هەڵبژاردنـدا کـورت بکەینەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا بوونـی ڕاگەیاندنی ئـازاد یەکێکە لەپێداویستیەکانی دیموکراسی، بەڵام ئەگەر ڕاگەیاندن دیموکراسی لەتەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردندا کورت کردەوە ئەمە دەبێتە مایەی کارەسات، ئایا لەم حاڵەتەدا ئایندەی سیاسی ئەو وڵاتە چی دەبێت؟**

- ئەمە پرسـە پەیوەسـتە بەتوانای کۆمەڵگەوە لەڕێکخستن و ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکـی نەزیـە و عادیلانە، هەروەها پەیوەسـتە بـە ڕێزگرتن لە ئەنجامـی هەڵبژاردنەکانـەوە، واتە گۆڕینـی حکومەت ئەگـەر هاتوو لایەنی بەرهەڵستکار لە هەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتنی بەدەسـتهێنا، واتە نابێت لایەنی شکسـتخواردە پەنا بۆ چەك و توندوتیژی ببات، بەڵام لە لایەکی دیکـەوە هەروەك سـەرۆك ئۆباما لە وتارەکەی لە میسردا ئاماژەی پێکرد دەبێت چۆن زۆرینە مافی حکومڕانێتی هەیە، ئەوا دەبێـت مافی کەمینەش بپارێزرێت، واتە بەدەستهێنانی زۆرینە ئەو مافەت پێنادات هەڵبستی بەکوشتن و جیوسایدکردنی کەمینە. هەڵبژاردن پەیوەستە بەڕێزگرتن لەئەنجامەکانی و دواتـر پێکەوەژیانێکی ئاشـتیانە کە هەمو لایەك ڕێـز لەیەکتربگرن، لەبەرئەوەی ئەگەر مەسـەلەکە تەنها هەڵبـژاردن بێت ئـەوا هیتلەریش بە هەڵبژاردن دەسـەڵاتی گرتەدەسـت، بەکودەتـای سـەربازی نەبـوو بە حکومڕان، بەڵام دواتر ئەنجامەکەی وێرانکردنی ئەڵمانیا و چەندین وڵاتی دیکەبوو.

*** ئێمـە دەزانین دەبێـت ڕاگەیاندن ببێتـە پرۆژەیەکـی بازرگانی، واتە بەچەشـنی بوارەکانـی دیکە دەبێت خـۆی داهات و سـەرچاوەی خۆی بەدەست بهێنێت، بەڵام لەوڵاتانی دوای کۆمۆنیستی و وڵاتانی جیهانی سێدا، ڕاگەیاندن ناچارە پشـت بەڕێکخراوە ناحکومیـەکان، حکومەتەکان و پارتە سیاسـیەکان ببەسـتێت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین بناخەیەك دابنێین بۆ ئـەوەی ڕاگەیاندن داهاتی خۆی بەدەسـتبهێنێت و متمانـەی خەڵك بەدەستبهێنێت؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئێستا ئێمە لەسـەردەمی ئەنتەرنێتدا دەژین کە ئازادانە و بە ئاسـانی دەتوانین لە ڕێی ئەنتەرنێتەوە زانیاریەکان بەدەست بهێنیـن، ئەمە کاریگـەری هەبووە لە سەر فرۆشـتنی ڕۆژنامەکان، بۆ نموونە چەندین ساڵی پێشتر لە وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکادا ڕۆژنامەکان دەخرانەڕوو و خەڵك دەیکڕین و دواتر چاپدەکرانەوە، بـەڵام لەم ڕۆژگارەدا بەهۆی ئەوەی زانیارییەکان لە سـەر تۆڕی ئەنتەرنێت بڵاودەکرێنەوە ڕەنگە ئەمە کاریگەری سلبی هەبێت لەسەر توانای ڕۆژنامەکان بۆ بەدەستهێنانی داهاتەکانیـان، ئـەم حاڵەتە تێکڕای وڵاتانی گرتۆتەوە، واتە ڕەنگە وڵاتانی جیهانی سێ نەتوانن بڵێن دەبێت سەرەتا قۆناغی گەشـەکردن تەواو بکەین و دواتر ئـەم حاڵەتە چارەسـەربکەین، چونکە ئەگەر دە سـاڵی پێش ئێستا پرسیارت بکردایە دەبێت چی بکەین، ئەوا ڕەنگە وەڵامەکـەم ئەوەبوایە کە دەبێت کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێزبکەن و چینی ناوەڕاسـت دروست بکەن و پەرە بە ڕۆژنامەکان بدەن و بیخەنەڕوو و بـا لە ڕێی فرۆشـتنیانەوە داهات بەدەسـت بهێنن و سەربەخۆیان خۆیان بپارێـزن، بەڵام ئێسـتا بارودۆخەکە گۆڕاوە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە ڕۆژنامەکانەوە هەیە.

*** لە وڵاتانـی ڕۆژئاوادا ڕاگەیاندن بە پێی ئـاکارە ڕۆژنامەگەرییەکان کاردەکات، بەڵام لە وڵاتە تازەگەشـە کردوودا بە پێی یاسـا کـە لەلایەن حکومەتـەوە دادەنرێت، پرسـیارەکە ئەوەیـە بۆچـی ڕاگەیانـدن لـەم وڵاتانـەدا ناتوانێت بە پێـی ئاکارە ڕۆژنامەگەریەکان کاربکات؟**

- پەرەپێـدان و پابەندبـوون بەئاکارە ڕۆژنامەوانیەکانـەوە واقیعێکـی نوێ و بەرەوپێشـچوونێکی تازەیە لە وڵاتە یەککگرتووەکانـی ئەمەریکادا و مێژووەکەی بۆ سـەردەمێکی کۆن ناگەڕێتەوە، واتە پێشـتر، بۆ نموونە دەتوانین بڵێین ٨٠ ساڵی پێش ئێستا ڕۆژنامەکان خۆیـان پابەند نەدەکرد بە ئاکار و سـتانداردە باڵاکانەوە بۆ ئەوەی بیکەن بـە چوارچێوەیەك بۆ ڕێکخسـتنی کاری خۆیـان، بەڵام ئەوەی ئێسـتا بەدی دەکرێت بوونی ڕەوتێکـی پێچەوانەیە، مەبەسـتم ئەوەنیە پاشـگەزبوونەوە لە ئارادایە، بەڵام ڕۆژنامەکان بەدەست کێشەیکی دیکەوە گرفتارن ئەویش ئەوەیە چیتر ناتوانن وەك ڕابـردود داهاتی خۆیان لەڕێی فرۆشتنەوە بەدەست بهێنن، کە ئەمە کاریگەری سلبی کرۆدتە سەر کارەکانیان.

*** لە ٢٥ مانگی داهاتوودا لە هەرێمی کوردسـتان هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سـەرۆکایەتی ئەنجام دەدرێن، ئایا ڕاسپاردەت چیە بۆ ڕاگەیاندن، دەبێت چ ڕۆڵێك ببینێت؟**

- لە وڵاتێکی وەك عێراق کە ئاڵۆزی سیاسـی و ئاینی تێدایە و کێشەی ئاسایشـی هەیە و بـە بارودۆخی شـەڕدا تێپەڕیوە و لە سـەروبەندی ئەوەدایە کـە هێزە سـەربازیەکانی ئەمەریکا لە شـارەکاندا دەکشێنەوە، ئێـوە کارێکی پڕ لـە تەحەددی و دژواری دەکـەن و دەبێت ئەرکی ئێوە گەیاندنی زانیاری و هەواڵەکان بێت بەوپەڕی دیققەت و ئەمانەتەوە، واتە پەنا بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریە ڕاست و دروسـتەکان ببەن، نەك پروپاگەندە و هەواڵە بـێ بنەماکان، من هیوای خۆشـبەختی و سـەلامەتیتان بـۆ دەخوازم.

پەرەپێدان و پابەندبوون بەئاکارە ڕۆژنامەوانیەکانەوە واقیعێکی نوێ و بەرەوپێشچوونێکی تازەیە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا و مێژووەکەی بۆ سەردەمێکی کۆن ناگەڕێتەوە



# بەشداری فراوانی خەڵک لەپرۆسەی هەڵبژاردن

## بەرجەستە بوونی ئیرادەی هاوڵاتیان بۆ بڕیاری راست لەسەر سندوقی دەنگدان

مەرج نییە لەهەموو حاڵەتێکدا ئاستی بەرزی بەشداری هاووڵاتیان لەدەنگدان رەنگدانەوەی ئاستی بەرزی رەگداکوتانی سیستمە دیموکراتیەکە، یان بوونی بەهاکانی دیموکراتی بە کەڵچەری دیموکراتی لەکۆمەڵگە بەرجەستە بکات

بەشداری هاوڵاتیان لە پرۆسەی دەنگدان، بەشێوەیەکی گشتی نیشانەی باری تەندروستی ژینگەی دیموکراسیە، بەڵام ئەم پێناسە گشتیە، بەپێی سروشتی رەگداکوتانی دیموکراتی و کەڵچەری دیموکراتی گۆڕانی بەسەردا دێت و، جیاوازیەك لەپێناسەکەدا دێتەئاراوە، کە مانای بەشداریکردن لەئاستی گشتیەوە، دەبەستێتەوە، بۆ ئەو بارودۆخە تایبەتیەی ئەو پرۆسەیەی تێدا ئەنجامدەدرێت، ئەمەش واتە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی کۆمەڵگە و لەبەرچاوگرتنی ئاستی رەگداکوتانی سیستمی دیموکراتی و سەیرکردنی ئەم سیستمە وەك یەکێك لە نەگۆڕەکانی دیموکراسی و پرۆسەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەناو چوارچێوەی ئەو سیستمەدا کە کەڵچەری کۆمەڵگە وەك نەگۆڕ سەیری دەکات و کەسەکان یان پارتەکان یان قەوارە سیاسییەکان بەگۆڕاو دەزانێت، ئەم رۆچوونە بەناو وردەکاریەکانی بەشداری هاوڵاتیان لەدەنگداندا، مانای جیاواو بەپرۆسەکە دەبەخشێت، ئەم مانا جیاوازە، جیاوازی سیستمی دیموکراتی دروستی ناکات، بەڵکو جیاوازی رەگداکوتانی سیستمەکە و بوونی پرانسیپەکانی دیموکراسی بەکەڵچەری کۆمەڵگە دروستی دەکات، ئەم حاڵەتە هاوکێشەیەك دروستدەکات، کەمەرج نییە لەهەموو حاڵەتێکدا ئاستی بەرزی بەشداری هاووڵاتیان لەدەنگدان رەنگدانەوەی ئاستی بەرزی رەگداکوتانی سیستمە دیموکراتیەکە، یان بوونی بەهاکانی دیموکراتی بە کەڵچەری دیموکراتی لەکۆمەڵگە بەرجەستە بکات، پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش راستە مەرج نییە لەهەموو کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیدا، ئاستی نزمی بەشداری هاوڵاتیان لەپرۆسەی هەڵبژاردن، نیشانەی ئاستی نزمی هۆشیاری هاوڵاتیان بێت بۆ بەهاکانی دیموکراتی، پیشاندانی ئەم هاوکێشەیە بۆ ئەوە نییە بڵێین، ئاستی گەشەکردنی دیموکراتی پەیوەندی بەبەشداری هاوڵاتیانەوە نییە، لەپرۆسەی دەنگداندا، بەڵکو بۆ ئەوەیە هاوڵاتی ئێمە بەو ئاستە هۆشیار بێت بەشداری هاوڵاتیانی ئێمە لەپرۆسەی دەنگدان چ مانایەکی هەیە، خۆی بەراورد نەکات لەگەڵ ئەو رێژە نزمانەی لەدیموکراتیە گەشەکردوو و رەگداکوتراوەکاندا هەیە، کۆمەڵگەی خۆی بەراورد نەکات لەکۆمەڵگەیەکی دیکە کە بەهاکانی دیموکراتی بوونە بەشێك لەمۆڕاڵی تاك، مەترسی ئەوە نەماوە، ئەگەر بەشداری بکات یان نەکات، ئەو سیستمە دیموکراتیە رووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە یان نە.

ئەم جیاکردنەوەیە، بۆئەوە نییە، خۆمان بەکەم سەیر بکەین و دیموکراتیە گەشەکردووەکانی رۆژئاوا بەبەرزتر، ئەمە بۆ ئەوەنییە، خۆمان هەڵبخەڵەتێنین و بڵێین لەبەرئەوەی ئاستی بەشداری ئێمە لەپرۆسەی هەڵبژاردن لەئاستی بەشداری هاوڵاتیانی سوید یان هۆڵەندا زیاترە، کەواتە گەشەسەندنی دیموکراسی لەوڵاتی ئێمە گەشەسەندووترە، بەڵکو ئەم جیاکردنەوەیە بۆ ئەوەیە:

١- لەتایبەتمەندی کۆمەڵگەی خۆمان تێبگەین، بزانین تاچەند کەڵچەری دیموکراتی لەمۆراڵی تاك و کۆمەڵگە رەنگدانەوەی هەیە.

٢- بۆئەوەیە لەخۆمان تێبگەین تاچەند سندوقی دەنگدان بۆ بونیادی دیموکراسی و کرانەوەی زیاتر بەکاردەهێنین و تاچەند بۆ لەناوبردنی دیموکراسی و داخستنی کۆمەڵگە بەکاریدەهێنین، ئەمەش واتە سندوقی دەنگدان دروست وەك ئەو (باروتە) ی ئیسحاق نۆبڵ دۆزیەوە، نۆبڵ بەو مەبەستە باروتی دۆزیەوە، کە بەردی گەورەی شاخەکان چیدی ئاستەنگ نەبن بۆ دروستکردنی رێگاوبان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، نەك بۆ ئەوەی لە دوو جەنگی جیهانیدا مرۆڤایەتی رووبەڕووی مەترسی لەناوچوون و شەڕی گەلان لەدژی گەلانی پێ پیادەبکرێت، ئەمەش واتە بەشداری ئێمەیە بۆئەوەیە تا بزانین ئایا ئەوانەی سندوقی دەنگدان وەك ئەو باروتە سەیر دەکەن کە ژیانی کۆمەڵگە لەباشەوە بۆ باشتر بگۆڕێت زیاترە، یان ئەوانەی سندوقی دەنگدان وەك بەکارهێنانی دووەمی باروتەکە بەکاردەهێنن بۆ گەڕانەوەی کۆمەڵگە بۆ دواوە.

٣- بەشداری ئێمە لەپرۆسەی هەڵبژاردن، وەك دەوڵەتانی دیموکراتی رۆژئاوا بۆ دەستنیشانکردنی باشتر لەنێوان باشەکاندا نییە، بەڵکو بۆ دەرخستنی ئیرادەی دیموکراتیخوازانە لەبەرامبەر ئەوانەی دەیانەوێت لەرێگەی دەنگدانەوە شەرعیەتی نەمانی یان گۆڕینی سیستمە دیموکراتیەکە وەربگرن، کەواتە بەشداری فراوانی ئێمە لەدەنگدان، بۆ دوورخستنەوەی مەترسیە لەسەر سیستمی دیموکراسی، بەشداری ئێمە بۆ بەردەوامی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە لەناو سیستمە دیموکراتیەکە، نەك بۆ گۆڕینی سیستمێك بەسیستمێکی دیکە.

**جیاوازی بەشداری لە پرۆسەی دەنگداندا**

**لەنێوان دیموکراتیە جیاوازەکاندا**

ئەگەر بڵێین لەم پرۆسەی هەڵبژاردنەی لەکوردستان بەڕێوەدەچێت، ململانێی سیاسیی بۆتە ململانێ لەسەر پاراستنی سیستمە دیموکراتیەکە و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەم سیستمە و دامەزراندنی سیستمێکی دیکە، دەتوانین بڵێین بێجگە لەدووبارەکردنەوەی راستیەکی ئاسایی، کە قسەی سەر زاری هەمووانە و بەئاشکرا و بێ شاردنەوە باس دەکرێت، شتێکی زیاترمان نەگوتووە، یان لەباشترین حاڵەتدا، ململانێکە لەنێوان بانگەشەی دیموکراسی راستەقینە و دیموکراسیەتی تەحریفیدایە، ئەمەش هەر هەمان مانای قسەی یەکەم دەگرێتەوە، بەڵام بۆئەوەی ئەوانەی بەناوی دیموکراسی راستەقینە، بانگەشە دەکەن و سیستمی ئێستای دیموکراسی کوردستان بەتەحریفی لەقەڵەم دەدەن، دیسان

سندوقی دەنگدان دروست وەک ئەو (باروتە)ی ئیسحاق نۆبڵ دۆزیەوە، نۆبڵ بەو مەبەستە باروتی دۆزیەوە، کە بەردی گەورەی شاخەکان چیدی ئاستەنگ نەبن بۆ دروستکردنی رێگاوبان و پێشکەوتنی کۆمەڵگە، نەک بۆ ئەوەی لە دوو جەنگی جیهانیدا مرۆڤایەتی رووبەڕووی مەترسی لەناوچوون و شەڕی گەلان لەدژی گەلانی پێ پیادەبکرێت



واتە ململانێکە لەنێوان لایەنگرانی دیموکراتی و بەرگریکردن لەسیستمێکی نادیموکراتیدایە، بەدیدی ئەوان، ئەوانەی گۆڕان بەگۆڕینی سیستمە دیموکراتیەکە پێناسە دەکەن، کەواتە لەم شەڕەدا، هەر دەبێت لایەك سەربکەوێت، یان لایەنگیرانی دیموکراتی، یان لایەنگیرانی بەرەی نادیموکراتی، ئەم حاڵەتە بواری هاوپەیمانی پەرلەمانیشی بەئاستێك بچووکردۆتەوە، کە نەتوانرێت دوای هەڵبژاردنیش هاوپەیمانی پەرلەمانی دروست بکرێت.

ئەم حاڵەتە نائاساییە، لەدیموکراتیە گەشەسەندوو پێشکەتوەکاندا نییە، بۆچی؟ لەبەرئەوەی لەنێوان پارتەکان یان ئەو قەوارە سیاسیانەی بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دەکەن، هیچ لایەك ناتوانێت گومان لەسەر نەگۆڕی سیستەمەکە دروست بکات، واتە پێمانخۆش بێت یان پێمانناخۆش بێت، لەسیستمی دیموکراتی باشتر نییە پەنای بۆ بەرین، بەڵام ئەو کەسە یان ئەو پارتەی ئێستا متمانەی ئەوەی پێدراوە، ئەم سیستمە هەڵبسوڕێنێت یان بەرنامەی سیاسیی بۆ دابڕێژێت، کەموکورتیەکە لەکەسەکە یان پارتە سیاسیەکەیە نەك دەستووری مەدەنی وڵات یان سیستمە دیموکراسیەکە، بۆیە بەلای هاوڵاتیەوە گرنگ نییە پارتی سەوز لەدەسەڵاتدا دەبێت یان پارتی سۆشیالیستی، بەڵکو ئەوەی گرنگە سیستمەکە گۆڕانی بەسەردا نایەت و سیستمەکە نەگۆڕە، نەگۆڕی سیستم بەو مانایە نییە ئەو سیستمە پیرۆزە و نابێت دەستکاری بکرێت، نەخێر، لەبەرئەوەیە هیچ سیستمێکی دیکەی حکومڕانی وەك سیستمی دیموکراتی کراوە نییە بۆئەوەی هاوڵاتیان لەبەرپرسانی خۆیان بپرسنەوە، ئەگەر نا سیستمی دیموکراتی باشترین سیستمی حکومڕانی نییە، بەڵام هەتا ئێستا لەم سیستمە باشتر نییە، ئەمەیە جیاوازی نێوان کۆمەڵگەی دیموکراتی سوید یان هۆڵەندا، یان ئەمریکا، لەگەڵ کۆمەڵگە هاوشێوەکانی کوردستان، هەر بۆ نموونە، باراك ئۆباما لەهەڵبژارنی سەرۆکایەتی پار ساڵدا، دروشمی گۆڕانی بەرزکردبۆوە، بەڵام دروشمی ئۆباما بۆ رەتکردنەوەی دەستووری ئەمریکا، یان گۆڕینی سیستمی حکومڕانی ئەمریکا نەبوو، بۆیە ئەوەی بووە هۆکاری سەرکەوتنی ئۆباما، دەنگی کۆماریەکان بوو نەك دەنگی دیموکراتەکان، ئەگەر ئەو ڕێژە زۆرەی کۆماریەکان دەنگیان بەئۆباما نەدابایە ئەو سەرکەوتنە دروست نەدەبوو، بەڵام ئۆباماش سیستمی حکومڕانی ئەمریکای نەگۆڕی، بەڵکو لەهەستیارترین پۆستدا کە پۆستی وەزارەتی بەرگری بوو، رۆبەرت گیتسی کۆماری هێشتەوە، لەبەرئەوەی ئەو توانایەی دامەزراوەی پەنتاگۆن لەبەردەستیدایە، گیتس دریخی لێ نەکردووە، ستراتیژی ئەمریکا بەو شێوەیە بووە، بۆیە ئوباما ستراتیژەکەی نەگۆڕی، بەڵکو ئەو خاڵانەی گۆڕی کە ستراتیژەکەی پەکخستبوو، بەڵام لەوڵاتی ئێمە سەرۆکی لیستێك وەك داهێنانێکی گەورەی لەزانستی سیاسەت کردبێت، بەبێ ئەوەی ئیحتماڵێك بۆ هەڵەی بۆچوونەکەی بهێڵێتەوە، دەڵێت گۆڕان مانای چاکسازی نییە، ئەولەویەت بۆ گۆڕانی سیستمەکەیە، نەك بۆ چاکسازی لەسیستمەکە، ئیدی دەبێت، ململانێ سیاسیەکە شەڕێت لەنێوان دیموکراسی و نادیموکراسی، واتە سیستمەکە لەهەڕەشەدایە، نەك پارتێك یان بۆچوونێکی سیاسیی، واتە ئەوەی ئێستا حکومڕانی دەکات، تەنها کەموکورتی نییە، بەڵکو ئایدۆلۆژیەتەکەی هەڵەیە و دەبێت ئەو ئایدۆلۆژیەتە نەمێنێت، ئەمەیە ئێمە کە دەچینە سەر سندوقی دەنگدان، تەحەددیەك ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، دەنگ بۆ پرۆسەی دەستاودەستکردنی دیموکراتی و ئاشتیانە نادەین، بەڵکو دەنگ بۆ بەرگریکردن لەسیستمی دیموکراتی و ڕێگرتن لەبونیادی سیستمێکی نادیموکراتی دەدەین، ئەمەیە پەیوەندی بەهەموو تاکێکەوە هەیەو بەوەی نابێت سیستمەکە بکەوێتە مەترسییەوە.

ئەگەر مەسەلەکە گۆڕینی سیستمە دیموکراسیەکەی تێدا نەبێت زۆر ئاساییە، لەبری سەرۆکی حکومەتی ئێستا سبەینێ یەکێکی دیکە سەرۆکایەتی حکومەت وەربگرێت، هەر بۆنموونە هیچ مەترسیەك روونادات، ئەگەر ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەکابینەی داهاتووی حکومەت پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێت، تەنها هۆکار ئەوەیە، بۆ نموونە ئەگەر د.بەهەم

**هاوڵاتی کوردستان دەبێت بەو ئاستە هۆشیار بێت، دژایەتی کردنی دەستوور مانای چییە، لەبەرئەوەی هیچ دەستوورێك لەسیستمی دیموکراتیدا بەو ئاستە نییە وەک دەقێکی پیرۆزی دەسکاری نەکراو سەیر بکرێت، پاشان بواری هەموارکردنی لەبەردەمدا بۆ نەمێنێتەوە**



جێگەی نێچرڤان بارزانی بگرێتەوە، درێژە بەهەمان سیاسەتی حکومەت دەدات لەچوارچێوەی بەرەو پێشبردنی سیستمە دیموکراتیەکەدا، ئەوجا لەهەندێك لایەن د.بەرهەم تێڕوانینێکی دیکەی هەیە، یان دەستکاری هەندێك ئەولەویەت دەکات، بۆ نموونە گریمان ئەولەیەتی حکومەتەکەی نێچیرڤان بارزانی کردنەوەی هەموو سێکتەرەکانی بونیادنانەوە بووبێت پێکەوە، ئەمجارە د.بەرهەم هەندێکیان پێش ئەوانی دیکە دەخات ئەمە کێشە دروست ناکات، بەڵام ئەگەر بۆ نموونە نەوشیروان مستەفا بەرنامە بۆ حکومەت دابنێت، ئەوا وەك خۆی دەڵێت من لەسفرەوە دەست پێدەکەمەوەو ئەوەشی بڕوای بەسفرکردنەی من نەبێت هاوپەیمانی لەگەڵدا دروست ناکەم، مانای وایە، ئەو مەترسیەی ئێستا وەك ئاژاوە لێی دەترسین، سندوقی دەنگدان دەیباتە ناو پەرلەمان و حکومەتە و سیستمە دیموکراسیەکە دەبێتە قوربانی ئەو ئاژاوەیەی سندوقی دەنگدان دەیباتە ناو پەرلەمان و حکومەتەوە، کە بەداخەوە، لیستی گۆڕان و نەوشیروان مستەفا، ئەم ئاژاوە و لێکناحاڵیبوونەشیان ناوناوە (ئەکتیڤ بوونی پەرلەمان).

## بایەخی بەشداری هاوڵاتیان لەپرۆسەی هەڵبژاردنی کوردستان وەک بەشداری لەداڕشتنی بڕیارێکی چارەنووسسازدا

هاوڵاتی کوردستان دەبێت بەو ئاستە هۆشیار بێت، دژایەتی کردنی دەستوور مانای چییە، لەبەرئەوەی هیچ دەستوورێك لەسیستمی دیموکراتیدا بەو ئاستە نییە وەك دەقێکی پیرۆزی دەسکاری نەکراو سەیر بکرێت، پاشان بواری هەموارکردنی لەبەردەمدا بۆ نەمێنێتەوە، ئەمریکیەکان کە لەهەموو نەتەوەکان زیاتر ڕێز لەدەستووری وڵاتەکەیان دەگرن و داڕێژەرانی ئەو دەستووری بەباوکانی گەلی ئەمریکا دەزانن، تائێستا زیارتر لە ٤٠ جار ئەم دەستوورە هەموار کراوە، ئەمە وەڵامێکی کورتە بۆ ئەو سەرکردەیەی گاڵتە بەئیرادەی میللەتی خۆی دەکات و لەسەر تەلەفزیۆنەوە دەڵێت، دەستووری ئەمریکا پێشەکیەکەی چوار دێرەو دەستووری کوردستان حەوت لاپەڕەیە، ئەم باسکردنە یان ئەم پیشاندانەی دەستوور بەم شێوەیە، بێجگە لئامانجێکی سیاسیی بۆ گۆڕینی دەستووری کوردستان، لەدەستوورێکەوە کە لەگەڵ سیستمی دیموکراتی یەکدەگرێتەوە، بۆ گۆڕینی بۆ دەستورێك کە شەرعیەت بەدیکتاتۆریەت و پۆپۆلیستی بدات شتێکی دیکە نییە، ڕەتکردنەوەی دەستوور بەو شێوەیە، بۆ سازش پێوەکردنە لەسەر هەڵویستی سیاسیی یەکگرتووی هاوپەیمانی کوردستانی لەبەغدا، واتە ئەگەر دەستوور دوابخرێت، بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان، واتە جێکردنەوەی خواستە دیکتاتۆری پۆپۆلیستیەکان، لەسەر حسابی یەك گوتاری کورد لەپەرلەمانی عێراقدا، واتە ناچارکردنی پارتی و یەکێتی بۆ سازشکردن لەسەر بەهاکانی دیموکراتی لە کوردستان، لەبەرامبەر مانەوەی گوتاری سیاسیی کورد بەیەکگرتوویی لەبەغدا، ئەگەر ئەم مانایەی نییە، ئایا چی دەبێت، ئەگەر ئێستا دەستوور دەنگی لەسەر بدرێت، لەخولی داهاتوو ئەگەر بڕگەیەك پێویستی بەهەموارکردن هەبوو هەموار بکرێت؟ ئایا ئەمە ترسی ئەوە نییە، کارتێکی گوشار لەدەستی نەوشیروان مستەفا دەردەچێت، بۆ سازشکردن لەسەر گوتاری سیاسیی کورد لەبەغدا؟ ئایا ئەم هەمان ئەو هەڵوێستانە نییە، کە دوایان دەکرد، دەبێت بەغدا هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەڕێوەبەرێت؟ بەڵام بۆیان نەچووە سەر. لێرەوە بایەخی بەشداری هاوڵاتیان بۆ بەشداری لەپرۆسەی دەنگدان بەچەند خاڵێك ئاماژە پێدەکەین:

١- بەشداری فراوانی هاوڵاتیان لەم پرۆسەیەدا، پیشانی دەدات ئایا لایەنگیرانی سیستمی دیموکراتی لەکوردستان باڵادەستن یان لایەنگرانی رووخانی سیستمی دیموکراتی.

٢- بەشداری فراوانی هاوڵاتیان ئاستی بەرزی لایەنگرانی سیستمی دیموکراتی لەبەرامبەر ئەوانەی دژی ئەم سیستمە دیموکراتیەن پیشاندەدا.

٣- بەشداری فراوانی هاوڵاتیان دەیسەلمێنێت، هاوڵاتیانی کوردستان قەبووڵ ناکەن، سیستمە دیموکراتیەکە بکەوێتە مەترسییەوە.

٤- بەپێچەوانەوە کەمتەرخەمی لەچوونە هەڵبژاردن، ئاستی دەنگدانی لایەنگرانی دژ بەسیستمە دیموکراتیەکە زیاتردەکات، ئەگەر دەنگی زۆریش نەهێنن، هاندەدرێن بۆ ئاژاوەی زیاتر، بەڵام ئاستی فراوانی بەشداری هاوڵاتیان ناحەزانی سیستمی دیموکراتی نائومێددەکات.

**پرۆفیسۆر پاتریك بێرهاگن ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی ئەبێردن، پسپۆر وتایبەتمەندە لەتیۆری دیموکراتی و ئاکار و بەشـداری هاوڵاتیان لەپرۆسـەی دەنگدان و هەروەها حکومەت و پەیوەندیەکانی لەبزنس، بۆ قسـەکردن سـەبارەت بەکاریگەری بەشداری هاوڵاتیان لەپرۆسەی دەنگدان، پرۆفیسۆر بیرهاگن بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

## پرۆفیسۆر پاتریک بێرنهاگن بۆ گوڵان:

# بەشداری لەدەنگدان کەمترین پێداویستیە بۆ ئەوەی سیستمە سیاسیەکە بەدیموکراتی ناوببرێت

**بێ بوونی بەشداری و دەنگدانی ئازاد نە پرۆسەیەکی دیموکراتی و نە سیستمێکی سیاسی دیموکراتی بوونیان نابێت**

*** ئایا بەشداری هاوڵاتیان لەپرۆسەی دەنگـدان، پیویستسـە بۆ پرۆسـەی دیموکراسـی، ئەگەر پێویسـتە چۆن میکانزمێك رێکبخەین زۆرترین هاوڵاتی بەشداری بکەن؟**

- لەڕاستیدا بەشداری لەدەنگدان کەمترین پێداویستیە بۆئەوەی پرۆسەی دەنگدان و سیسـتمە سیاسـیەکە بەدیموکراتی ناوببردرێن، مەبەستم لەبەشداری کردن و دەنگدانە بەشێوەیەکی ئازادانە، واتە بێ بوونی بەشـداری و دەنگدانی ئازاد نە پرۆسەیەکی دیموکراتی و نە سیستمێکی سیاسی دیموکراتی بوونیان نابێت، واتە ئەمە جەوهەر و کرۆکی دیموکراسیەتە. بەڵام دەبێت ئەو ڕاستیەشمان لەبەرچاوبێت کە تەنها ئەنجامدانـی هەڵبژاردنەکان نیشانەی بوونی دیموکراسی نین، بەڵکو دەبێت هاوشـان لەگەڵ هەڵبژاردنەکاندا ئازادی ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن، ئازادی کۆبونـەوە و ڕادەربڕیـن، مافەکانـی مرۆڤ و ئازادیە مەدەنی و سیاسیەکان دەستەبەربکرێن، هەروەها دەبێت گەندەڵی لە ئاستێکی نزمدا بێت، چونکە تاوەکو ئاستی گەندەڵی بەرزبێت ئەوا کێشەی گەورە ڕووبەڕوی دیموکراسی دەبێتەوە.

*** ئەی سـەبارەت بەئاستی بەرز و نزم لەهەڵبژاردنەکاندا؟**

- ئـەوە پرسـیارێکی باشـە، ڕەنگە مـن وەڵامێکی یەکلاکـەرەوەم نەبێت، لەئەدەبیاتی زانستی سیاسیدا بیروڕای جیـاواز هەیە لـەم ڕووەوە، بۆ نموونە هەندێکیـان پێیانوایە بـەرزی ڕێژەی بەشـداریکردن نیشـانەی بایەخدان



و پەرۆشـی خەڵکـە بەپرۆسـەکە، بەدەربڕینێکـی جیاوازتـر یەکێـك لەنیشانەکانی پرۆسەیەکی دیموکراسی و تەندروست هەڵبژاردنی بەرزی ڕێژەی بەشـداربوونی دەنگدەرانە، بیروڕایەکی پێچەوانەی ئـەم تێڕوانینەش لەئارادایە کـە پییوایە بەرزی ڕێژەی بەشـداری کردن بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەڵمەتی جۆشـدان و جولاندنی هەست و سۆزی خەڵك خراوەتەگەڕ و نیشـانەی ئەوەیە کـە کەشـێکی بـارگاوی لەئارادایە و ڕەنگـە ئەمەش ببێتە سـەرچاوەی ناسـەقامگیری، ئەم کەسانە پێیانوایە کەمی ڕێژەی بەشداری کردن بەڵگەی ئەوەیە کە خەڵکـی ڕازین بەچۆنیەتی بەڕێوەبردنی کاروبـارەکان و چۆنیەتی کارکردنی سیستمە سیاسیەکە و پێیان وایە سیاسـیەکان بایەخ بە بەرژەوەندیەکانیان دەدەن. بـەڵام من خۆم پشـتگیری لە لێکدانەوە و بۆچونی یەکەمیان دەکەم و پێم وایە بەرزی ڕێژەی بەشداری کردن نیشانەی تەندروستبونی سیستمەکەیە، بۆ نموونە لەدیموکراسـیەتە سەقامگیر و گەشـەکردوەکاندا، بەتایبەتی لەوڵاتە ئەسـکەندەنافیەکان و وڵاتی ئەڵمانیادا زۆرجـار ڕێژەکە دەگاتە لە سـەدا ٧٠ یاخود لە سەدا ٨٠.

*** ئایا تـا چ ڕادەیەك نزمی ڕێژەی بەشداری کردن دەبێتەهۆی دروستکردنی گومان لەسەر شەرعیەتی هەڵبژاردنەکان، بە پێچەوانەشـەوە ئایا بەرزی ڕێژەی بەشـداری کردن شـەرعیەت دەدات بە پرۆسەکە؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدا کـە تاوەکو ڕێژەی بەشـداربوون زیاتر بێـت ئەنجامەکانـی شـەرعیەتیان زیاتردەبێت، بۆ نموونە ئەگەر سەرۆکێك زۆرینە بەدەسـت بهێنێت، بەڵام ڕێژەی بەشداربوونی دەنگدەران لە سەدا ٥٠ بێت ڕەنگە شـەرعیەتێکی کەمتری هەبێت بە بەراورد بـە هەڵبژاردنێك کە ڕێژەی دەنگدانەکە زیاتر بێت.

*** ئایـا دەکرێـت ڕێژەی بەشـداری زیادبکەین، ئەگەر بەڵێ چۆن؟**

- ئەوە پرسـیارێکی باشـە، ڕەنگە پتر پەیوەست بێت بە دامەزراوە سیاسیەکانەوە، بە سیستمی هەڵبژاردنی وڵاتەکەوە کە ناتوانرێت بـە ئاسـانی گۆڕانکاریان تێدابکرێت، بۆ نموونە ڕەنگە پیادەکردنی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەی هۆکارێك بێت بۆ هاندانـی دەنگدەران بۆ ئەوەی بە چڕی بەشـداری بکەن، بە چەشنی ئەوەی لـە ئەڵمانیا و سـویددا بەدی دەکەین،لەلایەکـی دیکـەوە ڕۆژی دەنگدانیـش کاریگـەری خۆی هەیە لەسەر ئەم ڕێژەیە، لە ئەڵمانیا و سوید لە ڕۆژی یەك شەممەدا هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێت کە ڕۆژی پشووە لەم وڵاتانەدا و خەڵکانێك زیاتر دەتوانن دەنگ بدەن،

لە کاتێکدا لە بەریتانیا لە ڕۆژی پێشنج شەممەدا ئەنجام دەدرێت کە ڕۆژی کارکردنە. بە دڵنیاییەوە هۆشیاری سیاسییش، هۆکارێکە بۆ زیادبوونی ڕێژەی بەشداری کردن، لەبەر ئەوەی تاوەکو ئاستی هۆشیاری و پەروەردەی خەڵك زیاتر بێت ئەوا ئەگەری زیاتری بەشداریکردنیان لە ئارادادەبێت، لە کاتێکدا ڕەنگە ئەو خەڵکانەی هۆشیاری و زانیارییەکی سیاسی کەمتریان هەیە کەمتر بایەخ بە بەشداری کردن دەدەن. ڕاستە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن پرۆسەیەکی دوورودرێژە و چەندین ساڵ دەخایەنێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە بەرزکردنەوەی ئاستی پەروەردە و خوێنەورای خەڵك ڕەنگدانەوەی ئیجابی دەبێت لەسەر بەشداری کردنیان.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك ڕاگەیاندن دەتوانێت کاریگەربێت لەسەر بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی بۆ ئەوەی ڕێژەی بەشداری کردن بەرزبێت؟**

- ڕەنگە بوونی ڕاگەیاندنێکی هاوسەنگ، مەبەستم ئەوەیە نە بەتەواوەتی لەژێر کۆنتڕۆڵی دەوڵەتدابن و نە بەیەکجاریش لە ژێر کۆنتڕۆڵی کۆمپانیا و وبەرهێنە تایبەتیەکاندا بن، ئامرازێکی بەسوود بێت بۆ بەرزرکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و بایەخی سیاسی ڕای گشتی، لێرەدا مەبەستم لە بوونی ئەو دەزگا ڕاگەیاندنە گشتیانەیە کە سەربەخۆن لە دەوڵەت و لە کۆمپانیا تایبەتیەکان وەك «BBC» کە لێکۆڵینەوەی ڕۆژنامەنوسی ئەنجام دەدەن و ڕاپۆرتی سیاسی تێروتەسەل دەخەنەڕو.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك ئاستی بەشداری کردنی خەڵك دەبێتە نیشانەی گەشەکردنی دیموکراسی لەوڵاتێکدا کە لەسەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندایە؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە، بەڵام ئەگەر لەئەزمونی وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات بڕوانین، ئەوا لەیەکەم هەڵبژاردندا، بەهۆی پەرۆشیانەوە بۆ دیموکراسی ڕێژەیەکی بەرزی بەشداری کردن تۆمارکرا، بەڵام دواتر ئەم ڕێژەیە زۆر دابەزی، بە چەشنێك زۆر چاودێری نیگەران کرد، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەڵبژاردنەکانی جاری سێیەم و چوارەمدا دووبارە ڕێژەکە بەرز بووە. حاڵەتێکی دیکە هەیە کە لە وڵاتانی ئوستڕالیا و بەلجیاکادا بەدی دەکەین کە هۆکارێکە بۆ زیادبوونی ڕێژەی بەشداری کردن، ئەویش دەنگدانی ئیجبارییە، ئەگەرچی من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئەمەدا نیە، بەڵام پێم وایە مەرج نیە ئەمە نیشانەی ئەوەبێت کە ڕێژەی لە سەدا ٩٠ لە ڕێژەی لە سەدا ٧٠ باشتربێت. بە دەربڕینێکی دیکە ئاساییە وڵاتێکی کار بە دەنگدانی ئیجباری بکات، بەڵام مەرج نیە ئەمە هەمو کێشەکان چارەسەربکات.

*** لەمانگی داهاتوودا لەهەرێمی کوردستاندا هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت، ئایا ڕاسپاردەی ئێوە چییە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەبێت ڕۆڵیان چی بێت لەم پرۆسەیەدا؟**

- راسپاردەی من بۆ هاوڵاتیان ئەوەیە کە لەڕووی ئەخلاقیەوە ئەرکی هەمووتانە بەشداری بکەن و پرۆسەکە بە جیددی وەربگرن،ڕەنگە گرنگترین ئەرکی ڕاگەیاندنیش لەپرۆسەیەکی لەم چەشنەدا بریتی بێت لە ڕووی خستنەڕوی کێشە سیاسیەکان و ڕاپۆرتی سیاسی ڕێك و پێك، بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی ئاسای هۆشیاری و بەرچاوڕوونیەکیان هەبێت دەربارەی ئەو پرس و مەسەلانەی پەیوەستن بە ژیانیانەوە.

**لەدیموکراسیەتە سەقامگیر و گەشەکردوەکاندا، بەتایبەتی لەوڵاتە ئەسکەندەنافیەکان و وڵاتی ئەڵمانیادا زۆرجار ڕێژەکە دەگاتە لە سەدا ٧٠ یاخود لە سەدا ٨٠**



پرۆفیسۆر جەی. کلیستی لای، ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی تۆلن وپسپۆر و تایبەتمەندا لەسەر دیموکراسی و بونیادی کۆمەڵگەی مەدەنی لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا، هەروەها تایبەتمەندیشە لەسەر رۆڵی خەڵك لەبەشداریکردنی پرۆسەی سیاسیی و بەشداریکردنی لەپرۆسەی دەنگدان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگانە، خاتوو جەی کلیستی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

## پرۆفیسۆر کیلستی لای بۆ گوڵان:

# هەتا ئاستی هۆشیاری بەرزتربێت ڕێژەی بەشداریکرن لەپرۆسەی دەنگدان زیاتر دەبێت

*** بەشداری خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا یەکێك لە لایەنەکانی پرۆسەی دیموکراسی، هەروەها ڕێژەی بەشداری خەڵکیش لایەنێکی گرنگە، ئێوە لەم ڕووەوە چ تێڕوانین و بیروبۆچونێکتان هەیە؟**

- لە ڕاستیدا بەشداری کردنی خەڵك لە پرۆسەکەدا مەسەلەیەکی سەرەکی و بنەڕەتیە و نیشانەی تەندروستبوونی پرۆسەکەیە، واتە تاوەکو ئاستی بەشداری خەڵك زیاتر بێت باشترە.

*** لەهەندێ وڵاتدا ئەگەرچی ڕێژەی بەشداریکردن بەرزە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە هەڵبژاردنێکی کامڵە و لەکولتووری دیموکراسیەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمە لەکاتێکدا لەدیموکراسیە دێرینەکاندا ئەم ڕێژەی بەشداریکردنە نزمە، خوێندنەوەی تۆ بۆ ئەم جیاوازیە چییە؟**

- ئەوە پرسیارێکی زۆرباشە و جێی



مشتومڕێکی گەورەیە لەئەدەبیاتی زانستی سیاسیدا، ئەمەش پەیوەستە بەدوو مەسەلەوە: یەکەمیان بونیادی سیستمی هەڵبژاردنەکەیە، مەبەستم ئەوەیە ئایا کەی هەڵبژاردن ئەنجام دەرێت، ئایا تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران مەرجێکی پێشوەختە بۆئەوەی مافی دەنگدانت هەبێت، یاخود تەنها لەڕۆژی دەنگداندا دەردەکەویت و دەنگ دەدەیت، ئایا پێشتر هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی ئەنجام دەدرێت بۆ ئەوەی خەڵك ئاشنابن بەپرۆسەکە و بە کاتی دەنگدان و بەچۆنیەتی دەنگدانیان. مەسەلەی دووەم پەیوەستە بەسروشت و خەسڵەتی تاکەکەسەکانەوە، بۆ نموونە هەندێ کەس بایەخ بەسیاسەت دەدەن و بەشداری دەکەن، هەندێ کەسی دیکەش هەن کە بەبێ بایەخیەوە مامەڵە لەگەڵ مەسەلە سیاسەکاندا دەکەن، ڕۆژنامە ناخوێننەوە و بە دوادواچوون بۆ هەواڵ و ڕوداوەکان ناکەن، ڕەنگە ئەمانە کەمتر بەشداری لە پرۆسەی دەنگداندا بکەن. لە لایەکی دیکەوە ئەمە پەیوەندی بەکولتووری کۆمەڵگەشەوە هەیە، هەر وڵاتێك ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە لە هەندێ وڵاتدا دەنگدان ناچارییە، ئەمەش ڕێژەی بەشداربوون بەرزدەکاتەوە، چونکە ڕەنگە خەڵك غەرامە بکرێن، یاخود سزابدرێت —سزایەکی دارایی-ئەگەر دەنگ نەدەن، پێشتر ئەمە لە ڕوسیادا پەیڕەو دەکرا. ئەمە لە کاتێکدا ڕەنگە لە هەندێ وڵاتی دیکەدا مومارەسەکردنی ئەم مافە ڕوبەڕوی مەترسیت بکاتەوە، چونکە بۆی هەیە ڕووبەڕووی هەڕەشە

مەسەلەی شەرعیەت گرنگی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی ئەگەر خەڵک ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەشەرعی نەزانن ڕەنگە ئاژاوە و ناڕەزایی دەربڕین دروست بێت، بەچەشنی ئەوەی لە ئێراندا دەیبینین



ببیتەوە لەبنکەکانی دەنگدان و لەکاتی بەشداری کردنتدا.

*** ئایا تاچ رادەیەک نزمی ڕێژەی بەشداریکردن دەبێتەهۆی دروستکردنی گومان لەسەر شەرعیەتی هەڵبژاردنەکان، بەپێچەوانەشەوە ئایا بەرزی ڕێژەی بەشداریکردن شەرعیەت دەدات بەپرۆسەکە؟**

- لە ڕاستیدا مەسەلەی شەرعیەت گرنگی خۆی هەیە، لەبەرئەوەی ئەگەر خەڵك ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەشەرعی نەزانن ڕەنگە ئاژاوە و نارەزایی دەربرین دروست بێت، بەچەشنی ئەوەی لە ئێراندا دەیبینین. لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە نزمی ڕێژەی بەشداری کردن ئەو تیروانینە بهێنێتە ئاراوە کە بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان وەك پێویست نوێنەرایەتی پێکهاتە و بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگە ناکەن و ڕەنگە ئەمەش سەربکێشێت بۆ سەرهەڵدانی کێشە.

*** لە دیموکراسیە لیبراڵەکانی رۆژئاوادا نزمی ڕێژەی بەشداری کردن کاریگەری نابێت لەسەر چالاکی سیستمە سیاسیەکە، بەڵام لەدیموکراسیەتە نوێیەکاندا ئەمە دەبێتەهۆی کردنەوەی دەرگا بۆ دوژمنەکانی دیموکراسی و هێزە دژە دیموکراسییەکان ئیستیغلالی دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت ڕێژەی بەشداری زیادبکەین، ئەگەر بەڵێ.. چۆن؟**

- بەدڵنیاییەوە، دەتوانین ئەم کارە بکەین لەرێی ئاسانکاریکردن بۆ بەشداربوونی زیاتری دەنگدەران، بۆ نموونە لەزۆربەی ویلایەتەکانی ئەمەریکادا دەبێت ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەیە پێشتر ناوی خۆیان تۆماربکردبێت ئەگەرنا ناتوانن دەنگ بدەن، مەبەستم ئەوەیە دەتوانین بەهۆی لابردنی ئاستەنگەکانەوە دەرفەت بۆ بەشداربوونی زیاتری دەنگدەران بخوڵقێنین.

*** ئایا تا چ رادەیەک پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی هۆکارێك دەبێت بۆ زیاتربوونی ڕێژەی بەشداری خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا؟**

- ئەوە پرسیارێکی باشە، بەدڵنیاییەوە هۆشیاری سیاسی پەیوەندیەکی زۆری هەیە بەرێژەی بەشداربوونەوە، مەبەستم ئەوەیە تاوەکو ئاستی هۆشیاری و ئاشنایەتی خەڵك بە واقیع و ڕاستیەکان زیادبێت، واتە پتر ئاگاداری پرس و مەسەلەکانی پەیوەست بە خۆیانەوە بن ئەوا ئەگەری بەشداربوون و دەنگدانیان زیاتر دەبێت.

*** ئایا تا چ رادەیەک ڕاگەیاندن دەتوانێت کاریگەرییت لەسەر بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی بۆ ئەوەی ڕێژەی بەشداری کردن بەرزبێت؟**

- ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە ببینێت لەهاندانی خەڵك بۆ ئەوەی بەشداری بکەن، ئەویش لەرێگەی پێدان و خستنەڕووی زانیاریەکانەوە دەربارەی بەرنامە و سیاسەتی پاڵێوراوە و پارتە سیاسیەکانەوە، بەڵام دەبێت ئەم کارە بە شێوەیەکی بێلایەنانە بکات، بۆ نموونە لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشدا هەندێ جار سکاڵای ئەوەدەکرێت کە هەندێ لەدەزگاکانی ڕاگەیاندن لەکاتی ئەداکردنی کارەکانیان و لەکاتی تەغتیەکردنی هەواڵ و ڕووداوەکاندا رەچاوی بێلایەنی ناکەن.

*** ئایا تا چ رادەیەك ئاستی بەشداری کردنی خەڵك دەبێتە نیشانەی گەشەکردنی دیموکراسی لە وڵاتێکدا کە لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراسیکردندایە؟**

- ئەمە لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازە، بۆ نموونە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ڕێژەی لە سەدا ٦٠ بە ڕێژەیەکی باش لەقەڵەم دەدرێت، ئەگەرچی ئەمە بەشداری نەکردنی لە سەدا ٤٠ دەنگدەرانیش لە خۆدەگرێت، ڕەنگە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا ڕێژەیەکی کەمتریش لە ٦٠٪ ڕێژەیەکی باش بێت، بەڵام تیروانینی شەخسی من ئەوەیە ڕێژەی ٨٠٪ ئاماژەیەکی باش و ڕێژەیەکی باشە.

*** لەمانگی داهاتوودا لەهەرێمی کوردستاندا هەڵبژاردن ئەنجام دەرێت، ئایا ڕاسپاردەی ئێوەچیە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەبێت ڕۆڵیان چی بێت لەم پرۆسەیەدا؟**

- من هانی ئەو خەڵکانە دەدەم لەکوردستان کە مافی دەنگدانیان هەیە بەشداری بکەن و دەنگی خۆیان و ڕای خۆیان بگەیەنن، چونکە بەشداریکردن کاریگەری و گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەتی لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا.

**من هانی ئەو خەڵکانە دەدەم لەکوردستان کە مافی دەنگدانیان هەیە بەشداری بکەن و دەنگی خۆیان و ڕای خۆیان بگەیەنن، چونکە بەشداریکردن کاریگەری و گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەتی لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا**



**پرۆفیسۆر جانیلا وِرد ئوستادی میدیا و گەیاندنە لەزانکۆی رۆتردام و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر رۆڵی میدیا و تەکنەلۆژیای نوێ لەسەر پرۆسەکانی هەڵبژاردن و بەشداری هاوڵاتیان لەپرۆسەکانی دەنگداندا، بۆ باسکردنی گرنگی بەشداری لەپرۆسەکانی هەڵبژاردن خاتوو جانێلا بەمجۆرە بۆ گوڵان رای خۆی دەربڕی.**

## پرۆفیسۆر جانێلا وِرد بۆ گوڵان:

# لەوانەیە نزمی رێژەی بەشداریکردن شەرعیەتی هەڵبژاردنەکە بخاتە ژێرگومانەوە

**رەنگە خەڵکی ئەو راستیەیان لەبیرچوبێت کە بەشداریکردن چ شەرەفێکی گەورە و چ بەرپرسیارێتیەکی مەزنە**

*** بەشداری خەڵک لەپرۆسەی دەنگدان، چ مانایەکی گرنگی هەیە، وا هەموو جەخت لەسەر بەشداری فراوانی هاوڵاتیان دەکەینەوە لەپرۆسەکانی دەنگداندا؟**

- لەبنەڕەتدا، دیموکراسی ئەو سیستەمەیە کە دەسەڵات لەدەستی خەڵکدایە و لەڕێی هەڵبژاردنکانەوە موومارەسەی دەکەن. یەکێك لەپێداویستیەکانی سەرکەوتنی دیموکراسی رەخساندنی بوارە بۆ ئەوەی هەمو کەسێك ئازادانە گوزارشت لە بیروباوەڕی خۆی بکات. کاتێك دەبیستم رێژەی بەشداربوون لە هەڵبژاردنێکدا رێژەیەکی بەرزە، ئەوا قەناعەتێکی زیاترم لادروست دەبێت کە هاوڵاتیان متمانەیان بە پرۆسەی دە نگدان هەیە بۆ هەڵبژاردنی بەرپرسەکان و هەست دەکەن ئیختیارێکی گرنگیان کردووە بۆ ئایندەی وڵاتەکەی.

*** ئایا هەموو کاتێك رێژەی دەنگدان ئاماژەیە بۆ ئاستی بەرزی دیموکراتی لە وڵاتێکدا؟**

- هەندێ جار وادەردەکەوێت بوونی مێژوویەکی دووورودرێژ یاخود کولتووری دیموکراسی یەکێك لەو هۆکارانەبێت کە دەبێتەهۆی کەمی رێژەی بەشداریکردن. رەنگە خەڵکی ئەو راستیەیان لەبیرچوبێت کە بەشداریکردن چ شەرەفێکی گەورە و چ بەرپرسیارێتیەکی مەزنە. بەڵام کاتێك رێژەی بەشداری کردن نزم دەبێت، ئەوا من چەندین هۆکاری دیکە لەبەرچاودەگرم کە بۆچی خەڵك بایەخێکی کەم بە گەیاندنی دەنگی خۆی دەدات: ئایا وا هەست دەکەن پاڵێوراوەکان نوێنەرایەتیان ناکەن؟ ئایا چیتر باوەڕیان بە سیستەمەکە نەماوە؟ ئەمانە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت هۆکاری نزمی رێژەی بەشداری کردن بن، بەڵام بە پێی وڵات و هەل و مەرجەکەش دەگۆڕێت.



*** ئایا تا چ رادەیەك نزمی رێژەی بەشداریکردن دەبێتەهۆی دروستکردنی گومان لەسەر شەرعیەتی هەڵبژاردنەکان، بە پێچەوانەشەوە ئایا بەرزی رێژەی بەشداری کردن شەرعیەت دەدات بەپرۆسەکە؟**

- بەدڵنیاییەوە، دەکرێت نزمی رێژەی بەشداری کردن شەرعیەتی هەڵبژاردنەکە روبەڕوی گومان بکاتەوە. بۆ نموونە لە هەندێ راپرسیدا لە وڵاتانی ئەوروپا، ئەگەر رێژەی بەشداری کردن نەگاتە ئاستێکی دیاری کراو ئەوا ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەڵدەوەشێنرێتەوە. زەحمەتە بتوانین ئەو ئاستە دیاری بکەین، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەگەر رێژەیەکی گەورەی دەنگدەران بەشداری نەکەن، دەبێت سەرکردە سیاسیەکان نیگەران بن و لەوە بکۆڵنەوە بۆچی هاوڵاتیان بایەخ بەبەشداری کردن نادەن. لە لێکۆڵینەوەکانمدا جەختم لەسەر وڵاتانی وەك بەریتانیا و ئەمەریکادا کردووە، بۆ نموونە ئەوەی بە شێوەیەکی راستەخۆ پەیوەستە بەدەنگدەرە گەنجەکانەوە.

*** لە دیموکراسیەتە نوێیەکاندا نزمی ئاستی بەشداریکردن دەبێتەهۆی کردنەوەی دەرگا بۆ دوژمنەکانی دیموکراسی و هێزە دژە دیموکراسیەکان ئیستیغلالی دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت رێژەی بەشداری زیادبکەین، ئەگەر بەڵێ چۆن؟**

- بەدڵنیاییەوە دەکرێت رێژەی بەشداری کردن زیادبکرێت، بەڵام ئەوە دەوەستێتەسەر پاشخانی سیاسی و کولتووری ئەو وڵاتەی مەبەستمانە. بۆ نموونە، من بەچڕی لێکۆڵینەوەم کردووە لەبارەی ئەوەی چۆن دەتوانرێت راگەیاندن بەکاربهێنرێت بۆ بەرزکردنەوەی رێژەی بەشداری کردن لەدیموکراسیدا. بەکارهێنانی ئەو بەرەوپێشچوونە سەرسوڕهێنەرەی ئەنتەرنێت لەدوای هەڵبژاردنەکانی ئێرانەوە بەدیمان کرد بەڵگەی ئەوەن کە چۆن مەوقیعەکانی ئەنتەرنێن وەك «تویتەر» بوونەتەهۆی چالاکردن و گوڕ و تین دان بە بایەخی هاوڵاتیان. دەبێت ئەو وڵاتانەی لە سەرەتای پرۆسەی دیموکراسیدان ئەم مەسەلەیە بە جیددی وەربگرن و هەروەها بایەخ بە زانیاریە ناوخۆییەکانی پەیوەست بە کەلتوری سیاسی بدەن بۆ دارشتنی بەرنامەکان و خولقاندنی پاڵنەرەکانی بەرزکردنەوەی رێژەی بەشداری کردن هاوڵاتیان.

*** ئایا تا چ رادەیەك پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی هۆکارێك دەبێت بۆ زیاتربوونی رێژەی بەشداری خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا؟**

- هۆشیاری مەسەلەیەکی سەرەکیە: ئەگەر کەسێك لە گرنگی دەنگدان تێنەگات، بۆچی دەبێت دەنگ بدات؟ بەڵام دەبێت باشترکردنی هۆشیاری سیاسی ئامانجێکی دورتری هەبێت لە ئامانجی زیادکردنی رێژەی بەشداری کردن: دەبێت ئامانجی هێنانەدی هاوڵاتیەکی هۆشیاربێت کە بایەخ بە لایەنە جیاوازەکان بدات و تێیاندا چالاك بێت، وەك رێکخراوە مەدەنیەکان، پرۆژەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگە و پرس



بەشداریکردن زۆر گرنگە بۆ ئەو وڵاتانەی لە قۆناخی گەشەپێدانی دیموکرسیدان، بەڵام دەبێت لەچوارچێوەی ئەو سیاقە نەتەوەییەدا کە باسی لێوە دەکەین مەسەلەی نزمی ڕێژەی بەشداریکردن لێکبدرێتەوە

و مەسەلە جیهانیەکان.

*** تاچەند ڕاگەیاندن دەتوانێت لەم بوارە گرنگەدا ڕۆڵی خۆی بگێرێت؟**

- ڕاگەیاندن ئامرازێکی زۆر باشە بۆ پەرەپێدانی هۆشیاری گشتی. لەلیکۆڵنەوەکانمدا جەختم لەسەر ڕاگەیاندنی نوێ کردۆتەوە. یەکێك لەو هۆکارانەی بە ستراتیژیەتێکی سەرکەوتووی دەزانم ئەوەیە خەڵك لەبەر هۆکاری دیکە ئەنتەرنێت بەکاردەهێنێت، واتە مەسەلەکە تەنها مەسەلەیەکی سیاسی نییە. بۆ نموونە، مەوقیعی «فەیس بووك» بەکاردەهێنێت بۆ پەیوەندی کردن بە هاوڕێکانیەوە، بەڵام لە ڕێی فەیس بووك و لە ڕێی تۆڕی ئەنتەرنێتەوە ئەوا دەتوان خۆیان ئاشنا بکەن بە پرسە سیاسیەکان و بیروڕای لە بارەوە ئاڵوگۆڕ بکەن. ئەمەش گرنگە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بەکارهێنانی دەزگای نوێی ڕاگەیاندن بۆ ئامانجە سیاسی و مەدەنیەکان.

*** ئایا تاچ ڕادەیەك ئاستی بەشداریکردنی خەڵك دەبێتە نیشانەی گەشەکردنی دیموکراسی لەوڵاتێکدا کە لەسەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندایە؟**

- بەشداریکردن زۆر گرنگە بۆ ئەو وڵاتانەی لە قۆناخی گەشەپێدانی دیموکرسیدان، بەڵام دەبێت لەچوارچێوەی ئەو سیاقە نەتەوەییەدا کە باسی لێوە دەکەین مەسەلەی نزمی ڕێژەی بەشداریکردن لێکبدرێتەوە. ئایا هاوڵاتیان هەست دەکەن پاڵێوراوەکان (یاخود بەلای کەمەوە پاڵێوراوێك) نوێنەرایەتیان دەکات؟ بەڵام ئەوەی لە هەموی گرنگترە، ئەوەیە ئایا باوەڕیان وایە دەنگیان کاریگەری خۆی دەبێت و دەنگدانەکەیان حساب دەکرێت؟ ئایا هەست بە بوونی ئامانجێك و هەست بە گەشبینی دەکەن لە کاتی دەنگداندا.

پرۆفیسـۆر جاسۆن گاینۆس ئوستادی زانستی فەلسـەفەی سیاسەتە لەزانکۆی لویس ڤیلا و پسپۆر وتایبەتمەندە، لەسەر چۆنیەتی دروستبوونی ڕای گشتی و ئاکاری دەنگدەر لەپرۆسەی هەڵبژاردن و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن و سایکۆلۆژیەتی سیاسیی، بۆ قسەکردن لەسەر زەمینەسازکردن بۆ بەشداری فراوانی هاوڵاتیان لەپرۆسەی دەنگداندا، پرۆفیسۆر گاینۆس بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

## پرۆفیسۆر جاسۆن گاینۆس بۆ گوڵان:

# نزمی بەشداری لەدەنگدان هێندەی کاریگەری سلبی لەسەر دیموکراتیە تازەکان هەیە، هێندە کاریگەری لەسەر دیموکراتیە گەشەکردووەکان نییە

**بڕوانە وڵاتی ئێران کە زۆرترین دەنگدەر بەشداری لەهەڵبژاردن کرد، بەڵام نارەزایی و سکاڵا هەیە لەبەرئەوەی زۆرێک لەخەڵکی پێیانوایە ساختەکاری لەهەڵبژاردنەکاندا کراوە، بەڵام لەوڵاتێکی وەک ئوسترالیادا ڕەنگە خەڵکی بەلایەنانەوە ئاسایی بێت کە بەشداری نەکەن و ئەنجامەکانیشی قەبووڵ بکەن**

*** دەنگدان هۆکارێکی گرنگە بۆ سیمای دیموکراتـی لەهەر وڵاتێکدا، ئەمە لەگەڵ ئەوەی دیموکراسـی بەتەنها دەنگدان نییە، ئایـا بۆچی بایەخی بەشـداری دەنگدان هێندە گرنگە؟**

- بەشداری دەنگدەران مەسەلەیەکی سەرەکیە لەهەڵبژاردنەکانـدا، بەڵام ئـەوەی جێی سەرنجە لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا نزمی ڕێژەی بەشداریکردنە، کە هەندێ جار دەگاتە لـە ٥٠٪ و هەندێ جاریش کەمتر لەو ڕێژەیە، ڕەنگـە چەند هۆکارێك هەبن بۆ ئـەم حاڵەتە، یەکێکیـان بریتیە لەوەی لەئەمەریکادا بۆ هەمو شـتێك هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت، ڕەنگـە هۆکارێکی دیکە ئەوەبێت کە خەڵك نائومێدن لە پرۆسـەکە و بەسـەرکەوتویی نازانن، یەکێکی دیکە لەهۆکارەکان ئەوەیە کـە باوەڕیان بەوەنییە هەڵبژاردنـەکان گۆڕانکاریەکـی گەورە بهێننەئاراوە، لەگەڵ ئەوەشدا من بەشداری کردن بەگرنـگ دەزانم، بەتایبەتی ئەگەر چەنـد ئیختیارێك لە بـەردەم دەنگدەراندا هەبێت.

*** خوێندنـەوەی تۆ بۆ ئـەم جیاوازیە یان ئاستی نزمی بەشداری لەدەنگدان چییە؟**

- ڕەنگە مەسەلە سـەرەکیەکە تێڕوانینی خەڵك بێت دەربارەی نەزاهەتی پرۆسـەکە، بۆ نموونە بڕواننە وڵاتی ئێران کە زۆرترین دەنگدەر بەشداری لەهەڵبژاردن کرد، بەڵام نارەزایـی و سـکاڵا هەیـە لەبەرئەوەی زۆرێـك لەخەڵکی پێیانوایە سـاختەکاری لەهەڵبژاردنەکانـدا کراوە، بەڵام لەوڵاتێکی وەك ئوسترالیادا ڕەنگە خەڵکی بەلایەنانەوە ئاسـایی بێـت کـە بەشـداری نەکەن و ئەنجامەکانیشی قەبووڵ بکەن.

*** ئایا بەرزی ڕێژەی بەشداریکردن تاچەند شەرعیەت دەدات بەپرۆسەکە؟**



- لە ڕاسـتیدا ئەوە دەوەستێتەسەر سیاق و هەلومەرجی هەر وڵات و کۆمەڵگەیەك کە هەڵبژاردنەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام من پێموایە مەسەلەی بنەڕەتی لێرەدا بریتیە لەوەی ئایا تێڕوانینی خەڵك چیە لەئاسـت پرۆسەکەدا؟ ئایا ئەنجامەکانی بەشەرعی دەزانـن؟ ئایـا پێیانوایـە هەڵبژاردنێکی عادیلانـە بـووە؟ کـە ڕەنگـە ئەگەر خەڵکی باوەڕیـان وابێت کە هەڵبژاردنەکان عادیلانەبوونـە ئەنجامەکەی قبوڵ بکەن، ئەگەرچی بەشداریشیان نەکردبێت. ئێمەش لە وڵاتـە یەکگرتوەکانـی ئەمەریکا ئەم کێشـەیەمان هەیە، بۆ نموونە لەهەڵبژاردنە سـەرۆکایەتیەکانی سـاڵی ٢٠٠٠دا زۆرێك لەخەڵکـی پێیانوابـوو ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕەوانیە، لەبەرئەوەی دووبارە دەنگەکانی ویلایەتی فلۆریدا فەرزنەکرایەوە، لەبەرئەوەی دادگای باڵا بڕیاری وەسـتاندنی دووبارە حسابکردنەوەی دەنگەکانی دا، ئەگەرچی ئەو خەڵکانـە پەنایان بۆ نانەوەی ئاژاوەش نەبرد.

*** لە دیموکراسـیە لیبراڵەکانی ڕۆژئاوادا نزمی ڕێژەی بەشـداری کردن کاریگەری نابێت لەسەر چالاکی سیستمە سیاسیەکە، بـەڵام لە دیموکراسـیەتە نوێیەکاندا ئەمە دەبێتەهۆی کردنەوەی دەرگا بۆ دوژمنەکانی دیموکراسـی و هێزە دژە دیموکراسـیەکان ئیسـتیغلالی دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەکرێت ڕێژەی بەشداری زیادبکەین، ئەگەر بەڵێ چۆن؟**

- زۆرێك لە لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەو خەڵکانەی ئاستێکی باشی پەروەردە و داراییان هەیە ئەگەری زیاتریان لێدەکرێت بەشـداری بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا هەڵمەتی پاڵێوراوەکان و تێکەڵبونیان لەگەڵ خەڵکدا و دابەزینیان بۆ ناو خەڵك و جەماوەر کاریگەری دەبێت لەسەر جوڵاندن و هاندان و قەناعەت پێهێنانی خەڵکانێکی زیاتر بۆ ئەوەی بەشداری بکەن، بۆ نمونە کەسێکی وەك ئۆباما توانیتی سەرنجێکی ڕێژەیەکی زۆری دەنگـدەران



ڕابکێشـێت و کاریگەری هەبوو لەسەر بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریکردنیان.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی هۆکارێك دەبێت بۆ زیاتربوونی ڕێژەی بەشداری خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا؟**

- بەدڵنیاییەوە، تاوەکو ئاستی هۆشیاری و مەعریفەی خەڵك بەرزتر بێت ئەوا بایەخدانیان بە پرۆسەکە و ئاستی بەشداری کردنیان زیاتر دەبێت، بە تایبەتی لەم ڕووەوە ئەنتەرنێت ئامرازێکی زۆر گرنگ و کاریگەرە کە بوار بە ئاڵ و گۆڕ و گەیاندن و گۆڕینەوەی زانیاری دەدات و ئەمەش کاریگەری لەسەر بەرزکردنەوە و پەرەپێدانی ئاستی هۆشیاری زیاتر دەبێت، بەو پێیە هۆکارێك دەبێت بۆ بەشداری زیاتری خەڵك لە پرۆسەکەدا.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك ڕاگەیاندن دەتوانێت کاریگەربێت لەسەر بەرزکردنەوەی هۆشیاری گشتی بۆ ئەوەی ڕێژەی بەشداری کردن بەرزبێت؟**

- من پێموایە ئەمە زیاتر دەوەستێتەسەر ئەوەی ئێمە باس لە دیموکراسیەتێکی سەقامگیر دەکەین، یاخود لە دیموکراسیەتێکی نوێ، مەبەستم ئەوەیە وڵات و هەل و مەرجەکە مەسەلەکان دەگۆڕن، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکادا ڕاگەیاندن بەو شێوەیە تەغتیەی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکان دەکات وەك ئەوەی ڕوداوێکی وەرزشی بن و پالێوراوەکان خاڵ تۆماربکەن، ئایا ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری کردن، لە ڕاستیدا من نازانم، بەڵام ئەم شێوازە سەرنجێکی زیاتر خەڵك بەلای خۆیدا کێش دەکات و لە ڕاستیدا ڕاگەیاندن لە وڵاتی ئێمەدا بە ئەرکی خۆی نازانێت ڕێژەی بەشداری کردن بەرز بکاتەوە، بەڵکو تەنها زانیاری و ڕاستیەکان دەخاتەڕو، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ڕاگەیاندن جۆرێك لە مەوزوعیەتی تێدابێت لە گواستنەوە و خستنەڕووی زانیاریەکان و تەغتیەکردنەکانیدا.

*** ئایا تاچ ڕادەیەك ئاستی بەشداریکردنی خەڵك دەبێتە نیشانەی گەشەکردنی دیموکراسی لەوڵاتێکدا؟**

- مەسەلەکە تا ڕادەیەك زەحمەتە، لەبەرئەوەی لە ئەمەریکادا دیموکراسیەکی گەشەکردو هەیە، بەڵام ڕێژەی بەشداری کردن نزمە بە بەراورد بە هەندێ وڵاتی ڕۆژئاوا، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر لە وڵاتە تازە گەشەکردووەکاندا ڕێژەی بەشداری کردن جار لە دوای جار زیاتر بێت، ڕەنگە بتوانین بڵێین دیموکراسی لە گەشەکردندایە، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ڕێژەکە بەرەو نزمبونەوە بچێت، ئەوا ڕەنگە نیشانەی پاشەکشەبێت.

*** لەمانگی داهاتوودا لەهەرێمی کوردستاندا هەڵبژاردن ئەنجام دەرێت، ئایا ڕاسپاردەی ئێوەچیە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەبێت ڕۆڵیان چی بێت لەم پرۆسەیەدا؟**

- هەوڵبدەن تا دوا ڕادە مەوزوعی بن و هەموو لایەنەکانی مەسەلەکان بخەنەڕوو بۆئەوەی دەنگدەران خۆیان بڕیاربدەن لەسەر ئەوەی دەنگ بەچ لایەنێك دەدەن.



**تاوەکو ئاستی هۆشیاری و مەعریفەی خەڵك بەرزتر بێت ئەوا بایەخدانیان بە پرۆسەکە و ئاستی بەشداری کردنیان زیاتر دەبێت**